## پێگەکانی بوون بە عێراقێکی دیموکراسی و ئالتەرناتیڤەکان

د. سالار باسیرە لا11

## دیاردەکانی میلیشیا لە ئابوری جیهانیەوە بۆ ئابوری میلشیایی

د. محەمەد گەناوی لا15

## دالای لاما و عەبدوڵڵا ئۆجەلان

ئاوارە حسێن لا38


سالّی یەکەم
ژمارەی پێنجەم
30-4-2016
گوڵان (بانەمەڕ)
٢٧١٦


# ٥ ئازادی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە



# سەعید شەنگالی:

## YBŞ و YJŞ بە شێوەیەکی فەرمی بەشداری شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵیش دەکەن



## خاوەن ئیمتیاز:

محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)

## سەرنووسەر:

گۆران عەلی حەسەن (گۆران پێنجوێنی)

## دەستەی نووسەران:

| | |
|---|---|
| د.سالار باسیرە | سەردار ستار |
| بەیان عەلی | نەجیبە قەرەداخی |
| کامەران گوڵپی | کوردۆ شوانی |

## ڕاوێژکاری یاسایی:

پارێزەر هیلال ئیبراهیم

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)
azadi1@gmail.com
www.facebook.com/Azadi Komelge

تیراژ (١٠٠٠) دانە
نرخ (١٥٠٠) دینارە

# ناوەڕۆک



ئەردۆگان هار بووە !!
کوردۆ شوانی ٤٦


هاوسەرۆکایەتی و رزگاربوون لە دیکتاتوریەت
سەردار ستار ٢٤


کۆنسێپتی نوێ- کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی و خۆسەری دیموکراسی
هالین گونسەر
لەئینگلیزیەوە: نیاز حامید ٥٧


شۆڕشی زاپاتیستەکان، بەرەنگاربوونەوەی لیبرالیزمی نوێ
سەلام عارف ٢٩


عەگید جڤیان:
مۆڵەت لەکەس وەرناگرین،
لەهەر شوێنێکی نیشتیمانەکەماندا مەترسی بەدی بکەین
گەلەکەمان و نیشتیمانەکەمان دەپارێزین.



## له خاوەن ئیمتیازەوە

# روداوەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی عێراق و چاکسازی

لە دوای رووخانی رژێمی سەدام، ئەگەر عێراق لە دەستی دکتاتۆرێکی بێبەزەیی هاتە دەروە، بەڵام نەتواندرا رژێمێکی فیدراڵی سەقامگیر و عادیلانەی دیموکراتیک بونیاد بندرێت.

هۆکار زۆرن بۆ ئەم مەسەلەیە، دیاریترینیان پێکهاتە و عەقڵیەتی ئەو چینە سیاسیەیی هەڵتلۆقیوە سەر دەسەڵاتدارێتی عێراق. دەستتێوەردانی دەرەکی و هەبوونی جەماوەرێکی بارگاوی بە سۆزی سێکتەریزمی مەزهەبی و ململانێی نەتەوایەتی پێکهاتەکان، لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە، لەم هەلە پەرەسندنێکی بێوێنەی بەخۆیەوە بینی. شەڕی مەزهەبی نێوان سونە و شیعە و دژایەتی هەردوو لایەن بۆ مافەکانی گەلی و بەکارهێنانی ئەو ناکۆکیانە لەلایەن سیاسەتمەدارەکانی هەر هەموو پێکهاتەکان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت بووە هۆی دروستبوونی عەقڵیەتێکی ناتەندروستی دەسەڵاتداری، برابەش بین لە دەستکەوتی شەخسی و ململانێ ئاشکراکانیش بۆ گەوجاندنی عەوام. ئەمەش بووە هۆی بڵاوبونەوەی گەندڵیەکی بەربڵاو و نەبوونی لێپێچینەوە. پەرلەمان، بە حوکمی پێکهاتەکەی لە نوێنەرانی ئەو لایەنە سودمەندە سیاسیانەی تێوەگلاو لە گەندەڵی، فەشەلی هێنا لە دەرکردنی یاسای پێویست دژ بە گەندەڵی، هەروها لە چاودێریکردن و لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران. دەرەنجامی فەشەلی ئەو ئەلیتە سیاسیە نوێیەیی عێراق بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری ئاسایش، نەمانی هەمو جۆرە خزمەتگوزاریەکان، بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری، دارمانی سیستەمی تەندروستی و پەروەردە و نەمانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی. وەزارەتەکان لەجیاتی خزمەتکردنی هاوڵاتی و کارکردن بۆ چاککردنی باری ژیانیان، بوونە خەزێنە بۆ ئەو حیزبەی کەسی وەزیر وابەستەیەتی، بێ گوێدانە دەرەنجامە نێگەتیڤیەکانی لەسەر کۆمەڵگە و دوارۆژی وڵات. ئەمانە بوونە هۆکاری زیاتربوونی نارەزایەکانی جەماوەر و پەرەسەندنی، تا گەیشتە ئەوەی لە مانگی تەموزی ساڵی رابردوو بە بەردەوامی خۆپیشاندان لە بەغدا و چەندین پارێزگای تری عێراق بووە دیاردەیەکی بەردەوام.

ئەوەی خەڵک داوای دەکات؛ نان، ژیان، ئاسایش و هاوڵاتی بوونی یەکسانە. بێگومان ئەو داواکاریانە بەبێ گۆڕینی شێوازی حوکمی محاسەسەی حیزبی ئێستا و چەسپاندنی سیستەمێکی دامەزراوەیی ئیداری هاوچەرخ و پڕ بەرپرسیارەتی و لێپێچینەوە بەدی نایەن. وەزیر و بەرپرسی گەندەڵ، وابەستەی حیزب، بە هیچ جۆرێک بەرەورووی لێپرسینەوە لە کارە خراپکاریەکانیان نابنەوە، بەهۆی داکۆکی حیزبەکانیان لێیان. حیزبە رکابەرەکان، هەماهەنگن لە داپۆشینی گەندەڵی بۆ یەکتر، ئەگەر دژی ئەکتریش بن. هەر هەموویان لەم بارەوە کۆک و یەکگرتوون. بۆیە بڕینی پەیوەندی لە نێوان پۆستە تەنفیزیەکان و حیزبەکان یەکەم پێویستیە بۆ ئەنجامدانی هەر چاکسازیێک، تا کاسێک خۆی بە پشت ئەستور نەزانێت و پەیوەندیەکانی حیزبی بەکار بهێنێت بۆ رزگاربوون لە سزای موستەحەقی.

گۆڕینی محاسەسەی حیزبی، بە محاسەسەی پێکهاتە، عەدالەتی تێدایە. بۆ عێراق و هەم بۆ پێکهاتەکان و هەم بۆ کەسانی شیاوی پێکهاتەکان تا جێگای شیاوی خۆیان بگرن لە دەسەڵاتدا، بێ ئەوەی جیاوازی و ئینتیمای حیزبی بەربەست بێت، لەرێگای بەدەستهێنانی پۆست و پلە بە شایستەیی و پسپۆڕی خۆیان. گەل سودمەند دەبێ لە لێزانی و شارەزای ئەم کەسانە و گەشەسەندنی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی بە دوای خۆی دا دێنێ.

داخوازیەکانی جەماوەر رۆژێک نەبووە خەمی پەرلەمان و کوتلە سیاسیەکان لە پەرلەمان. ئەوەی داکۆکیان لێدەکرد مانەوەی ئەو چەقبەستویەیە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی عێراقدا هەیە، وەک خۆی و دابینکردنی پشکی حیزب و کوتلەکان لە جوگمەکانی دامەزراوەکانی دەسەڵات، لە دژ بە خواست و بەرژەوەندی زۆرینەی گەل. تاکە لایەنێکی کاریگەر کە خۆی کردە قارەمانی داواکاریەکانی جەماوەر جەماعەتی موقتەدا سەدر بوون، سەدر خۆشی هاتە مەیدان. دەبێ ئەوە بڵێین ئەگەرێکی زۆر هەیە سەدر سواری شەپۆلی نارەزای و داواکاریەکانی جەماوەر بووە، بۆ مەرامی سیاسی تایبەتی خۆی. بەڵام ئەمە نە لە رەوایەتی نارەزایی و داواکاریەکانی جەماوەر کەم دەکاتەوە و نە دەکرێت لۆمەی سەدر بکەرێت، بۆ وا دەکات. گۆڕەپان والابوو دەبوایە هەر لایەنک خەمخۆری جەماوەر و چاکسازی بوایە، هەمان کاری سەدر بکات.

فراکسیۆنە کوردیەکان، بەپێی ئارەزومەندی بەرژەوەندی خوازی کەس و لایەنەکان، لە پەرلەمان یەکریزبوون بۆ داکۆکی کردن لەو هەلومەرجە چەقبەستوە گەندەڵەی عیراق و دژ بە داواکاری چاکسازی و گۆڕانکاری. بۆ ئەم مەرامانەش لەگەڵ یار و نەیاری کورد هاوڕا و هاوکار بوون. راستی، دابەشبوونی ناو پەرلەمانی عێراق مەشهەدێکی سەرشێوێنەر و تێکەڵاوی دوور لە ریزبوونی مەزهەبی، چینایەتی و نەتەوەیی بوو. زۆربەی ئەم پشێویە لە داکۆکی کردن لە پشکی حیزب و ململانێی کەسایەتیە دەسترۆیشتوەکانی حیزبەکان سەرچاوەی گرتووە.

دەرئەنجام هەموو تەڵەکە بۆ ئەوە بوو جەماوەر بگەوجێنن و حووتە گەورەکان براوە بمێننەوە. هەر بۆ ئەوەش بوو پەرلەمان دانیشتنەکانی خۆی بۆ ماوەی دە رۆژ دوا خست. سەدر بە یاریەکەی زانی و ئەمری بە جەماوەردا بچنە ناو پەرلەمان. هەمووومان دەبێ هاوسۆز بین لەگەڵ ئەو ئەندام پەرلەمانانەی توشی ناخۆشی و بێڕێزی بوون لەم پرۆسەیەدا.

دەبێ بزاندرێ پیرۆزی پەرلەمان لە پیرۆزی گەلەوە دێت. پەرلەمان کە لە ئاستی داواکاری گەل نەبێت و گوێ بۆ داواکاریەکانیان نەگرێت، پشتوپەنای وەزیرو بەرپرسە گەندەڵکارەکان بێت، هەر ئەو گەلەش هەقیەتی نارەزایەکانی بباتە ناو پەرلەمان و تورەیی خۆی لە دەرچوونی پەرلەمانتاران لە ئەرکەکانیان دەرببرێت. بەم جۆرە، بەهۆی داپۆشینی ئەو تالانیەیی لە دەوڵەتی عێراق دەکرێت دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی بێ پەنا و بێ چارە، بەهۆی تێوەگلانی هەندێکیان لە گەندەڵی، پەرلەمانتاران بوونەتە قۆچی قوربانی حکومەتە گەندەڵەکانی یەک لەدوای یەک. دەبێ ئەو دیاردە دیموکراسیە بەرز بنرخێندرێ کە خوێنی کەسی تێدا نەرژا.

هەر لە سەرەتای دورستکردنەوەی عێراقی پاش سەدام، ئەگەر فراکسیۆنە کوردیەکان بەشێک نەبان لە گەندەڵی و نمونەی دەستپاکی و کارامەیی و چالاک بان لە حکومەتی ناوەند، تا ئێستا زۆربەی پرسەکانی نێوان هەرێم و ناوەند چارەسەر دەبوون!

نێشانەکان وا پێدەچێ، لە ئێستادا، ماوەی چاکسازی لە عێراق دا نییە و ئەم گێمەش جەماوەر دۆڕاو دەبێت، بەڵام سەبر و قەراری جەماوەر تا کەی بڕ دەکات؟

# عەگید جڤیان؛ دوای ئازادکردنی موسڵ مەترسی گەورە لە ئارادایە



عەگید جڤیان فەرمانداری هەپەگە لە شەنگال

ئا/مەهدی دۆغان- شەنگال

هەڵمەتەکەی داعش ئەمجارە گەیشتە سەر ئێزدییەکان، ئەمەش درێژکراوەی ئەو زنجیرە پەلامارەیە کە سەرەتا شیعەو مەسیحیو سوننەکانی گرتەوەو ئێستاش بەربووەتە گیانی پێکهاتەکانی تریش، بەڵام پێدەچێت کارەساتی ئەمجارەی ئێزدییەکان زۆر گەورەتربێت، چونکە یان دەبێت ببنە موسوڵمان یان دەبێت بکوژرێن، ئەوەش لەیاد نەکرێت کە ژمارەیان زۆر زۆرە.

هەر ئەوەندەی زانرا شەنگال کەوتووەتە دەست داعشو پێشمەرگە پاشەکشەی کردووە، ترسو دڵەراوکێیەکی زۆر لەناو دانیشتوانی کۆمەڵگەی خانسور بڵاوبووەوە، دوابەدوای ئەمەش ئەوەندەی نەخایاند و دوای ئەوەی ڕێڕەوێک لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە وە کرایەوە پاشان هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە گەیشتنە چیای شەنگال و توانیان شەنگال بپارێزن، وەک ئێزدییەکان دەڵێن « دەبێت ئەمساڵ ببێت بە ساڵی وەڵامدانەوەی فەرمانی ٧٣مین».

**عەگید جڤیان فەرمانداری هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە لە شەنگال کەوەک فەرماندارێک لەبەرخودان و ئازادکردنی شەنگال بەبەردەوامی لە سەنگەرەکانی پێشەوە بووە. لە دیمانەیەکی تایبەت بە گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگە وەڵامی چەندین پرسی گرنگو تایبەتی داوەتەوە.**

**ئازادی کۆمەڵگە: ئێوە هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) لەبارەی پاراستن و ئازادکردنی شەنگالەوە چی دەڵێن؟**

**عەگید جڤیان:** ئەو خەباتەی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە لە شەنگال دەستیان پێکردووە ٢١ مانگی تێپەڕاند، دوای ئەوەی ڕێڕەوێک لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە وە کرایەوە پاشان هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە گەیشتنە چیای شەنگال، لەوڕۆژەوە تاکو ئێستا هێزەکانمان پێشەنگایەتی تێکۆشانی شەنگالی کردووە، لەئێستاشدا بەهەمان شێوە هێزەکانمان درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات، لەکاتی ئازادکردنی شەنگالدا هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە پێشەوایەتی کردووە، بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان_عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چەند گرووپێکی ئێزیدیش هەندێک هەوڵیان هەبووە، بەڵام لەبارەی بەرگریکردن و ئازادکردنی شەنگالدا هێزەکانی گەریلامان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا، هەروەها هەموو گەلی ئێزیدی دانبەم ڕاستییەدادەنێن. هەتا مەترسی داعش هەبێت لە شەنگال و باشووری کوردستاندا هێزەکانمان دەیانەوێت هەمان ڕۆڵ ببینن.

**ئازادی کۆمەڵگە: هەماهەنگی نێوان هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە و یەژا ستار و یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە چییە؟**

**عەگید جڤیان:** یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە، ئەو هێزەیە کە بۆ ڕۆژئاوا و سووریایەکی دیموکرات تێدەکۆشێت، بەتایبەتی لە خەباتی دژ بە داعش یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست خستووە و ئەمەش بە هەموو دونیای داوە بە قبوڵکردن، ئێمە چەند هاوبەشییەکمان هەیە لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی

گەل یەپەگە دا بێگومان نائوانین نکۆڵی لەمە بکەین، لەپێش هەموو شتێکەوە یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە ئەو هێزەیە کە لەبەر ئیشکی فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆ وە درێژە بە کار و خەباتەکانی خۆی دەداث، ئەمەیە خاڵی هاوبەشی ئێمە، جگەلەمەش ڕێکخراوێکی کوردستانییە و لەپارچەیەکی نیشتیمانەکەماندا خەباث دەکاث، بەرگری لەگەلەکەمان دەکاث، لەلایەکی ئریشەوە دژی داعش ئێدەکۆشێث، کاتێک شەنگال کەوتە دەستی داعش ئەوەی کە یەکەمین موداخەلەی کرد لەوێ یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە بوو، ئەو هەموو هۆکارانە زەمینەیەکی هاوبەشی نێوان هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە ی ڕەخساندووە و دەیڕەخسێنێ، ئەم ڕەوشە بابەتیانە(ئۆبژەکنیف) تاکو ئێستاش بەردەوامە، جگە لەمانە ئێمە لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە دا پەیوەندییەکی فەرمیمان نییە، لەسەرەتادا ڕێڕەوی نێوان ڕۆژئاوا و شەنگالیان دەپاراست، کاتێک ئەم ئەرکەیان خستە سەرشانی خۆیان شەهیدێکی زۆریانداو ژمارەیەکی زۆریش بریندار یان هەبوو، ڕەنجێکی زۆریان داوە، ئەو گرێدراوییەی هەمانە لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە دا ئەوەشمان هێناوەتە زمان کە ئامادەیی ئەوەشمان هەیە کە ئەم پەیوەندییە و گرێدراوییە لەگەڵ پارتە کوردیێکانی تردا پێکبهێنین و زۆرجار ئەمەشمان ڕاگەیاندووە.

**ئازادی کۆمەڵگە: هەتا ئێستا لە شەنگالدا چەند شەهیدتان داوە؟**

**عەگید جڤیان:** تەنها هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە و یژاستار نزیکەی ٩٠ شەهیدیداوە، بەڵام لەو هەرێمەدا خەباتی هاوبەشی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەپەژە و یەبەشەش لەئارادایە، ئەگەر شەهیدانی ئەوانیش بژمێردرێث نزیکەی ٢١٠ شەهیدمان هەیە.

**ئازادی کۆمەڵگە: پەیوەندی نێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و یەبەشە چۆنە؟**

**عەگید جڤیان:** پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ یەبەشە دا، یەبەشە ئەو ڕێکخراوەیە کە لەپێناو ئێزیدێکاندا ئێدەکۆشێث لەو چوارچێوەیەدا شکڵی گرتووە، ڕابوردویەکی زۆری ئێکۆشانی نییە.


عەگید جڤیان ئامادەکاری بۆ ئۆپراسیۆنی شەنگال

ڕێکخراوێکە کە دوای ٧٣ یەمین فەرمان خۆی بە ڕێکخستن کردووە و لەناو ئێکۆشاندا خۆیان بە ڕێکخراو کرد، لەپێناو بە ڕێکخستن بونیان و پەروەردەیان و بۆ ئەزمونی شەڕ هاوکاریمان کردوون و لەمەودواش بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنیان، لەهەمانکاتدا ئەوانیش خۆیان کرد بە خاوەن ئەزموون، لە شەنگال دژ بە داعش بانگەوازیمان بۆ هەموو لایەک کرد کە زەمینەیەکی هاوبەش بڕەخسێنین، بەڵام مەخابن جگە لە یەبەشە کەس بەدەنگی ئەم بانگەوازییەمانەوە نەهات، هاوبەشییەکی مەیدانیمان هەبوو بەڵام نەکرا بە فەرمی، ئێمە هەتا وەک هێزەکانی پاراستنی گەل ناسراو بە هەپەگە لە شەنگال مێنینەوە هاوکاری یەبەشە دەکەین و بەردەوامی دەدەین بە خەباتی هاوبەش.

**ئازادی کۆمەڵگە: ئێوە راتانگەیاند کە کەمێک لە هێزەکانتان بۆ چیا پاشەکشە پێدەکەن هۆکارەکەی چی بوو؟**

**عەگید جڤیان:** بەڵێ ڕاستە ماوەیەک لەمەوبەر ژمارەی هێزەکانمان لە شەنگال کەمکردەوە و ڕەوانەی هەرێمی پاراستنی میدیامان کردن پاشانیش گرووپێکی تری گەورەمان ڕەوانەکرد، چەند هۆکارێک هەن بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هێزەکانمان لەوێ، سەرەتا ڕاستییەک هەیە کە دەبێث گەلەکەمان بیزانێث ئێمە ئەو هێزەین کە بەرگری لە گەلانی کوردستان دەکەین، لەکوێ پێداویستی هەبێث لەوێ بەرگری لەگەلەکەمان دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش مۆڵەث لەکەس وەرناگرین، لەهەر شوێنێکی نیشتیمانەکەماندا مەترسی بەدی بکەین گەلەکەمان و نیشتیمانەکەمان دەپارێزین، چوونمان

بۆ شەنگال لە ساڵی ٢٠١٤ هەر بۆ ئەو ئامانجە بوو، داگیرکاری داعش بەسەر گەل و باشووری کوردستانەوە دەستی پێکرد، شەنگال بێ بەرگری مایەوە، بەهەزارەها کەس ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بویەوە، هەموولایەک ببوو بە ئۆپێکی ئاگر، ناوچە پیرۆزەکەی ئێزیدێکان داگیر کرا، کولتور و باوەڕییەک ڕووبەڕووی نەمان ببوەوە، ئێمە خۆمان خستە ناو ئەو ئاگرەی کە خەڵکی لێی هەڵدەهات، ئێمە بەبێ ئەوەی چاو لە هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسی بکەین ئەم کارەمان کرد، دوای ئەو ئێکۆشانە گەورە و گیان لەدەستدانانە شەنگال ئازاد کرا، لەیەکەم ڕۆژدا کە هاتینە شەنگال سەرکردایەتیمان رایانگەیاند کە چوونمان بۆ لە شەنگال ئەرکێکی وەڵاتپارێزیمانە و ئەمەش هۆکاری ئەخلاقی و ویژدانی خۆی هەیە.

## دەمانەوێت بەشێوەیەکی چالاکانە لە ئازادکردنی موسڵدا ڕۆڵ بگێڕین

بەڵێ ئێستا لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری شەنگال ئازاد بووە ئێمەش پاشەکشێمان بە بەشێکی هێزەکانمان کردووە، ئەوە هۆکارە سەرەکییەکە بووە، لەهەمانکاتدا هێشتا چەندین گوندی ئێزیدییەکان لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ماون و دیلێکی زۆریشیان لەبەردەستدایە، هەتا ئەو شوێنانە و ئەو مرۆڤانەمان ئازاد دەکرێن ئێکۆشانی ئێمە بەردەوام دەبێت، ئێمە وەک هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە کە هاتوین بۆ شەنگال لەپێناو نەهێشتنی داگیرکارییە و ڕێگرتنە لە هاتنە ئاراوەی کۆمەڵکوژی و بەرگریکردن لە گەلە، لەمەشدا سەرکەوتنمان بەدەست خستووە، بێگومان لەهەمانکاتدا مقۆمقۆیەکی ناشیاوی زۆریش ڕوویاندا دەیانووت گوایە ئێمە دەمانەوێت شەنگال لە باشووری کوردستان دابڕێنین یاخود پێیان وابوو کە ئێمە بە ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی هاتووین بەو شێوەیە ئێمەیان ئۆمەتبار دەکرد، ئەوانەی کە پێویست بوو لەهەمبەر گەل حیساب بدەن کەچی نکۆڵیان لەو فیداکاریانەی ئێمە دەکرد و بەزانینەوە ئەو مەسەلەیان دەوروژاند، دەیانویست بەم جۆرە بابەتانە ڕەفتارەکانی خۆیان پەردەپۆش بکەن، بێگومان پەردە لەسەر هەموو ئەو مەسەلانە هەڵدەماڵین.

**ئازادی کۆمەڵگە: دوای ئازادکردنی شەنگال هەندێک هێز وایان نیشان ئەدا کە هێزی ئێوە بەشداری لە ئازادکردنی شەنگال نەکردووە و ئێستاش داواتان لێدەکەن کە شەنگال چۆڵ بکەن هۆکاری ئەمانە چین؟**

**عەگید جیان:** ئەوان ئەنها ناڵێن بەشداری ئۆپەراسیۆنی شەنگال مەکەن و یاخود لێرە دەرچن، نکۆڵی دەکەن، ئەوان نکۆڵی لەو هەموو فیداکاریانەمان دەکەن و ئەنانەت نکۆڵی لەو فیداکاریانەشمان دەکەن کە بۆ گەلی باشوور و شەنگال کردومانە، نکۆڵی کردن بەردەوامی سیاسەتی ئاکاپە و دەوڵەتی ئورکە کە کۆمەڵکوژی بەسەر گەلەکەماندا بەڕەوا دەبینن، پێویستە هەموو کەسێک ئەمە بزانێت، وەک خۆر ڕوون و ئاشکرایە کە کێ شەنگالی ئازاد کرد، ئێمە بە هێزێکی ٢٥٠٠ کەسییەوە بەشداریمان لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ڕۆژئاوای شەنگال و ناوەندی شەنگال کرد، ئۆپەراسیۆنەکەی ڕۆژئاوای شەنگال ئەنها هێزی ئێمە ئەنجامیدا، بەڵام لە ئۆپەراسیۆنی ناوەندی شەنگال پێشمەرگەش بەشدار بوو، هەموو کەس دەزانێت کە هێزی ئێمە خاوەنی ئەزموونێکی باشی شەڕە، بێگومان ئێمە هەموو شتێک بەسەرکەوتنی خۆمانەوە گرێنادەین، چونکە لە شەنگال پێشمەرگەش شەهید بووە، هەروەها شەرڤانی ئێزیدیش لە شەڕەکاندا شەهید بوونەو ئێمە نکۆڵی لەمە ناکەین، ئێمە بە مۆڵەتی کەس نەهاتووین بۆ شەنگال و بە زۆرەملێی کەسیش شەنگال چۆڵناکەین، لەو شوێنەی کە هەموو کەس لێی هەڵدەهات ئێمە بە ڕۆحێکی فیداییانەوە ڕوومان تێدەکرد، ساڵی ٢٠١٤ کە هاتینە ئێرە هۆکار و ئەرکمان هەبووە، دەتوانم بڵێم کە بەشێکی زۆری ئەرکەکانمان بەجێگەیاندووە.

**ئازادی کۆمەڵگە: ئایا ئەو ڕۆڵەی لە ئازادکردنی شەنگال بینیتان لە موسڵیش دەیگێڕن؟**

**عەگید جیان:** بێگومان دەمانەوێت بەشێوەیەکی چالاکانە لە ئازادکردنی موسڵدا ڕۆڵ ببینین، لەبەرئەوەی شوێنێکی گرنگە، سەرکردایەتیمان لەبارەی موسڵەوە دەڵێن؛ موسڵ پایتەختی کوردان و گەلانە، بەڕاستی پارتەکەمان ئەو پارتەیە کە نوێنەرایەتی گەلان و بیروباوەڕەکان دەکات، جگە لەمەش هۆکاری ئریشمان هەیە بێگومان، لەهەمبەر داعشدا ئەزموونێکی سەرکەوتوی شەڕمان هەیە، هەربۆیە دەتوانین لە ئۆپەراسیۆنی موسڵدا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵی خۆمان بگێڕین، بەڵام لە ئێستادا سەبارەت بەسەر موسڵەوە چەند حیسابوو چەند پیلانی جیاواز لەئارادایە، ئەم حیساب و پیلانانە بەدەر لە ئازادکردنی موسڵ پەیوەندە بەوەوە کە دوای ئازادکردنی موسڵ چۆن و لەلایەن کێوە بەڕێوەبرێت، بەتایبەت هەندێک هێز دەیانەوێت ئەمە بۆخۆیان بەکاربهێنن، بەڵێ مەترسییەکی وا لەئارادایە.

## سەعید شەنگالی:
# یەبەشە و یەژەشە بە شێوەیەکی فەرمی بەشداری شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵیش دەکەن

چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعید شەنگالی،
بەرپرسی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال

ئامادەکردن/ شەڕڤان مەندەلی

**ئازادی کۆمەڵگە: بیرۆکەی دامەزراندنی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال یەبەشە چۆن بوو؟**

**سەعید شەنگالی:** پێش فەرمانی شەنگال لە ٣ی ئاب هێزێکی سەربازیمان دروست کرد، واتە پاش ١٠ی ٦ی ٢٠١٤ کاتێ کە مووسڵ داگیرکرا لەلایەن داعشەوە و دواتر تەلەعفەر و بەعاج کە نزیکی ئێمە بوو، ئێمە لە تەڤگەری دیموکرات و ئازادیی ئێزیدی (TEVDA) ئەو مەترسییەمان بینی لەسەر کۆمەڵگەی ئێزیدی، بەتایبەت کە داعش دەوروبەری ئێمەی داگیر کرد، تەنانەت هەندێ جار دەچووینە سەر ساتری گیرزەلی کە نزیکەی ٣٠٠ - ٤٠٠ مەتر لەو گوندانەی کە داعش ی لێ بوو.

لەو کاتەدا هەستمان کرد بەو مەترسیە گەورەیەی کە هەڕەشە لە شەنگال بە گشتی و کۆمەڵگەی ئێزیدیش بەتایبەتی، لەو کاتە وەک (TEVDA) هەوڵمان داوە هێزێکی سەربازی دروست بکەین، لە کوران و کچانی ئێزیدی، بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندیمان بە حکومەتی کانتۆنی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) کرد، ئەوانیش ئەو هەلەیان دا بە ئێمە بۆ پەروەردەکردنی و مەشقپێکردنی سەربازی بۆ گەنجانی ئێزیدی بۆ ماوەی بیست ڕۆژ، دوای پەروەردەی سەربازی دەگەڕانەوە بۆ شەنگال لە باشووری کوردستان، تەنانەت یەپەگە چەک و تەقەمەنیشیان وەکو هاوکاری پێشکەش بە ئێمە کردووە.

ئێمەش ئەم هەنگاوە سەربازییەمان پێش ٣ی ٨ی ٢٠١٤ دەستمان پێکردووە، گرووپێکی (٢٥) شەرڤانمان نارده ڕۆژئاوا، بەڵام بەداخەوە لەلایەن دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK) ئاستەنگی بۆ ئەو خانەوادانە کرا کە ڕۆڵەکانیان بەشداریی لەو پەروەردەیە کردبوو، خەڵکیش زۆر دەترسان لەو هەڕەشانەی دەسەڵاتی (PDK). وێڕای ئەو دژایەتییە و ئەو ئاستەنگیانەش توانیمان سێ گرووپ بنێرین بۆپەروەردە، تەنانەت سێیەم گرووپ لە ڕۆژئاوا بوو لەو کاتەی کە داعش شەنگالی داگیر کرد و لەگەڵ کردنەوەی ڕێڕەوێەمنی (YPG) گەڕانەوە و هەندێکیشیان شەهید بوون. ئەو دژایەتی و ئاستەنگیانەی دەسەڵاتی (PDK)، کاریگەری زۆر نەرێنیی



سەعید حەسەن سەعید

ساڵی (٢٠٠٦-٢٠١٤) سەرۆکی (تەڤگەری دیموکرات و ئازادیی ئێزیدی) تەڤدا بوو، ڕێکخەری یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال (YBŞ)یە.

شەش لە ڕۆڵەکانی لەناو یەبەشە و یەژەشە دان و کچێکیشی شەهیدە.

## یەکینەکانی ژنانی شەنگال (YJŞ) وەکو هێزێک بۆ پاراستنی شەنگال و ئێزیدخانە



**لەلایەن جڤاتی ئێزیدی بە پێویستی زانی ئەو گەنجانەی کە لە شەڕدان، لەناو ڕێکخراوێکی سەربازی ڕێک بخرێن، بۆیە لە ١٦ و١٧ و١٨ی مانگی ئاداری ٢٠١٥ کۆنفرانسێک بەسترا لەو کۆنفرانسەدا یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال (YBŞ) و یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شەنگال (YPJŞ) ڕاگەیەنران. کاتێ کە (YBŞ) و ئەنجومەنی ئێزیدی دروست بووە و ئێزیدییەکان توانییان خۆیان بەڕێوە ببەن و ببن بە خاوەن بڕیار و لە ئاستی نێونەتەوەیی توانییان دەنگی خۆیان بگەیەننە جیهان**

هەبوو، ئەگەر بیان هێشتایە گەنجی ئێزیدی پەروەردە بکەین، دەمان توانی ئەدبیری زیاتر وەر بگرین، بەڵام (PDK) خەڵکیشی دەترساند، ڕێگەی پێ نەدەداین، دەی وت لێرە هێزێکی سەربازیمان هەیە و پێویست ناکات بچنە ڕۆژئاوا. لەبەرامبەر ئەوەشدا ئێمەش هەوڵمان داوە گەنجەکانمان لە شەنگال پەروەردە بکەین، زۆر گەنجیش دەیان وت ئەگەر لە شەنگال پەروەردەمان بکەن ئەوا ئاسانترە ودەتوانین بە گرووپێکی گەورە بێین و ئامادەیی خۆیان نیشان دا. بۆ ئەوەش جێگایەکمان دروست کرد لە چیای شەنگال، ئامادەکاریمان هەبوو بۆ ڕاگەیاندنی هێزێکی سەربازی، بەڵام پێش ئەو ڕاگەیاندنە کارەساتی ٣ی ئاب ڕووی دا. ڕەنگە داعشیش ئاگای لەوە هەبووبێت کە ڕێکخستنێکی سەربازی ئێزیدی بەڕێوەیە بۆ ڕاگەیاندنی خۆی.

پاش هێرشکردنی داعش و کشانەوەی پێشمەرگەی (PDK) کە ژمارەیان بە کادیران و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی حیزبی دەگەیشتە دە هەزار کەس. ئەو کشانەوەیە لەبەر چاوی خەڵک بەو هەموو چەک و جبەخانە و کەرستەی سەربازی کە هەیبوو، خەڵکی لەبەردەم ترس و تۆقینێکی گەورەی هێشتەوە. دەروونی خەڵکی ئاسایی شکاندو نەیهێشتو بەرخۆدان و بەرگری بکات. دەشیان وت؛ ئەگەر ئەم هەموو هێزە ڕێکخراوە نەیان توانی شەڕ بکەن، ئەی ئێمە چۆن شەڕ بکەین. کە بووە هۆی ڕووخانی ورەی جڤاکی ئێزیدی لە شەنگال.

لە کۆمەڵگەی گیرزەلک کە دەکەوێتە دووری ٢٥ کیلۆمەتر لە چیاوە، نزیکی سنووری بەعاجە، لە کاتژمێر ٢:٣٠ بەیانی شەڕ دەستی پێ کرد، تا کاتژمێر ٦:٣٠ی بەیانی بەردەوام بوو، سەرەڕای کشانەوەی پێشمەرگەی (PDK) هەندێ لە خەڵک شەڕو بەرگریان بە قارەمانی و مێرخاسی دەکرد، بە چەکی خۆیان، شەڕەکە زۆر گەورە بیوو، شەهیدیان دابوو، هەندێ لەوانەش دەناسم تەنانەت هەندێکیان تا ئەو کاتەی کە زرێپۆش بەسەر جەستەکانیان چووە بەردەوامبوون لە بەرگریکردن و بەرخۆدان، ئەم شەڕ و بەرخۆدانە وای کرد کە منداڵ و کچ و ژن و پیر نەکەونە دەستی داعش، گیرزەلک یەکەم شوێن بوو کە هێرش دەکرێتە سەری لەلایەن داعش، بەڵام بەهۆی ئەو بەرخودان و بەرگرییەی کە ڕووی داوە کەمترین زەرەر و زیانی داوە.

**ئازادی کۆمەڵگە: کێ بەرپرسیاربوو لە داگیرکردنی شەنگال لەلایەن چەتەکانی داعش؟**

**سەعید شەنگالی:** پێش کۆمەڵکوژی_ فەرمان_ داعش ئەو هێزەی کە لە شەنگال حاکم بوو، لە ڕووی سەربازی و ئیداری تەنیا هێزی (PDK)یە، هیچ هێز و دەسەڵاتێکی حکومەتی ناوەندیی و فیدراڵی عێراق یان سوپای عێراقی نەبوو. بۆ نموونەش پێش ئەو فەرمانە بە ساڵێک فەرماندراری (هێزی جەزیرە و بادیە) کە سەر بە سوپای عێراقە هات بۆ شەنگال و دەی ویست سەربازگەیەک لە شەنگال بکاتەوە، بەڵام (PDK) ڕێگەی پێ نەدا، تەنانەت خەڵکی ئێزیدی و ئێمەش لەنێوانیاندا بە پێوستمان نەزانی، لەبەر ئەوەی(پێشمەرگە خەڵکیان دەپاراست)و پێویست ناکات هێزێکی تر بێنە ناو شەنگال و قبووڵیشمان نەکرد.

پاش کشانەوەی هێزی (PDK) لە ٣ی ئاب و هەڵاتنی خەڵک و کردنەوەی ڕێڕەو، گەریلاکانی (HPG) هاتن و دەورو بەری چیای شەنگالیان گرت،

بۆ پاراستنی ئەو خەڵکە سڤیلەی کەلە چیادا گیرسابونەوە، سێ گرووپی گەنجی ئێزیدی کە پێشتر پەروەردەی سەربازیان دیتبوو، لەگەڵ گەریلا و گەنجانی تری ئێزیدی (کچ و کوڕ) سەنگەرەکانی شەڕیان گرت، پاش ئەوە لەلایەن جڤاتی ئێزیدی بە پێویستی زانی ئەو گەنجانەی کە لە شەڕدان، لەناو ڕێکخراوێکی سەربازی ڕێک بخرێن، بۆیە لە ١٦ و١٧ و١٨ی مانگی ئاداری ٢٠١٥ کۆنفرانسێک بەسترا لەو کۆنفرانسەدا یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال (YBŞ) و یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شەنگال (YPJŞ) ڕاگەیەنران، دواتر ناوی (YPJŞ) گۆڕرا بۆ یەکینەکانی ژنانی شەنگال (YJŞ) وەکو هێزێک بۆ پاراستنی شەنگال و ئێزیدخان (ناوچە ئێزیدییەکان).

## ئازادی کۆمەڵگە: هێزی یەبەشە لەروی فەرمیتەوە پەیوەندییەکانی چۆنە؟

**سەعید شەنگالی:** سەرەتا ڕەوایەتی هێزی یەبەشە لە گەلی ئێزیدی و خوێنی شەهیدانی ئێزیدخانەوە دێت، لەو کوڕ و کچە گەنجانەی کە دێن و بەژداری ریزەکانی دەبن بۆ پاراستنی گەلی خۆیان. بەداخەوەی دەسەڵات و ئاسایشی (PDK) ئاستەنگی و نەگەرە دەخەنە پێش شەڕڤانان و خێزانەکانیان کێشەیان بۆ دروست دەکەن، ئەنانەت ئانێسناش دان بەو هێزەدا نانێت. بە داخەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە فەرمی نییە، بەڵام لەلایەن حکومەتی فیدراڵ لە بەغداد (YBŞ) بە هێزێکی فەرمی دادەنرێت. (YBŞ) بە شێوەیەکی فەرمی بەشداری لە شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵیش دەکات.

## ئازادی کۆمەڵگە: هۆکاری ناکۆکبوونی (PDK) لە (YBŞ)ە چییە؟

**سەعید شەنگالی:** (PDK) ڕێکخستنێکی عەشایری بنەماڵەییە و دەیەوێ بەشێوەیەکی بنەماڵەیی نەحەکوم بە هەموو شتێکی باشووری کوردستان بکات، دەیەوێ هەژموونی خۆی بەسەر هەموو شتێک بسەپێنێ، هەرچەندە زۆر عەشیرەتی تر لە بارزانییەکان گەورەتر و قوربانی و شەهیدی زیاتریان داوە لەپێناو کورد و کوردستان. لە ٢٠٠٣ەوە پێشمەرگەی (PDK) هاتنە شەنگال و کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردووە، دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئیداری بەدەستیان بووە. بۆیە جڤاکی ئێزیدی بۆ خۆی وەک کۆیلە و بەندە و غوڵامی خۆی دەبینی، ئێستا ئەم ئێزیدیانە لەژێر کاریگەری و لەژێر دەستی بارزانی و (PDK) دەردەچێت و ئەزموونی خۆیان دروست دەبێت، خۆیان دەناسن و لە ڕووی فیکری هوشیارتر دەبن و پێش دەکەون، ئەمەش لە بەرژەوەندی (PDK)دا نییە.

بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی عێراقدا زیاتر لە ٩٠٪ دەنگی ئێزیدییەکان بۆ (PDK) چووە، بە دەنگی ئێزیدییەکان ئەندامی خۆیی نائێزیدیی دەگەیاندە پەرلەمانی عێراق، لە شەنگالیش هەموو پۆست و پلە باڵاکان بۆ کەسانی نائێزیدی بوو. بۆ نموونە بەرپرسی ئاسایش، بەرپرسی لق و فەرمانگەکان لە دهۆک و زاخۆوە دەی هێنا، ئەنانەت باوەڕیشی بە ئێزیدی نییە و گرنگی و بایەخی بە خەڵکی ئێزیدی نەدەدا، نایەوێ خەڵکی ئێزیدی بێن بە خاوەن بڕیار ئەوەش بە مەترسییەکی گەورە دەبینێت.

کاتێ کە (YBŞ) و ئەنجومەنی ئێزیدی دروست بوو ئێزیدییەکان توانییان خۆیان بەڕێوە ببەن و ببن بە خاوەن بڕیار و لە ئاستی نێودەوڵەتی توانییان دەنگی خۆیان بگەیەننە جیهان، هەرچەندە ئێمە دوژمنایەتی (PDK) ناکەین و کاتێ کە ئێزیدیەکان بێن بە خاوەن بڕیار بە وانای دوژمنایەتیکردنی (PDK) نایەت، بەڵام بە داخەوە ئەو وا دەبینێت.

## ئازادی کۆمەڵگە: پەیوەندی (YBŞ) لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی چۆنە؟

**سەعید شەنگالی:** پەیوەندی و سەردان وچاوپێکەوتن هەیە، بۆ نموونە ڕووسیا و ئەمریکا و پەرلەمانی ئەوروپا (YBŞ)یان قبووڵ کردووە. هەماهەنگی و ڕێکەوتن لە هەندێ بواریش هەیە. بەڵێنیان داوە لە کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی (YBŞ) یارمەتی بە ڕێگەی هێزی ئاسامانیەوە بدەن بۆ ئەو شوێنانەی کە (YBŞ) هەوڵدەدات ڕزگاریان بکات. بەڵام زۆر جار (PDK) دەبێتە ئاستەنگ.

## ئازادی کۆمەڵگە: پەیوەندیتان لەگەڵ هێزەکانی (YNK) و (PDK) چۆنە؟

**سەعید شەنگالی:** بە داخەوە (PDK) ئێمە لە داعش زیاتر، وەکو دوژمن دەبینێت. ڕەنگە دووریش نییە ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێت هێرشیشمان بکاتە سەر، (YBŞ) بە هیچ

شێوەیەکی قبووڵمان ناکات وێڕای ئەوهەموو شەهید و قوربانیەی کە داویەتی، وەکو دوژمن حسابمان بۆ دەکات، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵماندا نییە.

(YNK)ش یارمەتیمان نادات، هەندێ جار لە ڕووی ڕاگەیاندنییەوە باشە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە هیچ یارمەتیەکی نەداوین و پشتگیریی لێ نەکردووین. بۆ نموونە ئەندامێکی سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسیی (YNK) لە تەلەفزیۆندا دەرناچێت و باسی بەرخودان و بەرگری و شەهید و قوربانیانی (YBŞ) بکات و ناوی هێنێتە سەر زمان. جیاوازی (YNK) لە (PDK) لەوەدایە، (YNK) هێرشمان ناکاتە سەر، بێجگە ئەوەش بێدەنگە.

**ئازادی کۆمەڵگە: پەیوەندی نێوان (YBŞ) و ئەنجومەنی دامەزراندنی شەنگال چۆنە؟**

**سەعید شەنگالی:** (YBŞ) ڕێکخستنێکی سەربازییە، ئەنجومەنی دامەزراندنی شەنگال، ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەرییە. زۆر کوڕ و کچی ئەو خەباتکارانەی کە لە ئەنجومەنی دامەزراندنی شەنگالن ئەندامی (YBŞ) و(YJŞ)ن.

**ئازادی کۆمەڵگە: هەندێ لایەنی باشووری کوردستان هێزی (YBŞ) و (YJŞ) بە دوو هێزی (PKK) دەزانن، ئایا ئێوە سەر بە (PKK)ن؟**

**سەعید شەنگالی:** (YBŞ) و (YJŞ) هێز و ڕێکخستنێکی ئێزدییە و تەنیا لە ئێزیدخان و ناوچە ئێزدییەکان کاروخەباتی خۆی دەکات، ڕێکخراوێکی جیاواز لە (PKK)یە. (PKK)ش ڕێکخراوێکی پیرۆزە لای ئێمە و ئەندامانیشی لە چوار بەشی کوردستانی ئێدایە و لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەبات و تێکۆشانی هەیە.

**ئازادی کۆمەڵگە: ئێوە وەک باوکی شەهیدێک، دواین وتەتان بۆ گەلی کورد بە گشتی و ئێزیدی بە تایبەتی چییە؟**

**سەعید شەنگالی:** هەر مرۆڤێک و هەر دایک و باوکێک منداڵەکانی خۆش دەوێت، بەڵام هەر پرسێک و هەر دۆزێک ناگەنە ئامانجی خۆی بێ گیانفیدای و بێ باج و بێ قوربانی، کە دەبێ بدرێ. پەشیمان نیم کە ڕۆڵەیەکم شەهید بووە، بەڵکو شانازی بەوە دەکەم و سەربڵندیشم کە پێم بوترێ باوکی شەهید. پێش فەرمانەکە دوو ڕۆڵەم نارد بۆ پەروەردەی سەربازی و پاش فەرمانەکەش هەموو ڕۆڵەکانی تر لە پەروەردە و شەڕدانە، واتە ٦ منداڵی خۆم لە شەڕ و تێکۆشانی سەربازیدان. زۆر خانەوادەی تری ئێزیدی هەموو ڕۆڵەکانیان لە شەڕ و تێکۆشاندان.

ئێمەی ئێزیدی وەک ئاین و وەک جڤاک و وەک چاند بنەماکانی کوردایەتیمان پاراستووە، ئەگەر ئێزدایەتی لەناو بچێت، بەو واتایە دێت کە کوردایەتی و کوردینی لەناو دەچێت. بۆیە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ڕێبەر ئاپۆ) لە ٢٠٠٨وە بە پارێزەرانی دەوت؛ «ئێزیدییەکان لە مێژوودا فەرمانی زۆریان دیوە، ستەم و نادادپەروەریی زۆریان لێ کراوە، هەڕەشەش هەیە لەسەریان» ئەنجا نامەیەکی نارد بۆ بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و پێشیانی وتبوو پێویستە ئێزیدییەکان لەو شوێنە ببەنە شوێنێکی ئارامتر و لە جێی هەڕەشە دووریان بخەنەوە.



# پێگەکانی بوون بە عێراقێکی دیموکراسی و ئالتەرناتیڤەکان



د. سالار باسیره

بۆ بوون بە عێراقێکی دیموکراسی پێویستە سیستەمەکە چەند پێگەیەکی سەرەکی هەبێت: دەبێت عێراقێکی دەستووری و هەروەها کۆمەڵگەیەکی جێگیر بێت، سەبارەت بە عێراقێکی کۆمەڵگەیی (هاوڵاتی بوون / ئینتیما بۆ دەوڵەت و عێراقی بوون) دەبێت جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بکرێت ئەویش هەبوونی (جیاوازی) یە لە عێراقدا (جیاوازیە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان)، بەڵام کۆمەڵگەیی بوون و ددانان بە جیاوازیەکاندا لەم دەوڵەتەدا جێگیر نیەو بەدەست نەهاتووەو پێنەگەیشتووە، ئەو جیاوازیە لە دەستووردا بوونی هەیە بۆ ئەوەی یەکێک لە مەرجەکانی دیموکراسیەت تەواو بکات بەڵام بۆ ئەوەی عێراق ببێت بە عێراقێکی دیموکراسی لەسەر لایەنە جیاوازەکان پێویستە ددان بەڕاستی چەسپاندنی دەستورو چەسپاندنی کۆمەڵگەیی بوون و جیاوازیەکان بنێن و بیچەسپێنن، ئەو لایەنە جیاوازانە لە ڕێگای دامەزراوە هاوچەرخەکانەوە بەرژەوەندی و ئامانج و خواستەکانیان دەربڕن وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حیزبە سیاسیەکان و دامەزراوە دەوڵەتی و حکومیەکانەوە، نەوەک خێڵ و عەشیرەت و مەزهەب، شتێک کە وەک پێویست نەکراوە، هەتا ئێستە شتێکیش نیە پێی بوترێ گەلی عێرا.

## -پەرینەوەی عێراق بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکراتی ئاسان نیە:

لەعێراقدا هەروەک سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکراتی کارێکی ئاسان نیە بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە پێشینەی دیموکراسییان نیە، بەوانا گۆڕانی کۆمەڵایەتی بۆ دیموکراسیەت پرۆسەیەکی قورسە، تەنها پێنج یەکی ئەو سەد وڵاتەی کە لە قۆناغی گواستنەوە بۆ دیموکراسی دادەنران بە ئاڕاستەیەکی دروستدا ڕۆیشتوون، زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانە یان بۆ هەمان ئاستی پێشووی سەرکوتکاری گەڕاونەتەوە یان وا دەردەکەوون کە لە هەرێمێکی خۆڵەمێشیدا کەوتونەتە نێوان دیموکراسی و سەرکوتکاریەوەو چەقیوون و بە خێرایی بە هیچ لایەکدا ناکەوون، پرۆسەی بونیاتنانی دیموکراسیەت و تازەگەری و چاکسازی لە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتیەکاندا پرۆسەیەکە لەچینی سەرەوە دەستپێدەکات نەک لە خوارەوە، لێرەدا پێویست بوون بە بناغەیەکی فکریی هەیە کە لە ئەقڵانیەتەوە سەرچاوەی گرتبێت و پشت بە عەلمانیەت ببەستێت بەڵام ئاێستە ئەم بناغە فکریە ئەقڵانیە لە عێراق وەک پێویست بەردەست نیە، هەندێک مەرجی سیاسی بوونی هەیە لە عێراقدا وەک ئەنجامدانی هەڵبژاردن، دەستورێک هاتە ئاراوە، فرەیی حیزبە سیاسیەکان بەرچاوو دەکەون، بەشێوەیەکی ڕێژەییش ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بوونی هەیە، ئەمانە مەرجە سیاسیەکانن بەڵام ئایا دەتوانرێت لە عێراقدا بناغەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دیموکراسیەت بدۆزرێتەوە؟ وەڵامەکەی نەخێر.

> **دیموکراسی بەرقەرار نابێت ئەگەر خەڵک باوەڕی پێی نەبێت،بەڵام بە تەنهاش باوەڕبوون بە شەرعیەتی دیموکراسی بەس نیە بۆ مسۆگەر کردنی دیموکراسی**

تا ڕادەیەک دەتوانرێت پشت بەم مەرجە سیاسیانە ببەسترێت بۆ بونیاتنانی دیموکراسیەت، وەکو ئەوەی لە ئەوروپا ڕویدا، هەندێک لەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕووی دیموکراسی دەبنەوە ئەوەیە دیموکراسی بەرقەرار نابێت ئەگەر خەڵک باوەڕی پێی نەبێت، بەڵام بە تەنهاش باوەڕبوون بە شەرعیەتی دیموکراسی بەس نیە بۆ مسۆگەر کردنی دیموکراسی پایەوپتەو، دیموکراسی لەسەر بنەمای دامەزراوەکان پتەو دەبێت (دەستورەکان، سیستەمی هەڵبژاردن، پارتە سیاسیەکان و هاوشێوەکانیان) هەروەها دروستبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆڕسک (گروپەکانی بەرژەوەندی، میدیای سەربەخۆ، گروپەکانی مافە مەدەنیەکان، مافی مرۆڤ، ئازادی تاک وەک یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) کە لە دەرەوەی کایەی

کۆنترۆڵی دەوڵەتدا هەن و ئەرکی کارلێککردنی دەوڵەت و ئاکەکان دەبینن، دواجار مەرجێکی تر کە ئاسنێکی قوڵی هەیە هەندێک دیاردە دەگرێتەوە لەوانەش پێکهاتەی خێزانیی وەک کۆڵەکەیەکی گرنگی کۆمەڵگە، ئاین، بنەما مۆراڵیەکان، هوشیاری ئێتنیکی، هاوڵاتیبوون و هەندێک دابونەریتی مێژویی تایبەت، بەمەش ناوەندی کەلتوری سیاسیی و دیموکراسی تەواویش بەرقەرار نابێت ئەگەر لەناو کەلتوری سیاسیدا ڕەگی دانەکوتابێت، لێرەدا دەکرێ بگەمە ئەو ئێروانینەی گۆڕانکاری لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا زۆر هێواشەو بەدیهاتنی ئاسان نیە، گۆڕینی دامەزراوەکان زۆر لە گۆڕینی کەلتوور ئاسانترە.

**دەسەڵاتدارانی عێراق بە سونەو شیعەشەوە بە ئەقڵیناوەندگەرایی‌و خۆسەپاندن بیردەکەنەوە**

### -کورد هەست بە عێراقی بوونی خۆی ناکات:

کورد لە عێراق هەست بە عێراقی بوونی خۆی ناکات بەڵکو خۆی بە بەشێک لە گەلی کورد دەبینێت کە وڵاتەکەی لە لایەن هێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دژ بەخواستی ئەم دابەش و کۆلۆنیزە کراوەو بە زۆر لکێندراوە بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراقەوە، ئەم هەلویستەی کورد لە عێراق هۆکارو دەرئەنجامی خۆی هەیە، لە ٩٢ ساڵی ڕابوردودا، لەو کاتەوەی دەوڵەتی عێراق دروستکراوە ڕژێمە یەکبەدوای یەکەکانی عێراق کوردیان لەم دەوڵەتە دەسنکردەدا هەمیشە وەک مرۆڤی پلە دوو مامەڵە کردوە کە لە پرۆسە سیاسیەکاندا پەراوێز خراوە، ڕوبەڕوی دەربەدەری و لەناوبردن و جینۆسایدکردن کراوە، ئەم سیاسەتە بوە هۆی ئەوەی کورد کە بەپێی ئامارە گشتیەکان ٪٢٠ی دانیشتوانی عێراق پێکدێنێت نەبێتە خاوەن ناسنامەیەکی ڕاستەقینەی عێراقی وە نەلەم بارودۆخەدا کورد ئەم ناسنامەیەی قبوڵ بووە، ئەم ڕاستیە ئەوە دەگەیەنێت کە دیموکراسیەت و سەقامگیری و ئاسایشی نیشتیمانی بێ بەرقەرار بوونی بە کۆمەڵگەیی بوون و پێکەوە ژیانی ئارەزومەندانەی نەتەوەو ئێتنیکەکان و بێ ددان پێدانان بە جیاوازیەکان و مافەکانیان مەحاڵەو کۆمەڵگەیەکی ناجێگیر دەبێت، عەرەبە ناسیۆنالیستەکان و هەروەها لایەنە ئیسلامیە توندڕەوەکان بە ئەقڵیەتی دەسەڵاتی مەرکەزیەت و دەمارگیریی نەتەوەیی و ئاینیی بیردەکەنەوەو ڕەفتار دەکەن، دەسەڵاتدارانی عێراق بە سونەو شیعەشەوە بە ئەقڵی مەرکەزییەت و خۆسەپاندن بیردەکەنەوە، کەمایەتیەکی سوننە لە سەردەمی دەوڵەتی بەعسیشدا پیادەی دیکتاتۆریەتی کەمینەیەکی دەکرد بەسەر زۆرینەدا، ئێستە زۆرێک لە لایەنە شیعەکان دەیانەوێ پیادەی دیکتاتۆریەتی زۆرینە بکەن بەسەر کەمینەدا، ڕوانینە دیموکراسیەت وەک زۆرینەو کەمینە دیدێکی هەڵەیە ئەگەر عێراق بەنمونە بهێنمەوە، ململانێ بە شێوە نادیموکراتیەکەی تا ئێستا لە عێراقدا هەر بەردەوامە، کەلتوری بەعسی کە لەسەر سڕینەوەو ڕەد کردنەوەی ئەوی دی دامەزرابوو هەر هێشتا کەلتورێکی زیندووە.

### -دەوڵەت و کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامیەکان:

ئەوەی لە نێوان کۆمەڵگەی عێراقی و دەوڵەتدا دەگوزەرێت لە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکانی کەشدا بەدی دەکرێ و هۆکاری ئەوەش بۆ چەند فاکتەرێک دەگەرێنمەوە:

١. نامۆبوونی سیاسەت لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەو کەمیی یان نەبوونی بەشداریی سیاسی جەماوەر لە پرۆسە سیاسیەکاندا.

٢. کەلتوری سیاسی سیستەمە ڕۆژهەڵاتیەکان ڕێگرن لە بەشداریی ئازادانەی جەماوەر.

٣. چەوساندنەوەی ڕێکخراوە سەربەخۆکان لە لایەن سوپاو دەزگا موخابەراتیەکانەوە.

٤. بەکارهێنانی زەبروزەنگ و لەناوبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لە فاکتەرە بڕیاردەرەکان بۆ مەبەستی ڕاگرتنی سەقامگیریی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت.

٥. هەوڵی نەهێشتنی ئۆپۆزیسۆن و ئەو ڕێکخراوانەی سەربەخۆن لە فەرمانڕەواکان و لێسەندنەوەی توانای بەشداریکردن و گوزارشت کردنیان لە نارەزایەتیەکانیاندا، بەشەخس نە کردنی سیاسەت و دەوڵەت، لێرەدا بەوانای بە دەوڵەت کردنی کۆمەڵگە دەبەخشێت.

## ئەزمونی سویسرا

ئەگەر سەرنجێک بدەینە باری ئاین و زمان لە سویسرا دەبینین لە ٤١٪ کاسۆلیک، ٤٠٪ ئیفێنجیلی (پرۆتێستانت) پێکهاتوە، دوو مەزهەبی جیاواز سەر بە یەک ئاین کە مەسیحیە، ٥،٥٪ سەر بە مەزهەبی جیاواز، ١١٪ سەر بەهیچ ئاینێک نین، لە سویسرا هەروەک لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە پێچەوانەی عێراق لە نێوان ئاین و مەزهەبەکان لێک تێگەیشتن هەیەو ئاین بە تەقدیس نەکراوە جگە لەوە هاوڵاتی سویسری هەست بە ناسنامەی سویسری بوونی خۆی دەکات، لە عێراق ٦٠٪ شیعە، ٣٥٪ سونە کە هەردوو لایەن موسلمانە، ٢٪ مەسیحی، تورکمان، بەڵام جەنگێکی خوێناوی ڕق و کینە هەیە لە نێوان شیعەو سونەی عەرەبیدا و چەوساندنەوەو بێمافیی ئەوانی دی، دیاردەیەک بوونی فەنانیزمی ئاینی و مەزهەبیی و ئەقڵی تایەفی و ناسیۆنالیزم ڕەگەزپەرستی و هەروەها نەبوونی هۆشیاری بۆ دیموکراسیەت ڕێگرن لەبەردەم پرۆسەی سەقامگیری و دیموکراسیەت و لێکتێنەگەیشتن، دیاردەیەکی ڕێگر لەبەردەم فکری لامەرکەزی و فیدراڵیەتیشدا.

## ئاڵتەرناتیڤەکان

مرۆڤایەتی لەگەڵ گەشەکردنی مێژووی ژیانیدا بەکۆمەڵێک لە سیستەمی سیاسیدا ڕۆیشتوە بەڵام کۆپی کردنی سیستەمی سیاسی وڵاتێک بۆ یەکێکی تر دەقاودەق نەگونجاوەو پێویستە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوری و سایکۆلۆجی ئەو کۆمەڵگەو وڵاتە خۆیدا گونجاوبێت و گەشە بکات، هەتا ئێستە هیچ سیستەمێکی سیاسی لەنێو ئەم دەوڵەتی عێراقی پلورالیستیەدا دروستنەبووە کە وەک سیستەمێکی سیاسی گونجاو گوزارشت بکرێت.

لەبەر ڕۆشنایی واقعی عێراق و قەیرانە مەزهەبی و تایەفی و ئێتنیکیە قوڵەکانی ئەم دەوڵەتە دەستکردە دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە دیموکراسیەت و سەقامگیریی و دادپەروەری لە عێراقدا بەدەست نایەت ئەگەر دەسەڵات خاوەن بناغەیەکی فکری نەبێت کە لە ئەقڵانیەتەوە سەرچاوەی گرتبێت و خۆی لە فکرو ئەقڵی مەرکەزیەت بە دوور نەگرێت، مەرکەزیەت نەک تەنها کۆی ئەقڵی سیاسی و سیستەمی سیاسی دەوڵەتی عێراقی تەنیوە بەڵکو لە هەرێمی کوردستانیشدا هێشتا لە ژیانی حوکمڕانی و سیاسی و حیزبیشدا ئەقڵیەت و سیستەمی مەرکەزی و کەلتوری مەرکەزی زاڵە، سیستەمە مەرکەزیەکان ناکرێ لەگەڵ دیموکراسیەتدا کۆک بن چونکە خاوەن دوو جیهانبینی جیاوازن، تەنیا دەسەڵاتی لامەرکەزی خەسڵەتی دیموکراسی پێوە دیارە، گونجاوترین ڕێگاش بۆ سیستەمی لامەرکەزی لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا برینیە لە فیدراڵیزمێکی ڕاستەقینە چونکە فیدراڵیەت دەبینە هۆی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند، کورد لە مێژووی دەوڵەتی عێراقداو لە نێو هەموو گەلانی تری نێو عێراق گرفتاری سیاسەتی مەرکەزیەت و ڕوبەڕووی زیان بۆتەوە، هەربۆیە مەرکەزیەت لە بەرژەوەندی کورددا نیە، فکری مەرکەزیەت لە عێراق بەتەنها بۆ بەرژەوەندی نوخبەیەکی دیاری دەسەڵات بووە، لەبەر ڕۆشنایی واقعی مێژووی سیاسی عێراق و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئەتنیکی و مەزهەبیەکەیەوە دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم دەوڵەتە هێشتا دوورە لەوەی ببێتە خاوەن سیستەمێکی سیاسی ئەقڵانی چونکە ئەقڵ هێشتا نایەوێت تێیدا کار بکات، نوسەر لە توێژینەوەیەکیدا باسی لە هەشت ئالتەرناتیڤی سیاسی کردوە بۆ عێراقی ئایندە بەڵام گرنگترین دەرئەنجام برینیە لەوەی خوارەوە:

**- عێراق / سێ دەوڵەتی شیعەو سونەو کورد:**

ئەگەر شیعەو سونە مەزهەبی عەرەبیی عێراق لە گەڵ یەکتردا تەبا بوونایە ئەوا دەکرا دوو دەوڵە تی کۆنفیدراڵی کوردستان و دەوڵەتێکی عێراقی عەرەبی پێکبهاتایە بە گرێدانی چەندین بواری وەک بەرگری و کەلتوری و بازرگانی... هتد، دەکرێ بەم ڕێگایە کێشەکانی نێوان کوردو دەسەڵاتی عەرەبیی سەبارەت بە دۆزی کورد چارەسەر بکرێت

چارەسەرێکی بە سوود بۆ هەردوو لایەن، بەڵام چارەسەری بنەڕەتی بۆ عێراق برینیە لەوەی دەوڵەتی ئێستەی عێراق بکرێتە سێ دەوڵەتی عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننەو دەوڵەتێکی کوردی (مادەی ١٤٠یشی تێدا چارەسەر دەبێت) و دەشکرێ بکرێتە سێ دەوڵەتی کۆنفیدراڵی ( لێرەدا دەوڵەتە سوننەکە کێشەی ئابوری دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ناوچە کوردی و شیعە نشینەکان چونکە سەرچاوە نەوتیەکان کەوتونەتە دوو ناوچەکەی تر)ەوە.

لێرەدا گرنگە کار بۆ رێکەوتنێکی نێودەوڵەتی بکرێت کە دوو دەوڵەتەکەی تری کوردو شیعە بۆ مەودایەکی پێویست هاوکاری ئەم دەوڵەتە سوننە نوێیە بکەن هەتا دێتە سەرپێی خۆی، ئەوە ڕاستە تورکیا و ئێران بە شوێن نفوزو بەرژەوەندی خۆیانەوە دەبن لەو دەوڵەتە نوێیانەدا بەڵام ئەوەش بەندە بە ڕەفتارو فکر و سروشتی سیاسی ئەو دەوڵەتە نوێیانە خۆیانەوە، ڕاستە ئێران کاریگەری لەسەر دەوڵەتە شیعەکە دەبێت بەڵام مەرج نیە ئەم دەوڵەتە شیعەیە ببێتە بوکەڵەیەکی دەستی ئێران، هەردولا خاوەن دوو ناسنامەی ئێتنیکی تایبەت بە خۆیانن و جەنگی عێراق / ئێران ئەم بۆچونەی سەلماند، هەندێک لە لایەنە شیعەکانی عێراق عێراقی و نەتەوەییش بیر دەکەنەوە.

ناوچە هەن لە عێراقدا وەک مێژوو، یان جوگرافیا دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی یەکێک لەو دوو مەزهەبە سونە، یان شیعە بەڵام ئەمڕۆکە بەهۆی چەندین فاکتەرەوە بوونەتە تێکەڵەیەک لە هەردوو مەزهەبەکە بۆ نمونە بەغدا، هەربۆیە پێویستە بۆ ئەم دیاردەیەش چارەسەری گونجاو و ئەقڵانی و دادپەروەرانە بدۆزرێتەوە، هەر بەم شێوەیە کەرکوک وەک مێژوو کوردستانیە بەڵام لە چەند ئێتنیکێک پێکهاتوە، لێرەدا لێکۆڵینەوە لە دەوڵەت و سیستەمە سیاسیە فیدرالیە پلورالیستەکان بە گرنگ دەبینم، بۆ نمونە سویسرا،

مەرج نیە بە دروستبوونی ئەم سێ دەوڵەتە گشت کێشەکان چارەسەر ببن بەڵام بۆ ئەم پرۆسەو قۆناغە مێژوییە سیاسیە کۆمەڵایەتیە کێشە سیاسی و مەزهەبی و ئەتنیکیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەبنەوە، ئەوەی ماوەتەوە بوترێت ئەوەیە کە دەبێت سنورێکی جدی بۆ داعش و هاوشێوەکانی دابنرێت بۆ ئێکنەدانی ئەو ئایندە نوێیە ئاماژە پێکراوە، من لەو باوەڕەدام ئەگەر باری ئابوری و کۆمەڵایەتی خەڵکی باش بکرێت، خزمەتگوزاری و ماف و یاسای تەندروست بەرقەرار بێت ئەوا ئەم لایەنە ئاینیە دەمارگیرە ئۆتالیتاریزمە نوێیانە وەک داعش و هاوشێوەکانی بەختی دروستبوون و گەشە کردنیان نامێنێت، مەرجیش نیە ئەم سێ دەوڵەتە نوێیە دەوڵەتی دیموکرات بن بەڵام بۆ بوون بە دەوڵەتی دیموکراسی ئەوەش بەندە بە خەباتی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی نێو ئەو دەوڵەتە خۆیەوە.

سەرنج:

کۆنفیدراڵی بریتیە لە یەکێتیەکی پەیماننامەیی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر، لە پێناوی چەند بەرژەوەندیەکی هاوبەشدا بۆ ماوەیەک کە ڕەنگە کاتی بێت، دادمەزرێت، هەر دەوڵەتێک لە یە کێتیەکەدا پایتەختی سەربەخۆی خۆی و ئاڵای تایبەت بۆ خۆی دەبێت، هەر دەوڵەتێک لەوانە هەر سێ دەسەڵاتە تایبەت بە خۆکەی لەسەر ئاستی یەک لایەنە دەبێت (پەرلەمان، حکومەت و دادوەری)، دراوی تایبەت بە خۆی دەبێت و دە شکرێ لەسەر یەکخستنی دراو رێکبکەون، هەر دە وڵەتێک لەوانە مافی نوێنەرایەتی کردنی بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەیە، هەروەها دەکرێ لە قۆناغێکی داهاتودا بە حوکمی رێککەوتن و گونجان بگۆڕدرێ بۆ یەکێتیەکی فیدراڵی.

# دیاردەکانی میلیشیا
# لە ئابوری جیهانیەوە بۆ ئابوری میلشیایی



د. محەمەد گەناوی

هەر لەگەڵ روخانی دیواری بەرلین لەنێوان دوو جیهانی جیاواز بەهەموو ڕەهەندە فکری و فەرهەنگی و عەقڵی و سیسنەمی سیاسی و ئابوریەوە، کۆتایی هاتنی هەموو شەڕەکانی ئەم دوو جیهانە (سوسیالسنی و سەرمایەداری) بە شکسنی جیهانی سوسیالزم، ئەم پرسانە لای هەر کەس وە بەتایبەت ناوەندە فکریەکان دروست بوو ئیتر دنیا چۆن ئەبێ؟ بە کۆتایی هاتنی کێشەو شەڕی ئایدۆلۆجی ئیتر چ کێشەو شەڕێکی تر لەسەر ئاسنی ناوچەیی و جیهانی ئەشێ سەرهەڵبدات، لەمەش گرنگتر دنیای سەرمایەداری رۆژئاوا وەک پێشەنگی جیهانی شارسنانی و فەرهەنگی و تەکنەلۆژی و سەرمایەو دارایی چۆن بەرپرسیاریەتی دنیای تازە ئەکات وەک لایەنی سەرکەوتوو؟

بۆ خۆ ئامادەکردن بەرەو جیهانی تازە بەمانا سیاسی و ئابوری و فکری و شارسنانیە کەی بوو بە باسی هەموو ناوەندەکانی سیاسی و راگەیاندن و ئەکادیمیەکان.

١. لەسەر ئاسنی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و میدیای بانگەشە بۆ نەزمی جیهانی تازەکرا کە پایەکەی ئازادی، دیموکراسی، بازاڕی ئازاد کە هەموو تاکەکان و گەلانی جیهان بتوانن ئازادبن لە چالاکیە ئابوریەکانیان بە گوێرەی پێوەری بازاڕ واتە ئازادی لە کێبڕکێ و هەلی یەکسان بۆ هەموان کە بەشداربن لەم نەزمی جیهانی تازە کە روحەکەی و پایەکەی بازاڕی ئازادە.

٢. لەسەر ئاسنی فکری، دنیای دوایی شەڕی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەکو کۆتایی مێژوو (the end of history ) پێناسە ئەکرا لەلایەن فۆکۆمایەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی پاڵپشنیەکی فکری بوو بۆ خنابە سیاسیەکەی دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا کە پێی ئەوترا و ئەڵێن نەزمی نوێ جیهانی.

٣. لەسەر ئاسنی ئابوری و شارسنانی و فەرهەنگیەوە هەر دوای روخانی بلۆکی رۆژهەڵات، زۆر لە نوسەران و شی کەرەوان و بیرمەندان و ئاکادیمیسنە کانی رۆژئاوا باس و شرۆڤەی ئەم هەرەشەو نحدیە تازانە یان ئەکرد کە دوای کۆتایی هاتنی بلۆکی رۆژهەڵات روو بە رووی رۆژئاواو ئاشنی و ئاسایشی جیهان ئەبنەوە. دیارترینی ئەم کە سانە لە سەر ئاسنی ئابووری و دیمۆگرافی بریتی بوو لە پاول کەندی، کە لە کتێبی ئامادەبون بۆ چەرخی٢١ ( preparing for the twenty first century) کە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو نوسی بووی بە شیکاریەوە لەسەر رەهەندی ئابوری، دیمگرافی و رێژەی خوێندەواری لە وڵاتانی جیهانی سێ لە گەل باسی ئەم هۆکارانە کە ئەبنە هەرەشە بۆ جیهانی رۆژئاواو مرۆڤایەتی، گرنگترینی ئەم هۆکارانە وەک ئاماژەی پێ درا هەژاری بە هۆی وێرانی ئابوری، زیادبونی ژمارەی دانیشنوان وە زۆربونی رێژەی نەخوێندەواری لە جیهانی دەرەوەی وڵاتانی رۆژئاوا.

**لەسەرەتای نەوەدەکانەوە لەوتارەکانیدا باسی هەرەشەی ئیسلامی یان شارستانی ئیسلامی و عەرەبی بۆ سەر رۆژئاوا ئەکرد**

لەسەر ئاسنی شارسنانی و فەرهەنگی، پێشەنگی ئەوانەی کە دژی ئەو رایانە بوون کە پێ یان وابوو دوای نەمانی سۆسیالیزم وەک دەسەڵاتی سیاسی ئیتر کۆتایی ململانێی نێوان مرۆڤەکان و گەلانە، ئیتر هەموو کەسێ ئەبێنە هاوڵاتیەکی جیهانی لەژێر چەتری بازاڕی ئازاد و سیسنەمی نوێی جیهانی و ئابوری جیهانی کە پایەکانی ئازادی و دیمکراسی و مافی مرۆڤ، سەموئیل هیننگتۆن بوو کە لە کتێبی بەیەکداچونی شارسنانیەکان ( clash of civilizations ) ئەمجار ئێمە کێین (who are we) نەک هەر هاوڵاتی بونی جیهانی و هاوکاری جیهانی بەمەبەسنی بەرژەوەندی هاوبەشی خەڵکان و گەلان رەت دەکاتەوە بەڵکو لای وایە کە لە بنەڕەتدا کەسەکان و گەلان دابەش بون و بە سەر شارسنانی و ئاینی و فەرهەنگی

جیاوازو دژ بە یەک، بەتایبەت جەخت لەسەر جیاوازی شارستانی ئیسلامی و رۆژئاوا ئەکانەوە، هەر لەسەرەتای نەوەدەکانەوە لەوتارەکانیدا باسی هەرەشەی ئیسلامی یان شارستانی ئیسلامی و عەرەبی بۆ سەر رۆژئاوا ئەکرد تا ئەو ئاستە لەیەکێ لە وتارەکانیدا باسی لە هێرشی ناوەکی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی باکوری ئەفریقیای ئەکرد بۆ سەر فەرەنسا و وڵاتانی تری ئەوروپی.

لە خاڵێکدا سموئیل هینتگتۆن راست دەکا، کە بەڕاستی هەر واشە دوای رمانی سیستەمی سوسیالزم و نەمانی شەری سەرمایەداری و سوسیالزم کەسەکان خەڵکان و میللەتانێک کە وەفاداریان بۆ یەکێ لەم دوو سیستەمە هەبوو، لەڕێگەی یەکێ لەم دوو سیستەمە لە روانگەیەکی جیهانیەوە خۆی لەبەرەیەکی کێشەکاندا ئەدۆزیەوە، بەڵام پاش تەواو بونی شەڕو کێشەی سۆسیالزم و لیبرالیزمی سەرمایەداری، ئەمانە هەموو ئاوریان دایەوە بۆ خەلفیەتی ئاینی و تایفی و نەتەوەیی هەتا خێڵەکی خۆیان. هەر دوای نەمانی بلۆکی رۆژهەلات بینیمان کێشەی مەزهەبی و نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی ئەوروپا و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت ( بۆ ماوەیەک ) دروست بوو ئەمجار سەرهەڵدانی مەیلی بنیادگەرایی ئاینی و مەیلی ناسیۆنالیستی لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بوو بە دیاردەیەکی هاوچەرخ کە ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی ئەوپەریەتی. روخانی یەکێتی سۆڤیەت و ئازادبونی گەلانی ژێر دەستی سیستەمی سۆسیالیزم بۆ ماوەیەک هیوایەک دروست بوو لای گەلانی جیهانی سێ هەم کە ئیتر دەورانی دیموکراسی، ئازادی، دادپەروەری، مافی تاک و کۆمەڵ دەسپێ دەکات هەر لەبەر ئەم هیوایەش بوو کە خەڵکانێک زۆر لە جیهان لایەنگری لابردنی رژێمی بەعسیان دەکرد وەک سیمبولێکی سیستەمی تۆتالیتاری سۆسیالستی بە مەیلی یان عەرەبیزم. بێ گوومان، نەمانی بلۆکی رۆژهەلات و هاتنە کایەی جیهانێکی نوێ ( لە گەڵ چەندەها تێ بینی ) تاودانێکی گەورەی دا بە بزاڤی ئازادی، دیمکراسی، دروست بوونی دەوڵەتی یاسا بۆ هەموان، چارەسەرکردنی کێشەکان و تێ گەیشتنەکان ( concepts ) بۆ تاک، کۆمەڵ، نەتەوە، ئازادی، یاسا، دادپەروەری و سیستەمی ئابوری و سیاسی لە ئەوروپای شەرقی، رۆژهەلاتی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی. ئەم شوێنانە کەم یا زۆر لە سەر ئاستی دەوڵەت توانیان لە سەر بنەمای نیشتیمانی لە رووی سیستەمی سیاسی، ئابوری و هەتا عەقڵی و فەرهەنگیەوە تکامل لە گەڵ سیستەمی ئابوری جیهان و جیهان گیری (Globalism) دا بکەن. لە گەڵ ئەمەشا، ئەوەی لە راستیدا ئەبینرێ تەنها لەسەر ئاستی ئابوری و بەرژەوەندی ئابوری و سەرمایە جیهان لەیەک نزیک بۆتەوە، هاوڵاتی بونی جیهانی تەنها لە سەر بنەمای ئابوری و سەرمایە دروست بووە، ئەوەتا هەموو دەروازەکانی دنیا بۆ بازرگانی و سەرمایەداری و سەرمایەدارانی گەورەی وڵاتانی پیشەسازی کراوەتەوە هەتا دەرگا کانی روسیاو دیواری چین بەڵام هاوڵاتی بونی جیهانی بۆ خەڵکانی دەرەوەی جیهانی سەرمایەداری پێش کەوتوو نەک هەر فەراهەم نەبووە، لەکاتی ئێستادا بە تایبەت لەوڵاتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ئەمانە هەتا بێ بەشن لە ماف و مانای هاوڵاتی بوون لە نیشتمانەکەی خۆیاندا.

**ئەمڕۆ نیشتمان بۆ خەڵکی ئاسایی بۆتە جانتایەک**
**یان راخەرێ کە لە کۆڵیەتی**

وەکو رۆژانە ئەبینین، هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە باکوری ئەفریقاوە تا نزیک ئاسیای ناوەراست هەڵبەتە بە خۆرهەڵاتی ناوەراستیشەوە ئەوەی پێی دەوترێ نیشتمان بۆتە ئاگری رۆڵەکانی خۆی ئەسوتێنێ و ناچار بە کۆچ و هەڵاتن دەکات بۆ هەر شوێنێ تەنها گیانی روتیان رزگار بکەن، ئەگەر ئەم گیانە روتەش شانسی هەبێت لە دەریاکان نەبێتە خۆراکی نەهەنگەکان وەکو هەمیشە لە هەواڵەکاندا تراجیدیای ژێرئاو کەوتنی دەیان و سەدان و هەزاران مرۆڤ ئەبیسنین کە کەس خاوەن داریەتی گیانە روت و بێ کەسەکان ناکا جگە لە دەمی نەهەنگەکانی دەریا. ئەمڕۆ نیشتمان بۆ خەڵکی ئاسایی بۆتە جانتایەک یان راخەرێ کە لە کۆڵیەتی، هیچ پەیوەندیەک لە نێوان خەڵک و خاک نەماوە. لەم شوێنانە نەک هەر هیچ شتێ نیە بە ناوی تکامل کردن لە گەڵ سیستەمی ئابوری جیهانی و رەهەندەکانی گلۆ باڵیزم بەڵکو مانای نیشتیمان و نیشتیمانی بوونیش تەنها بە ناو هەیە، دەسەلاتی نیشتیمانی بۆتە دەسەلاتی گروپە میلیشیاکان، کە کاریان تەنها ئەوەیە

كه چۆن نيشتمان لەت لەت بكەن، ئابورى هەراج بكەن، سامانى سروشتى و فەرهەنگى و مێژوييەكان تالانو بە قاچاخ ببەن، هەموو ئەێ گەيشتن و مانايەكى ئابورى بۆتە دەست كەوتى خێرايى دارايى بۆ ميليشياكان هەر لە ئەفغانستانەوە تا سوريا و يەمەن و عێراق و باكورى ئەفريقيا. ئەمڕۆ هەموو بەهاكان لەحاڵى روخانى بەردەوام و هەڵوەشانەوەدان هەر لە ماناو بوونى نيشتيمان، هاوڵاتى بون، ئاسايش بە هەموو رەهەندەكانيەوە تا ئابورى و ژيان و بەرژەوەندى گشتى و هاوبەش، لەبرى ئەمە دوژمنى، ڕق و تۆڵەى كويرانە و يەكترسڕينەوەى وەحشيانە ديارترين دياردەى ڕۆژانەى ژيانە بۆ ئەو گەل و كەسانەى كە ڕۆژێ لە ڕۆژان هيواى ژيانێكى ئازادو شاديان هەبوو.

**وڵاتانى ڕۆژئاوا بەرپرسيارەتى زۆريان هەيە لە تراژيدياى بە ميلشيا بوونى وڵاتانى ئيسلامى و عەرەبى**

ئەم روداوە پڕ تراجيديانە هەموو ئەمە ئەسەلمێنن، لە هەر كاتێ وە هەر شوێنێ ميليشيا دروست بوو و بوو بەخاوەن ئابورى و دەستى بەسەر كايەكانى ئابوريا گرت، ئەوا يەكەم هەنگاوى هەڵوەشانەوەى بەهاى نيشتمان و نيشتمانى بوون دەسپێ دەكاتەوە ماناو بەهاى وەفادارى و سۆزو خەم بۆ خەلك و خاك نامێنێ. دووبارە دروست كردنەوەو ژيانەوەى بەهاكان لەژێر دەسەڵاتى ئابورى ميليشيايى نەك هەر ئەستەمە بەڵكو مەحاڵە چونكە كاراكتەرو مەرجى ميليشيا بوون بۆ خۆى تاوان و شێواندن و نە هێشتنى بەهاكانە، دابران و لەتكردن و بچوك كردنەوەى بەها نيشتيمانيەكانى ئابورى ژيانە، بێ مانا كردنى ماناى نەتەوە و يەكيەتى نەتەوەييە، لەبەرئەوە، لەگەڵ ميليشيا، وڵات، نەتەوە، ئابورى و بەهاكانى نيشتمانى بوونى نامێنێ و هەموو شتەكان ميلشيايى ئەبن. ئەنجامى ئەمەش، واتە ئابورى ميلشيايى، نەك هەر دابرانى نيشتيمان، گەل، ئابورى و ژيانە بە هەموو رەهەندەكانيەوە لە ئابورى و ژيانى تازەى جيهانى بەڵكو دابران و رێگريشە لەهەر هەولێ بۆ يەكيەتى و تەكاملى تا بورى نيشتيمانى و نەتەوەيى. لێرەداپێويستە سەرنج بدرێ كە وڵاتانى ڕۆژئاوا بەرپرسيارەتى زۆريان هەيە لە تراجيدياى بە ميلشيا بوونى وڵاتانى ئيسلامى و عەرەبى بەپێدانى دەسەلات و پشتگيريكردنى كەس و گروپى گەندەڵ، ديكتاتۆر، پاوان خواز و دژ بەميللەت و وڵاتانى خۆيان. هەروەها پێدانەگيرى وڵاتانى ڕۆژئاوا لە سەر ئازادى، ديمكراسى وە دەستاو دەست كردنى دەسەلات بە شێوەيەكى ئاشتيانە وەك مەرج بۆ هەر هاوكاريەك لە گەڵ بە ناو دەسەلاتدارانى ئەم شو ێنانەى كە خەڵك پەراوێز خراوە، بەهەمان جۆر كە لەگەڵ بەشەكانى ترى جيهان پەيرەوى ئەكەن و كردويانە وەك ئەوروپاى ڕۆژهەڵات هەتا روسياو چين، ئەفريقيا، ئاسيا وە ئەمريكاى لاتينى. بەڵام وا ديارە دنياى ئێمە تەنها وەك چەند بيرەنەوت تە بينرێ بەدەست هەندێ جەردەى مرتەزقەوە نەك وەك ئمتدادێكى مێژويى، ئينسانى، شارستانى و فەرهەنگى كە ئينسان لەم شوێنانە هەيەو ژيانى پێويستە.

بۆ تەواو كردنى بابەت ئەم لينكە سەير بفەرموون، وتارێكى بەندە كە بەر لە ١٣ سال لە ڕۆژنامەى دانيماركى INFORMATION بلاو كرابۆوە، برادەرى بەناوى هەلۆ لەزمانى هۆلەنديەوە كردويەتى بە كورد

ڕەوت ( سير ) Course ى روداوەكان لەم بەشەى دنيا كەئێمەى كورد تيا دەژينو بەشێكين لێى، هەموو پێويستيە حەتميە ئابورى، سياسى، مێژويى، مرۆييەكان بۆ تەكامولى ژيانێكى شەرەفمەندانەو دۆستانەو ئاشتيانە تەواو تيا پێچەوانە دەبێنەوە، هەموو پەيوەندى و پێكهاتەكان ( compounds ) كەدەبوو بەگوێرەى پێويستى و حەتميەتى ژيانو ئابورى و مێژوو تەكامولى تەواويان تيابكردايە، ئێستا بەتەواوى

( no / 5 ) - 30 - 4 - 2016

**زۆر جوڵانەوەی ئازادی، رزگاری و دادپەروەرخوازی لەزۆر شوێنی جیهان لەفۆرمی میلیشیا وەک زەرورەتێکی قۆناغێکی دیاریکراوی میللی، نیشتمانی و ئابوری دەستیان بەکاری خەبات کردوەو خاوەن ئایدیاو فکرو باوەڕێک بون بۆ دنیاو ژیانێکی ئازادو جوانترو خۆشتر**

لەئاراستەی پێچەوانەی نەکامولدان بەرەو شیبونەوە (Decomposition) و هەڵوەشانو پارچەپارچەبون. مانای بونی نیشتمانو نیشتمانیبون، نەتەوەو یەکێتی نەتەوەیی و بەرژەوەندی هاوبەش، ئابوری نیشتمانی و رەهەندەکانی، هەتا یەکێتی فەرهەنگی و عەقڵیەتو لەسەر ئاستی تاکو کۆو هەروەها هەموو بەهاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و پێوەرەکانیان لەحاڵی دارمان، شیبونەوە، ئەمجار ونبونان. ئابوری وەکو رەهەندێکی سەرەکی و بریاردەری ژیانو جۆری ژیانی پەیوەندار بەژیانی ماددی و مەعنەوی مرۆڤەکانەوە لەبری ئەوەی نەک هەر دەبوو لەسەر ئاستی نیشتمانی نەکامولی تەواوی کردبایە لەرێگەی دامەزراوە نیشتمانیەکانەوە، بەڵکو دەبوو لەگەڵ ئابوری و سیستەمی ئابوری جیهانیش هەنگاوی گەورەو تەواوکراوی بنابایە.

بەڵام ئەمەی دەبینین لەراستیدا بەپێچەوانەوەیە، هەموو بنەماکانی ئابوری نیشتمانی لەهەموو ئەم وڵاتەی خۆمانو دەوروبەرمان ئادەگانە باکوری ئەفریقیاو هەتا ئاسیای ناوەراستیش لەئەفغانستانەوە تا تاجیکستان بەرەو روخان دەڕۆن، ئێستا لەزۆر وڵات هەتا ماناو بونی ئابوری نیشتمانی نابینرێت نمونە سوریا، عێراق، یەمەن، لیبیا، کە ئادێت وێنەو ژمارەی ئەو وڵاتو شوێنانە زیاتر دەبێت. لەگەڵ رمانی دەسەڵاتە بەناو سیاسی و نیشتمانیەکان، ئابوریش لەهەموو رویەکەوە کەوتە دارمان، کەئیتر ژیانی ئابوری هیچ رەهەندێکی نیشتمانی نەما، میلیشیاکان لەسنوری دەسەڵاتی خۆیاندا، جا هەریەکە بەدروشمو ناوێکی پیرۆزکراودا لەلایەن خۆیانەوە بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتی خۆیان جا ( دینی، مەزهەبی، نەتەوەیی یان خێڵو گروپێک ) بێدەستیان بەسەر کایەکانی ئابوریدا گرت و بەهەموو ریگایەک لەهەوڵی ئەوەدان سیماو ئایبەتمەندی نیشتمانی لەئابوریدا نەهێڵن. لەزۆر شوێن میلیشیاکان لەم بوارەدا سەرکەوتوبون، هەریەکە لەناوچەی خۆی هێڵی بازرگانی خۆی هەیە، سەربەخۆ مامەڵەی ئابوری لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا دەکات بەپێی بەرژەوەندی خۆی، هەتا ئەگەر لەرەوی نەتەوەیی، دادپەروەری، نیشتمانیەوە ئاوانو خیانەتیش بێت، ئیتر لێرەدا وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بەها مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانیەکان نامێنن، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنهاو بەس بەرژەوەندی ئابوری و دەسەڵاتی ملهوری و بێ لێپرسینەوەی باندی میلیشیایە. هەتا ئەو دەسەڵاتانەی کە بەناو نیشتیمانین، بەڵام ئابوری لەلایەن نوخبەیەکی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵدەکرێت سیاسەت بۆ بەرژەوەندی ئابوری خۆیانو بژێوی لایەنگرانیان بەکاردەهێنن، سلوکو ئایبەتمەندی وەک دەسەڵاتداری میلیشیای ئابوری هەڵدەگرن، نەک دەسەڵاتی سیاسی و نیشتیمانی.

هەڵبەتە زۆر جوڵانەوەی ئازادی، رزگاری و دادپەروەرخوازی لەزۆر شوێنی جیهان لەفۆرمی میلیشیا وەک زەرورەتێکی قۆناغێکی دیاریکراوی میللی، نیشتمانی و ئابوری دەستیان بەکاری خەبات کردوەو خاوەن ئایدیاو فکرو باوەڕێک بون بۆ دنیاو ژیانێکی ئازادو جوانترو خۆشتر، بەڵام

هەرکاتێـک گروپـی سیاسـی دوای بـون بەدەسـەڵاتدار یـان دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتـی نیشـتیمانی داماڵـران لەبونـی ئایدیـا، جیهانبینـی فکـرو بەهـاو ڕەهەندەکانـی نیشـتیمانی و ئینسـانی ئـەوا بونیـان کورتدەبێتـەوە بـۆ کایـەی بەرژەوەنـدی ئابـوری و هیـچ پەیوەندیەکیـان بەڕەهەنـدە سیاسـی، نیشـتمانی، میللـی، بەهـا فکـری، مرۆییـەکان و فەرهەنگیەکانـەوە نامێنێـت. هـەر لەبەرئەمەشـە خەڵکانـی میلیشـیای ئابـوری کەسـانی ملهـوڕ، نەخوێنـدەوار بەمانـا مەعریفیەکـەی، بـێ فەرهەنـگ، بەسـیفەتو سـلوک تـاوان کارو مرتەزیقـە، بـێ ویـژدان، ئەمبەڵـن بۆچـی؟ چونکـە ئەمانـە بەهـەر هۆیـەک بێـت، لەوانـە بەهـۆی جهـل، هەژاریـان لەداهێنـان، فکـر، مەعریفـەت، بەهـاو نەبونـی هیـچ پەیامێکـی نیشـتیمانی و ئینسـانی شـتێکیان پـێ نیـە بـۆ ڕەوایەتـدان بەدەسـەڵاتو مانـەوەی خۆیـان، بۆیـە هەمـوو هێـزو بایەخـی خۆیـان دەخەنەسـەر کایەکانـی ئابـوری بـۆ داگیرکـردنو مۆنۆپۆلکردنـی هەمـوو کەرتەکانـی ژیـانو چالاکیەکانـی ئابـوری.

## لەچ ژینگەیەکدا میلیشیای ئابوری گەشەدەکاتو دروستدەبێت؟

لەئەنجامـدا کـۆی کۆمەڵگـە بەهەمـان فەرهەنگـی نەفرەتـی میلیشـیا ڕادێـن کەبریتیـە لـە بـێ بەرهەمـی ئەمبەڵـی، بـێ هیـچ پەروەردەیەکـی فکـری و ئینسـانی، هەروەهـا لەناوبردنـی فەرهەنگـی کارو خوێنـدن و خوێندنـەوە کەئەمـە یەکێکـە لەگەورەتریـن کارەسـاتەکانی میلیشـیا بـۆ سـەر تـاکو کۆمـەڵو داهاتـوی هـەر شـوێنێک میلیشـیای ئابـوری هەبێـت. لەمـەش زیاتـر میلیشـیای ئابـوری بەهێـزی مۆنۆپۆلـی ئابوریـەوە هەمـوو کایەکانـی ژیـان، لەوانـە کایـەی کۆمەڵایەتـی، هونـەری و ئەدەبیـش بەمیلشـیایی دەکات. پرسـیار لێـردا ئەمەیـە، لـەچ ژینگەیەکـدا میلیشـیای ئابـوری گەشـەدەکاتو دروسـتدەبێت؟ ناجێگیـری سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، نەزانـی، هـەژاری، ناهۆشـیاری، بێدەنگـی گشـتی، لاوازی کایـەی ڕۆشـنبیری و فکـری و چەواشـەکاری لەڕێگـەی میدیـاو قەڵـەم بەدەسـتی موزەییـەف ژینگـەی گەشـەو بـونو مانـەوەی میلیشـیا ئابوریەکانـن لەهـەر وڵاتێـک. هەمیشـە میلیشـیای ئاوانـی ئابـوری لەهەوڵـی ئەوەدایـە ئـەم ژینگـە وێرانکەرانـەی گـەلو نیشـتمانو مـرۆڤ گەشـەپێبداتو نەنانـەت بەشـێک لەئابوریـە ئاوانەکـەی خـۆی بـۆ مانـەوەی ئـەم ژینگـە وێرانکەرانـە تەرخانـدەکات بەوپـەڕی سـەخاوەتەوە. ئایبەتمەنـدی و کاراکتـەری میلیشـیای ئابـوری ئەمەیـە کەخـۆی بەبەرپـرس نازانێـت بەرامبـەر هیـچ لایەنێکـی مرۆیـی، نیشـتمانی، ژیـانو گوزەرانـی خەڵـک، بـەڵام خـۆی بەخاوەنـی هەمـوو شـتێک دەزانێـت لەنـاو سـنوری دەسـەڵاتی میلشـیایی خۆیـان، هەتا مرۆڤـەکان بەموڵکـی خـۆی دەزانێـت بـۆ بەکارهێنـانو سـودلێوەرگرتن وەک ئامرازێـک یـان گیاندارێـک. لەدەسـەڵاتی کۆنـی میرنشـینەکانو خێڵـەکان لەبـواری بەرپرسـیارێتیدا بەرامبـەر کەسـانی تـر بەهـۆی پابەندبونیـان بەهەندێـک ڕەهەنـدی تقلیـدی و ئەخلاقـی و ئاینـی کـەم یـان زۆر هەسـتێکی مرۆیـی و بەرپرسـیاریەتیان هەبـوو، بـەڵام میلیشـیای تـازە پەیدابـوی ئابـوری بەتاڵـە لەهەمـوو بەهـاو هەسـتێکی بەرپرسـیارێتی و تـەواو بێباکـە لەگیـان، ژیـان، کەرامـەتو داهاتـوی ئـەو خەڵکـەی بەتیـرۆرو زۆرداری خـۆی بەسـەریاندا سـەپاندوە.

ئیـتر ئەمـڕۆ میلیشـیای ئابـوری بۆتـە دیاردەیەکـی تـازەی ڕۆژگاری ئـەم جیهانـەی ئێمـە تیایـدا دەژیـن. پرسـیاری بابـەت ئەمەیـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ میلیشـیای ئابـوری بکرێـت؟ ئایـا ئـەم هەڵوەشـانەوەیەی ئێسـتا هەیـە کـە لەمیلیشـیای ئابوریـدا بەرجەسـتە دەبێـت قۆناغێکـی حەتمـی مێژوییـەو دەکرێـت سـەرەتایەک بێـت بـۆ دوبـارە دروسـتکردنەوەی پێکهاتـەکان ( compounds ) بـەرەو جێگیربونـی هەمیشـەیی و راسـت لـەڕوی نەتەوەیـی، نیشـتمانی، شارسـتانی و هەمـوو ڕەهەنـدە مرۆڤایەتیەکانـەوە؟. ئایـا بەهەڵوەشـانەوەی میلیشـیای ئابـوری دەتوانرێـت هەمـوو هەڵوەشـاوەکانی تـر لەفۆرمێکـی تەندروسـتتر، جوانـترو پایـەداردا پێکبهێنرێنـەوە؟. وەڵامەکـە ئەرێنـی یـان نەرێنـی بێـت، دەبێتـە بابەتـی تـازە کەپێوسـتە شرۆڤـەی بـۆ بکرێـت، لەلایـەن هەموانـەوە بەتایبـەت لەلایـەن ئەکادیمیسـتە ئابـوری و کۆمەڵنـاسو سیاسـیەکانەوە لەسـەر ئابـوری میلیشـیایی.

## کۆمەڵگەی میلیشیایی

لە رووی  کۆمەڵایەتییەوە، ئاشکرایە کە هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر ئاستی نەتەوەیی، شارستانی یان هەتا لەسەر ئاستی خێڵ و کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە پابەندی هەندێ رێسا، یاسا و پەروەردەی تایبەت بەخۆیان بوون و دەبن کە رەنگدانەوەی فکرو فەلسەفەی ژیان و دنیا بینیانە. فکر، فەلسەفە و دنیابینی ماددی و مەعنەوی هەر کۆمەڵگەیەک تێگەیشتنی گشتی لای کۆمەڵگە دروست دەکەن بۆ ژیان و رەهەندەکانی کە لەدواییدا ئەم تێگەیشتنانە بۆ شتەکان لەرەفتاری سلوک (behavior) ی کۆمەڵگە وە هەتا تاک دا رەنگ دەداتەوە، کە ئەمەش وەک فەرهەنگی کۆمەڵ، گروپ و تاک پێناسە دەکرێت. بۆ نمونە عەرەب، هندی، چینی یان رۆژئاوایی بەشێوەیەکی گشتی، هەریەک بۆ خۆی مێژوویەکی فکری، فەلسەفی و جیهان بینی بۆ خۆی هەیە کە لە ئێستای ژیانی ماددی و مەعنەویدا رەنگ ئەداتەوە جیاوازە لە ئەوانی تر، هەر ئەم جیاوازیەش لەفکرو فەلسەفە بەهەموو رەهەندەکانیەوە لەگەڵ تێگەیشتنی گەشتیان ( general conception ) پەی بردنی عقڵ و فکرو هەستیان بۆ ژیان و دەوروبەرو جیهان. دەبینەهۆی جیاوازی فەرهەنگ و شارستانی و فۆرمی ژیانی هەر نەتەوەو شارستانیەک. کە باسی کۆمەڵناسی دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی هەموو رەفتارو جموجۆڵ و فەرهەنگ و پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەگرێتەوە کەلەلایەن تاک و گروپ و ئەندامانی کۆمەڵگەوە لەسەر بنەمای جیهان بینی فکر وتێگەیشتنیان ئەنجام دەدرێت. هەتا لەسەر ئاستی یەک نەتەوەش، بۆ نمونە ژیان و رەفتارو تێگەیشتن و شێوازی ژیان و فەرهەنگی خێڵ، گوند، شار جیاوازە لەیەکتر، بەهەمان جۆر کۆمەڵگەی کشتوکاڵی جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی پیشەسازی لەروی فەرهەنگی و فکری و رەفتارەوە. هەروەها لەسەر ئاستی چینایەتی، چینی سەرمایەدار، بورژوا لە فەرهەنگ و فۆرمی ژیان و دنیا بینیەوە تەواو جیاوازن. لەمێژووی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا هەمیشە دەسەڵاتداران بۆ بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان زیاتر گرنگیان بەفەرهەنگ و فکرو دنیابینی ئەو چینە داوە لەناو کۆمەڵ کە لەخزمەت بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتداریە بۆ نمونە لە رۆژئاوا سەرمایەدارو بورژوا ( چینی ناوەراست ) کە دەسەڵاتدارە فەرهەنگ و فۆرمی ژیان و رەفتاری بورجوازی لەهەموو کایەکانی ژیاندا هەتا لە مۆسیقاو هونەرو ئەدەبدا هان دەدرێت و رەنگ دەداتەوە. بەهەمان جۆر لەسیستەمی دەسەڵات دارانی ئاینی یان کۆمۆنستی ئەمە دەبینرێت وەکو ئێران و سعودیە و سۆڤیەتی جاران، لێرەدا بێگومان دەبێت ئاماژە بەرۆڵی

هەر دەسەڵات، حکومەت، یان دەوڵەتێک پەیامێکی ئاینی، مەزهەبی، فەلسەفی یا فکری و جیهان بینیەکی تایبەتی خۆی هەیە

گرنگی هۆکاری ئابوری بکرێت لەسەر ژیان و فۆرمی ژیان و فەرهەنگ و فکرو پەیوەندیە جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان. ئەمەش لەشوێن و کۆمەڵگەیەکەوە جیاوازە لەگەڵ شوێن و کۆمەڵگەیەکی تر، بۆ نمونە لەم شوێنانەی کەژیانی ئابوری لەسەر سیستەمێکی دیاری کراو لەسەر بنەمای رەهەندی نیشتمانی و بەرژەوەندی میللی چوارچێوە ( شکل ) دەگرێ هەتا لە کۆمەڵگە سەرمایەداریەکان جیاوازە لەم شوێنانەی کەدەسەڵاتی نیشتمانی و میللی دڵسۆز نەبێت یان وەکو ئێستا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کۆمەڵگەکان بەرەو میلیشیایی دەچن یان بەشێکیان کە بەتەواوی ئێستا بوونەتە کۆمەڵگەی میلیشیایی. هەر دەسەڵات، حکومەت، یان دەوڵەتێک پەیامێکی ئاینی، مەزهەبی، فەلسەفی یا فکری و جیهان بینیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پەروەردەو ئاراستەکردنی کۆمەڵگە لەهەموو بوارەکانی خوێندن و پەروەردە، ئابوری، یاسا، سیاسی و فەرهەنگی، ئیتر ئەم پەروەردەیە باش بێت یان خراپ دەبێتە ناسنامەی ئەو گەل و کۆمەڵگەیە یان گروپە، ئەگەر ئەم پەروەردەو فکرو

جیهان بینیە مایەی قبوڵی کۆمەڵگە بێت ئەوا دەمێنێنەوە، وەکو لەڕۆژئاوا تا ئێستاش ئەمەی هەیە جێگەی قبوڵە ئەگەر قبوڵ نەکرێت ئەوا محکوم بەنەمانەوەو ڕۆیشتنە وەکو ئەوەی لە سۆڤیەتی جاران و زۆر شوێنی ترا بینرا. پرسیاری بابەت ئەمەیە تایبەتمەندی کۆمەڵگەی میلیشیای چیە لەکاتێکدا میلیشیاکانیش، هەتا میلیشیا ( باندە ) ئابوریەکانیش بۆ رەوایەت دان بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی

**خێڵە سەرەتاییەکان زۆر بێ ئازار ترو بێ زیان تر بون لەچاو ئەم گروپە میلیشیایانە**

خۆیان دروشمێکی مەزهەبی، یان بە ناو فکرەیەکی سیاسی، نەتەوەیی یان هەتا ناوچەیی و خێڵەکی هەڵ ئەگرن؟. لەڕووی رەفتارو بیرکردنەوەو ئارەزووەکان هەموو ئەوانەی کە لە ئەنجامدا خۆیان لەچوارچێوەی میلیشیادا دەبیننەوە جا هەر دروشم و مەزهەب و فکرەیەکیان هەبێ، رەفتارو عەقڵیەت و ئارەزوی خێڵە هەرە سەرەتاییەکان هەڵ ئەگرن بەڵام بەئامرازو شێوازی تر و هەتا بەدرۆ و ساختەی تازەوە نەک رەفتارو عەقڵیەتی دامەزراوەیی و دەوڵەتی، بە هەمان جۆر کۆمەڵگەش هەمان رەفتارو عەقڵیەت و فەرهەنگ و ئارەزوی خێڵە هەرە سەرەتاییەکانیان هەڵ ئەگرێ. لەزۆر ڕووەوە، هەتا خێڵە سەرەتاییەکان زۆر بێ ئازار ترو بێ زیان تر بون لەچاو ئەم گروپە میلیشیایانەی کەئێستا لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتانی ئیسلامی بونیان هەیە، چونکە لەناو خێڵە سەرەتاییەکاندا گیانی دۆستی هاوکاری و ژیانی هاوبەش سەرچاوەی بەردەوامی ژیان بووە بەڵام لەناو کۆمەڵگە میلیشیاکاندا بەپێچەوانەوەیە. میلیشیاکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە هەوڵی وێرانکردن و ڕووخانی هەموو بەهاو بنەمایەکی کۆمەڵایەتی دان جا هەر فکرەو دنیا بینێکیشیان هەبێ، کاتێک بەهاکانیان نەهێشت تەنها بەهای بێ بەهای خۆیان دەمێنێت کە دەیانەوێ بیخەنە شوێن بەهاو بنەما کۆمەڵایەتیە روخاوەکان کە نە هیچ بنەمایەکی مرۆڤی و زانستی پەروەردەیی هەیە وەنە هیچ ئامانجێکی سیاسی، ئابوری ،ئینسانی وە نیشتیمانی هەیە بۆ داهاتوو. لەبەرئەوە دەبینن ئەم کۆمەڵگەیانەی کە میلیشیا فەرمانڕەوایە تیایانا کۆمەڵگەی روخاو و وێرانەن تاکەکان بێ ئیرادەن و بێ بەشن لە پەروەردەی فکری و فەرهەنگی و شارستانی. لە ناو کۆمەڵگەی میلیشیایا، ڕابەرە مزەیەفەکانی میلیشیا تا ئاستی پەرستن پیرۆز ئەکرێن لەهەمان کاتدا میلیشیاکان هەوڵ دەدەن ئەم دروشم و فکرەو مەزهەبەی هەیانە لەڕێگەی زەبرو زەنگ و ترۆر و تۆقاندنەوە بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن. لە کۆمەڵگەی میلیشیاییدا پێناسەی چینایەتی لە سەر بنەمای توانای ئابوری، مێژویی وە کلتوری چینایەتی نیە بەڵکو لەسەر بنەمای نزیکی، دلسۆزی وە یا مل کەچ بوونە بۆ میلیشیاو ڕابەرەکانی، واتە کۆمەڵگە ئەبێتە دوو چین یا لەگەڵ میلیشیای یان نا، لەگەڵ میلیشیا بوون هەتا ئەگەر بە ساختەشبێ ئەوا ئیمتیازی ئابوری هەیە چونکە ئامانج و سیاسەتی میلیشیا بەتایبەت میلیشیای ئابووری تەنها دەستکەوتی ئابوریە هەتا سیاسەت دروشمش بە کار دێ بۆ مەبەستی ئابووری. ڕەوش و ڕەهەندی ئازادی و فەرهەنگیش بە هەمان جۆرە لە ناو دەسەڵاتی میلیشیای. بۆیە، تایبەتمەندی کۆمەڵگە میلیشیاکان ڕووخانی بەهاکان، وێرانی، بێ هیوایی تراژیدیا، شکانی کەسایەتی، هەژاری، سنەم، بێ دادی، بێ هیوایی بێ ئایندەیی وە کارەساتە، نمونەی زیندویش ئەمەیە، کە لەنزیکەوە هەمومان دەیبینین. ئیتر پێویستە و دەبێت لایەنە ئەکادیمیەکانی بواری ئابوری کۆمەڵناسی ئەگەر بەراستی هەبن باس و توێژینەوەی زیاتر

## حکومەتی میلیشیایی

لەسەر دیاردەی کۆمەڵگە میلیشیاکان بکەن بە هەموو لایەنەکانیەوە.

کە باسی حکومەت کردن یان دەسەڵاتداری کردن دەکرێت، پێویستە دوو شت یان جیاوازی لەیەک جیابکرێنەوە.

١- حکومەت کردن یان دەسەڵاتداری کردن لەسەر بنەمای دامەزراوەی دەوڵەت(state). لەو وڵاتانەی کە فکری سیاسی، فەرهەنگی سیاسی، دیموکراسی و هۆشیاری و بەرپرسیاریەتی سیاسی و نیشتمانی هەیە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خەڵک و وڵات، سیاسەت، فەلسەفە و ئایدیای حکومەتداران و دەسەڵاتداران لە لە بچوکترین دامەزراوە

تا گەورەترین دامەزراوەی دەوڵەتی ڕەنگ دەداتەوە لە هەموو کایەکانی ئابوری، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی وە پەیوەندیە دبلوماسی و جیهانیەکان بەڵام دامەزراوەکانی دەوڵەتی لە وڵاتانی دیمکرات تا بنە مولکی هیچ حیزب و گروپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک لە وڵاتانی دیکتاتۆرو حکومەتە میلشیا ییەکان.

٢- حکومەتداری کردن یان دەسەڵاتداری کردن لەسەر بنەمای دەوڵەتی لاواز، واتە دامەزراوە دەوڵەتیەکان بەکاردێن بۆ چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتداران و دەبنە مولکی دەسەڵاتداران وەکو لەو وڵاتە دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێ هەم دەبینرێت. هەروەها حکومەتداری کردن لەسەر بنەمای هەندێ دامەزراوە کە بەناو دەوڵەتین بەڵام لە راستیدا بونیان نیە وەکو دەسەڵاتی تازەی میلیشیاکان کە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبوندان لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی.

**هەروەها حکومەتداری کردن لەسەر بنەمای هەندێ دامەزراوە کە بەناو دەوڵەتین بەڵام لە راستیدا بونیان نیە وەکو دەسەڵاتی تازەی میلیشیاکان کە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبوندان لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی**

جگە لەم دوو حاڵەتەی سەرەوە، دەسەڵاتی خێڵ و قەبیلەش هەیە کە هیچ بنەمایەکی دەوڵەتیان نیە، کە لەرێگەی هەندێ عورف و عادەتی تقلیدیەوە دەسەڵاتی خێل و عەشیرەتی پیادە ئەکرێ کە کەڵک لە هەژاری، نەخوێندەواری، ناهۆشیاری و عورف و تقالیدی کۆنی خێڵەکی و کۆمەڵایەتی وەردەگرێت.

هەروەکو لە وتارەکانی پێشودا باسمان کرد، دەسەڵاتی خێل و قەبیلەیی لە زۆر ڕووەوە مرۆیی ترو بەرپرس تر بوون بۆ خەڵک بەبەراورد لەگەڵ دەسەڵات و حکومەتە میلشیا تازە پەیدابووەکان.

دەتوانین بنەما یان پایە هەرە سەرەکیەکانی حکومەت و دەسەڵاتی میلیشیایی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە.

١- هەڵوەشاندنەوەی و گەندەڵکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی وڵات و قۆرخ کردنی کایەکانی ئابوری و دارایی و بەکارهێنانیان بۆ بەستنەوەی خەڵک بە خۆی.

٢- لەتکردن و دابڕان و هەڵوەشانی هەموو دیاردەیەک و بنەمایەکی ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مرۆیی کە ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی هە بێ و هەروەها پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گروپ و دەسەلاتی میلیشیایی.

٣- لەناوبردنی هەموو یاساو ڕێسایەک و کۆنترۆڵکردنی بواری دادوەری بۆ خزمەتی خۆی وە لەبری یاساو داد بەکارهێنانی ئەم عورف و عادەتە تقلیدیانە کە لە ناو کۆمەڵا باوە، هەتا لە ناو ئەم عورف و عادەتە تقلیدیانەش میلیشیا سوود لەمانە وەرئەگری کە تنها لەبەرژەوەندی خۆیەتی.

٤- پشت بەستن بەهێزی دەرەکی بۆ پارێزگاری ئاسایش و مانەوەی خۆی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی، ڕۆڵ بینین وەکو مرتزقەیەکی هەمیشەیی. دەسەلاتە میلیشیاییەکان هیچ بنە ما یەکی ئابوری، نەتەوەیی وە نیشتیمانی نیە، لە بەر ئەوە ١٠٠٪ پشت بە وڵاتان و هێزە دەرەکیە کان ئە بەستن بۆ مانەوەی خۆیان، وتەکانی حسن نصرللای لوبنانی رابەری گروپی و دەسەلاتی میلیشیای حزب الله لە ٢٥-٧-٢٠١٥ کەوا ئیران تاکە سەرچاوەی داراییانە، واتە ئیران ١٠٠٪ سەرچاوەی داراییان بۆ فەراهەم ئەکات، بەڵگەی زیندو و تازەیە بۆ راستی ئەم دەربرینەو بابەتەی ئێمە. *

٥- بەکارهێنانی ئەکادیمی فەل و موزەیە ڤ بێ فکرو بێ ویژدان لەگەڵ بەناو قەڵەم بەدەستی هەراجکراو بۆ داپۆشینی درۆو ساختە و تاوانەکانی دەسەلات و حکومەتی میلیشیا.

ئەم گروپە میلیشیایانەی کە لەسەر ئەم بنەمایانەی سەرەوە دەسەڵاتداری و حکومەتی میلیشیایی پیادە دەکەن لەرووی کاراکتەری کەسایەتیەوە بریتین لە کەسانی فاشل، تەمبەل ،تاوانکار، ساختەچی، بەرژەوەندچی، گەندەڵ، بەلاش خۆر، تالانچی، مرتزیقە وە بە یەک ووشە ئەوباش .... چونکە ئەم

کەسانە ئەنها دەتوانن لە ژینگەی دەسەڵاتی میلیشیایی بێ یاساو لێ پرسینەوە درێژە بەژیانی تاوانکارانەی خۆیان بدەن، هەرگیز ناتوانن لەناو سیستەم و کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و ئاساییدا یەک ڕۆژ نەک هەر بەردەوام بن لەدەسەڵات و حکومەتی میلیشیایی، بەڵکو هەتا توانن لە ناو کۆمەڵدا ژیانێکی ئاسایی و ئازادیان هەبێ، چونکە هەر کاتێ یاسا، سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵگەیەتی ئاسایی هەبێت لەسەر بنەمای نیشتمانی، بەرژەوەندی گشتی، خەڵک وە داد، شوێنی ئەوانە زیندان و دادگاکانی لێ پرسینەوە دەبێ. هەر لەبەر ئەمەشە دەسەڵاتە میلیشیاو حکومەتە میلیشیاکان هەموو بنەماو دیاردەیەکی نیشتمانی وێران دەکەن تا ڕۆژی لێ پرسینەوە و حیساب دورتر بکەونەوە. وە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان هەر هەوڵێکی دیموکراتی وە نیشتیمانی پوچەڵ بکەنەوە کە بە ئاراستەی ئاسایش و ژیانێکی ئاسایی بێ، چونکە دەسەڵاتی میلیشیایی تەنهاو تەنها لەئاژاوەو گێرە شێوێنیا دەتوانێت درێژە بەتەمەنی خۆی بدات، نمونەی زیندوو بۆ ئەمە، گروپە میلیشیا و دەسەڵات و حکومەتە میلیشیاکانن لە ئەفغانستان و عێراق و سوریاو یەمەن و لیبیاو لوبنان و ... هتد.

تایبەتمەندی دەسەڵاتی حکومەتی میلیشیایی برینیە لە لاوازی و نەهێشتنی هەموو فەرهەنگێکی مرۆیی، یەکتر قبوڵکردن، لێ بوردەیی، بە دیاردەکردنی هەموو لایەنەکانی توندوتیژی، نەزانی، گومراکردن و هەروەها میلیتاریزمە کردن و میلیشیا کردنی کۆمەڵگە. ئەنجامی ئەم دەسەڵاتە میلیشیایانە دابڕانی کۆمەڵگەیە لە ڕەوتی شارستانی، ئینسانی و هەموو پێشکەوتنێک و تکاملێکی ئابوری، فەرهەنگی و مەدەنی لەگەڵ گەڕانەوەی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگە هەرە سەرەتاییەکان بەهۆی هەژاری، نەزانی وە ستەمەوە، بەڵکو هەتا خراپتر لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، چونکە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و خێڵەکاندا تا ئەندازەیەک هەستی ژیانی هاوبەش هەبووە لەگەڵ سەرچاوەی سروشتی بۆ تا بوربو مانەوە لە ژیان بێ سەرشۆڕکردن بۆ کەس، بەڵام وەکو باسمانکرد میلیشیا هەر بۆ خۆی سەرچاوەکانی سروشتی و ئابوری وێران ئەکا لەڕێی گەندەڵی و قۆرخکاریەوە، هەموو تواناکانی ولات دەخرێنە خزمەتی گروپ و حکومەتی میلیشیایی تا بتوانن لەڕێی ئابوری و بژێویەوە سەر بە زۆرینە شۆڕ بکەن.

بەڵگەش بۆ ئەمە لە هەموو ئەو شوێنانەی حکومەت و دەسەڵاتی میلیشیا هەیە هیچ بەرهەمێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی نیە، ئەوەی کە هەشە میلیشیاو حکومەتی میلیشیا خاوەنداری دەکات تا دواجار بۆ خزمەتی میلیشیا بەکاربێ نەک خەڵک.

**دەسەڵات و حکومەتی میلیشیاکان دەرگای دۆزەخ و تراژدیایان کردۆتەوە**

ئەگەر ڕەوتی ڕوداوەکان وەکو ئێستا بەردەوام بن، گەلێ شوێنی تریش دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتکردنی میلیشیاکان لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی.

بڵاو بونەوەی بیری توندرەوی، چارەسەر نەبوونی کێشە نەوەیی و تا ینیی و مەزهەبیەکان، کەڵەکە بوونی گرفتەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی، دواکەوتوی و لاوازی بیرو فەرهەنگی سیاسی و ئینسانی و دیموکراتی لە ناوچەکە زەمینەوە ژینگەیەکی شیاویان دروست کردوە بۆ گەشە، دەسەلات و حکومەتی میلیشیاکان. گروپە میلیشیا تاوان کارەکانیش لای خۆیانەوە ئیستیغلالی کێشەکان، گرفتەکان ئەکەن وەک کاڵایەکی بازرگانی بۆ سودی خۆیان لە ژێر هەندێ ناو و دروشمی ساختەو فریودەرانەدا.

ئێستا، دەسەڵات و حکومەتی میلیشیاکان دەرگای دۆزەخ و تراژدیایان کردۆتەوە، دەکەنەوە بۆ گەلان و خەڵکی هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئایندەیەکی دوور کە ناتوانرێت پێشبینی بکرێ تا کەی؟

لەسەر بنەمای خوێندنەوەی مێژوویی بۆ دەسەڵاتەکان، دەتوانین بڵێین دەسەڵات و حکومەتە میلیشیایە کانی سەردەم لەهەموو رویەکەوە تراجیدی ترین دەسەڵاتی مرۆڤایەتین لە مێژوودا.

پرسیاری بابەت ئەوەیە گەلان و کەسانی ژێر دەسەڵاتی میلیشیایی و حکومەتی میلیشیایی چی بکەن بۆ گێڕانەوەی ڕەوتی ژیان بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە بۆ ئاراستەی ڕەوتی ئاسایی و تەکاملی مێژویی و مرۆیی؟

# هاوسەرۆکایەتی و رزگاربوون لە دیکتاتۆریەت



سەردار سنار

ناوەندگەرایی و دیکتاتۆریەت وەک نەخۆشیەکی کوشندەی سەردەم بەرۆکی کۆمەڵگای گرتووە، بەتایبەتیش لە رۆژهەڵاتی ناوین. بێگومان تا ئێستا لەلای زۆر کەس ئەوە نازانرێ کە ناوەندگەرایی و دیکتاتۆریەت بەرهەمی سیستەمی دەوڵەت - نەتەوەیی سەرمایەدارین، لەبەر ئەوەی دەوڵەت - نەتەوە لە سیستەمی سەرمایەداری کراوەتە جوانترین و باشترین و رازاوەترین خەونی مرۆڤ، ئەمەش هۆکارەێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی دیکتاتۆریەت ببێتە کردەیەکی رەوا، زیاتر لەسەد ساڵە رۆژهەڵاتی ناوین بە مۆدێلی دەوڵەت - نەتەوەیی ناوەندگەراو دیکتاتۆر بەڕێوەدەچێ، ئەوەی زەرەمەندی گەورەشە گەلی کوردستانە، بێگومان نەتەوە سەردەستەکانی کوردستانیش «تورک» عەرەب، فارس» بەقەد کورد بەدەستی دیکتاتۆریەتی ناوەندگەرایی دەوڵەتەکانیان ئازاریان بینیوە، باشترین نمونەشمان رژێمی بەعسی رووخاوە، هەموومان ئەزانین عەرەبی شیعی چەندە بۆتە قوربانی سیاسەتە نەتەوەپەرستیانەکانی رژێمی بەعس.

تەمەنی دەوڵەت - نەتەوە نزیکەی دوو سەد ساڵە« بەڵام خودی دەوڵەت نزیکەی پێنج هەزار ساڵە هەیە«، بەڵام پێکهاتەیەکی بێ خاوەنە« وەک دەڵێن باوک و دایکی دەوڵەت دیارنیە«. سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەت - نەتەوەیی وەک ئەلتەرناتیف بۆ سیستەمی دەرەبەگایەتی ئیمپراتۆرەکان پێشکەش کرد، بەڵام ئەو نەخۆشی و نەهامەتیانەی ئیمپراتۆرەکان بۆ کۆمەڵگا و نەتەوەکانی هێنا، چەند قات زیاتر سیستەمی سەرمایەداری بەمۆدێلی دەوڵەت - نەتەوە بۆ کۆمەڵگاکانی هێناوەو دوو شەڕی جیهانی گەورەو، شەڕی جیهانی سێیەمیش کە ئێستا بەناو دەکرێ، ئۆباڵەکەی لەئەستۆی سیستەمی سەرمایەداری و مۆدێلی دەوڵەت - نەتەوە دایە. بێگومان ئەگەر هەردوو شەڕی رابردوو لە مێژوودا مابنەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەموومان بەزیندووی ئەیبینین.

دەوڵەت - نەتەوە کە خاوەنی خەسڵەتی ناوەندگەرایی توندڕەوە کە ئەنجامەکەی بەرەو دەسەڵاتێکی دەسپۆت و دیکتاتۆر دەچێ، جا دەوڵەتەکەی سۆسیالیستی بێ، یان سەرمایەداری»کەپیتالیستی» جیاوازی نیە، چونکە دەوڵەت بەیەک رەنگی نەتەوەیی، مەزهەبی، ئاینی لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوەئەچێ. لای هەموویان پەرلەمان تا ئەو ئاستە رۆڵی هەیە کە مەرامەکانی ئەوان جێبەجێ دەکات، دوای ئەوە کارتۆنی سەیری ئەکەن، واتا ئەوەی پێیدەڵێن دەوڵەت - نەتەوەیی لیبراڵی، ئازادی، پەرلەمانی، لەرۆژهەڵاتی ناوین هەموویان بە دیکتاتۆری کۆتاییان هاتووە، ئەوەی لەسەر کاریشن بەزەبری ئاگر و ئاسن دەسەڵاتەکەیان راگرتووە، نمونەی بەرچاو، رژێمی پەرلەمانی و بەناو دیموکراتی و عەلمانی تورکە، یان هەبوونی پەرلەمانی ئێران و سعودیە و کوێت و هەتا دێینەوە عێراق و هەرێمی کوردستان. واتا ئەگەر رژێمی سەدام و موبارەک و بن عەلی و قەزافی و عەلی عەبدوڵا ساڵح رووخاون و ئەوەی ئەسەد و عەبادی و ئەردۆغانیش لەبەردەم رووخان دان، ئەوەی سعودیە و ئێرانیش بە هێزی دیکتاتۆری ئاینی و مەزهەبی لەسەر پێ راگیراون، باشە چ ئەزموونێک لە سەرکەوتنی ئەو رژێمانەدا هەیە!!!!!؟؟؟.

> دەوڵەتی پرۆلیتاریایی لینینیش بەهەمان تایبەتمەندی دەوڵەتێکی سەرمایەداری بوو

سۆسیالیستەکان ویستیان بە دەوڵەتی پرۆلیتاری رێگا لە دیکتاتۆریەتی سیستەمی ناوەندگەرای سەرمایەداری بگرن، لینین بەناوی کردبوو کە «سەرمایەداری لە ترۆپکی دەسەڵاتداریدا ئیمپریالیزم بوونە«، بێگومان پێناسەیەکی راستە، بەڵام دەوڵەتی پرۆلیتاریایی لینینیش بەهەمان تایبەتمەندی دەوڵەتێکی سەرمایەداری بوو، تەنها

جیاوازیەکەی ئەوەبوو کە لەجیاتی ئەوەی خاوەن سەرمایە و کۆمپانیاکان خاوەن بەڕێوەبردنی دەوڵەت بن، ئەمجارە کرێکاران و پارتە کۆمەنیستەکان بوونە خاوەن دەوڵەت، بۆیە لە ئەنجام وەک رێبەر ئۆجالان ئەڵێت» ئاویان بەئاشی سیستەمی سەرمایەداریداکرد و تەمەنی سیستەمی سەرمایەداریان درێژکردوە«.

**« ئازادی و دیموکراتی و پێکەوە ژیان و ئاشتی و نەتەوەیەکی بەهێز» بە مۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە جێبەجێ نابێ**

بێگومان ئەگەر دەوڵەت - نەتەوە وەک چارەسەری بۆ پێشخستنی ئابووری خۆی دەرخستە پێش و ئابووری ئازادی کردە دروشمی خۆی، لەسەر ئەوبنەمایەش پرۆسەی بەجیهانیبوونی دەستپێکردو دوای رووخانی سۆڤیەتیش سەرکەوتنی خۆی راگەیاند، بەڵام دەبێ ئەو پرسیارە بکەین ئەرێ بەڕاست ئەو قەیرانە ئابووریە چیە بەرۆکی هەموو دەوڵەت - نەتەوەکانی گرتووەو هەر یەکێکیان بەدەیان ملیار دۆلار قەرزارە، نمونەی هەر دوایمان هەرێمی کوردستانە کە زیاتر لە بیست ملیار قەرزارە و حەوت مانگیشە ناتوانێ مووچەی یەک فەرمانبەر بدات، ئەوەشی کەمە درۆیەکی زلیشی لەگەڵ ئەکات و ئەڵێ پارەکانیان بۆ پاشەکەوت ئەکەین!!!، بێگومان سعودیە کە بەیەکێک لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بەناو دەکرا، بەڵام دەرکەوت نزیکەی دە ملیار دۆلار قەرزارە!!!!.

ئێمە مەبەستمان نیە لەم وتارەدا هەموو لایەنە شکستخواردوەکانی دەوڵەت - نەتەوە باس بکەین، بەڵام پێویست دەکات ئەوە روون بێ کە« ئازادی و دیموکراتی و پێکەوە ژیان و ئاشتی و نەتەوەیەکی بەهێز» بە مۆدێلی دەوڵەت - نەتەوە جێبەجێ نابێ.
ئەوەی ئێمە لێرە زیاتر مەبەستمانە لە سیستەمی دەوڵەت - نەتەوە روون بکەینەوە، ئەویش مۆدێلی سەرۆکایەتیەکەیەتی، بەناوی چوار ساڵ هەڵبژاردن لە ناوپەرلەمان بێ یان لەناو خەڵک، بەڵام ئەنجام قوڵکردنەوەی ناوەندگەرایی و چوونە بەرەو دیکتاتۆریەت و نەناسی ئیرادە و دەنگی هاوڵاتیان. هەندێک پێناسەیەکی هەڵە ئەکەن؛ گوایا ئەوانە شەرعیەتی شۆرشگێری بەکاردێنن، بۆیە ئەو دەستپۆتیزمە ستەمکاریە بەڕێوەدەبن، بەڵام لەبنەمادا شەرعیەتی شۆرشگێری نییە، بەڵکو مۆدێلی دەسەڵاتگەرایی ناوەندگەرایی دەوڵەت - نەتەوەیە بە زەبری چەک، کە باوەڕی بە دەنگ و ئیرادەی کۆمەڵگا نیەو رووەو دیکتاتۆریەت مل دەنێ. پێویستە شۆرش و شۆرشگێریەتی بەو مۆدێلە شکستخواردوە پێناسە نەکرێت، چونکە شۆرش بەرهەمی مرۆڤە هەرە ئازادیخوازەکانی ولاتە. بۆیە دەبێ زاراوە جوانەکان و ستەم و زۆرداری لێک جیابکرێنەوە، هەمانکات چۆن دەوڵەت - نەتەوە پرۆسەیەکی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیە، بەهەمانشێوەش پرۆسەی شۆرش پرۆسەیەکی جیهانیە، ئەوە شۆرشی چەکداری ئەبێ، یان شۆرشی دیموکراتی، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پرسی دەوڵەت و بوون بەدەوڵەت و ئازادی و سەربەخۆی وڵات لێک جیابکەینەوە.

**فەرمانداری گشتی هێزی چەکدار و سوپا، سوپا و هێزە چەکدارەکان وەک کۆیلەکانی سەردەمی زوو بۆ پتەو کردنی دەسەڵات بەکاریان دێنێ**

واتا مەرج نییە وڵات تەنها بە گەیشتن بە دەوڵەت ئازادبێ، بەڵکو دەکرێ لە رێبازی دیموکراتیانە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بگەڕێین، بۆئەمەش فەیلەسوف و زانایان بواری کۆمەڵناسی وێنەی «مورای بۆدکین و ژیژک و والرشتاین و چۆمسکی و ئۆجەلان» نمونەی بەرچاون لەوبارەیەوە کە ئاخۆ دەبێ مرۆڤایەتی چۆن لە بەلای دەوڵەت - نەتەوە رزگاری بێ؟؟ .
پەرلەمانی نوێنەرایەتی، کابینەی حکومەتی یان ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی دەوڵەت، هەروەها ئەنجومەنی دادوەری و دادگا و دەستور و یاسا، هەموویان رووی یەک دراون، زۆربەی کات لەدەستی سەرۆکی دەوڵەت وەک یاری بەکارئەهێنرێن و مەرامە دەسەڵاتداریەکانی پێ پتەو ئەکرێن، لەگەڵ ئەوەش هێزی چەکدار و دامودەزگای ئاسایشیش وەک کوتەک بەدەستی ئەگرێ و بەناوی فەرمانداری گشتی هێزی

چەکدار و سوپا، سوپا و هێزە چەکدارەکان وەک کۆیلەکانی سەردەمی زوو بۆ پنەو کردنی دەسەڵاتی بەکاریان دێنێ، هەموو دەسەڵاتدارە دەوڵەت - نەتەوەکانمان بینی چۆن پەرلەمان، دادگا، سوپا، دەستور لەخزمەتی خۆیان بەکاریان دێنن، ئەو نمونەیەی ئەمڕۆ، لە هەرێمی کوردستان و تورکیا و عێراق هەیە، گەواهیدەری قسەکانمانە.

## پرسی ئازادی ژن وەک یەکێک لەپرسە هەستیار و گرنگەکانە

ئەوەی زاناکان و فەیلەسوفە کۆمەڵناسیەکان لەسەری رێککەوتوون ئەویش؛ سیستەمی دەوڵەت - نەتەوەیی ناوەندگەرایی دەسەڵاتگەرایی دیکتاتۆر، ئیتر کاتی بەسەرچووە، لەبنەماشدا هیچ پێویست نەبوو بۆ کۆمەڵگا، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری بە زۆر سەپاندی بەسەر کۆمەڵگای جیهانیدا، بۆیە بەبێ گۆڕانکاری لەسیستەمی جیهانی ئەمڕۆ کە سیستەمی سەرمایەداری لەبەرامبەری بەرپرسیارە مەحاڵە بتوانرێ گۆڕانکاری بکرێ. ئەوەی لەسەدەی بیست و یەک بۆتە پرسی هەرە سەرەکی ئەویش ؛ پرسی ئازادی رەگەزی و پرسی پێکەوە ژیان کردنی گەل و نەتەوەو ئاین و ئاینزایەکانە بەئاشتی و لەسەر بنەمایی یەکتری بەهێزکردن نەک یەکتری لەناوبردن.

پرسی ئازادی ژن وەک یەکێک لەپرسە هەستیار و گرنگەکانە، پێویستە دەکاتە لە کەرستەی نمایش کردن و تەنها بە قسە یان بەو دروشمەی کە دەیانگوت» ژن نیوەی کۆمەڵە و دایکی نیوەکەی تریشیەتی» درۆبوو، چونکە بووە دروشمی ریکلام کردن رازاندنەوەی سفرەکانی دەسەڵاتداران، ئەوە ئەزانرێ کە ژن وەک رەگەزێکی بێ مێژوو و بێ مەعریفە بەناو دەکرا، کاتێک پێناسەی مارکس بۆ کۆمۆنەی «سەرەتایی» دەیگوت: قۆناخێکە مرۆڤایەتی بێ مەعریفە ژیاوەو تەنها هەست بووە، ئەو قۆناخەش بە قۆناخی دایک سالاری بەناو دەکرا،» لەراستیدا ئەوە گەورەترین چەوساندنەوەیە لەسەر ژن، لەلایەک بێ مەعریفە بەناو کردن، لەلای دووەمیش چواندنی بە هەمان دەستەواژەی پیاو سالاری، ئەمە بێ رێزیەکی گەورەیە بە مێژووی ژن»، ئێستا سەلمێنرا کە کۆمەڵگای بەر لەمێژووی نوسراو مێژوویکی نزیکەی ٨ - ١٠ هەزار ساڵیە، بێگومان ئەو هەموو کاتە مرۆڤ بەبێ مەعریفە نەژیاوە، چونکە پرە لە داهێنان، دووەمیش دایک سالارنەبووە، بەڵکو دایک بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیکاربووە بۆ ژن و بۆ پیاو، واتا مۆدێل و فۆرمی کۆمەڵگا دایک بووە، بۆیە پێویستە راستکردنەوە بکرێ بۆ ئەو دەستەواژانە مێژووش بەراستی بخوێندرێتەوە. لە دوای لادانی کۆمەڵگا لە هێڵی سروشتی رێچکەی پێشکەوتنی ئاسایی خۆی واتا لە کۆمەڵگای دایکایەتی تا سەدەی بیست، ئەتوانین بڵێین ژن بەتەنها ماوەتەوەو بووە بەدیلی پێنج هەزار ساڵەیی، لە ناوەڕاستی سەدەی بیست و دوای شەڕی جیهانی دووەم، دەرکەوتنی گرووپە فێمەنیستەکان و بەر لەوەش ژنە سۆسیالیستەکانی وێنەی رۆزا لۆکسمبۆرگ و کلارا زینکین و زۆر ژنی تر، بەڵام رێبازی تێکۆشانیان تەنها رووبەڕوو بوونەوەو ردنکردنەوەی رەگەزی بەرامبەر بووە، بەدیل بۆ سەردەستایەتی پیاوی دەسەڵاتدار و خۆسەپێن نەدۆزرایەوە، لەلایەکتر بەدواداچوون بۆ هاوسەنگی رەگەزی چۆن دروست دەبێ نەک یەکتر ردکرنەوەو نکۆڵی کردن لەیەکتری نەبووە خاڵی هاوبەش؟؟.

## هاوسەرۆک

لەئێستا تەنها ئەلتەرناتیفێک بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی تاکڕەو خۆسەپێن و دەسەڵاتگەرا و دیکتاتۆر هەیە ئەویش سیستەمی هاوسەرۆکایەتیە. ئەمەش پرۆژەی بەڕێز ئۆجالانە بۆ چارەسەری کێشەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە ئاستی سەرەوە، ئەوە ئەزانین کە بەڕێز ئۆجالان جاری سیستەمی خۆیدا لە نەورۆزی ٢٠٠٥ بەناوی «کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی»، بێگومان لە بەرێکخستنکردنی کۆمەڵگادا لە خوارەوە دەستپێکرد، واتا بچوکترین یەکە کە کۆمەڵگای گوندو کۆڵانە، ئەمەشی رێکخستن و بەڕێوەبردنەکەی چڕکردۆتەوە لە کۆمین و ئەنجومەن، لە بەرەو پێش بردنی گۆڕەپانی سێیەم لە کۆمەڵ و رێکخراوە مەدەنیەکان، هەمانکات راگەیاندنی ئازاد و خۆپاراستنی رەوا. بێگومان پرسی خۆبەڕێوە بردنی کۆمەڵە و گرووپ و چین و توێژیی

جیاجیاش بووە بنەمایەکی سەرەکی، واتا ئێکدانی ناوەند، بەڵام بەهێز کردنی یەکێتی نێوان کۆمەڵگا بە رەنگ و جیاوازیەکانیانەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە ئیدی مۆدێلی هاوسەرۆکایەتی دەرکەوت، وەک نمونە سەرەتا لەباکوری کوردستان لە پارتی کۆمەڵگایی دیموکراتی ئاقی کرایەوەو سەرکەوتووبوو، دواتریش لە پارتی ئاشتی و دیموکراتی، لە پارتی دیموکراتی گەلان هاوسەرۆکایەتی گەیشتە ترۆپک، واتا نەتەنیا ژن و پیاوی کورد ببنە هاوسەرۆک پێکەوە، ئەمجارە ژن و پیاوی کورد و تورک بوونە هاوسەرۆک، ئەمەش لە سەباحەت تونجەل وەک ژنێکی کوردی عەلەوی، لەگەڵ ئەرتوغولو کورەکچی پیاوێکی تورک، هەروەها لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی هەدەپە پارتی دیموکراتی گەلان هەنگاوێکی تری بڕی ئەویش لە کەسایەتی سەلاحەدین دەمیرتاش پیاوێکی نەتەوە کوردی ئاینزا عەلەوی زاراوە زازا هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی دیموکراتی بوو، لەگەڵ ژنێک لە نەتەوەیی تورک سونی، سەرۆکی پارتی رەنج و ئازادی، لەگەڵ رێکەوتن لە گەڵ زیاتر لە ٣٥ گرووپ و رێکخراوی جیاجیا، ئەمەش هێزێکی تری دا بەسیاسەتی کورد و سۆسیالیست و چەپ و ئازادیخوازانی تورکیا، بووە هۆکار کە نەختی سیستەمی سەرۆکایەتی بەهەژێنن نەنها بە دروشمێک ئەویش» تۆ ناکەین بە سەرۆک، ناهێڵین دیکتاتۆریەت دروستبێ».

بێگومان هاوسەرۆکایەتی پەلی لە رۆژئاوای کوردستانیش هاویشت بەتایبەت لە کانتۆنی جزیرە، ئەوەی کەس باوەڕی نەدەکرد پیاوێکی عەرەب لە خێڵی شەمەڕ، لەگەڵ ژنێکی کوردی خەڵکی دێرک، هەردووکیان بە کۆنەپارێز و دواکەوتوو بەناو دەکران، بەڵام ئەتوانرێ بگوترێ مۆری خۆیان لە مێژووی دەڤەرەکەدا، هەروەها لەساڵی ٢٠١٢ وە پرتی یەکێتی دیموکراتی پەیەدە کە گەورەترین پارتی رۆژئاوایە سیستەمی بەڕێوەچوونی هاوسەرۆکایەتیە. هاوسەرۆکایەتی لە خودی کۆما جڤاکێن کوردستان «کەجەکە» لە ساڵی ٢٠١٢ وە پیادە دەکرێت ماوەی چوار ساڵە بەهێزەوە بەرەو پێشەوە دەچێت، بێگومان جاران پەکەکە و دامودەزگاکانی دەوروبەری پەکەکە بە ناوەندگەرا و ستالینی بەناو دەکران، بەڵام ئەمڕۆ بەپیادەکردنی سیستەمی هاوسەرۆکایەتی ئیدی بەرەو پێشبردنی پرۆسەیی دیموکراتی بزووتنەوەی ئاپۆچی سەرچاوەکەیەتی.

رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەساڵی ٢٠١٤ وە بە ئاواکردنی کۆدار ئیدی پرۆسەی هاوسەرۆکایەتی لە کۆدار و پەژاکدا بەڕێوەدەبات ئائێستا بەهێواشی بەڕێوەدەچێت، بەڵام بێگومان ئەو رۆحە گەنجەی لە خەباتی رۆژهەڵات هەیە ئەتوانێ بیکاتە ئەزموونێکی سەرکەوتوو.

لەناو کوردانی ئەوروپاش بەهەمان شێوە ئەنجومەنی کوردانی دەرەوەی وڵاتیش بەڕێوەچوونیان هاوسەرۆکایەتیە، لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کەنەکە ئەویش لەساڵی ٢٠١٥ ئەو هەنگاوە گرنگەی ناوە.

باشووری کوردستان، لە کەسایەتی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان یەکەم ئەزمونی هاوسەرۆکایەتی پیادەکرد لە ساڵی ٢٠١١ توانرا ببێتە ئەزموونێکی هیوا بەخش، بۆیە لەگەڵ ئاوابوونی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان، دیسان پرۆسەکە بەردەوامبوو واتا لەئێستا خەڵکی باشوری کوردستان لە کەسایەتی تەڤگەری ئازادی ئاشنایە بە سیستەمی هاوسەرۆکایەتی ئەگەر سنورداریش بێ.

**قەیرانی سەرۆکایەتی لە باشوور و ئەلتەرناتیفی هاوسەرۆکایەتی**

سیستەمی سیاسی لەباشووری کوردستان دوای دروستبوونی دەرفەتی ساڵی ١٩٩١ وەک ئەزموونێکی نوێ لەلایەن نەتەوەیی کورد لە بەشێکی کوردستان، بەڵام وەک مۆدێل و سیستەم دووبارە بووەوە بۆ سیستەم و مۆدێلی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان، بۆ ئەمەشە تا ئێستا کار بەسەدان یاسای سەردەمی بەعس دەکرێت. لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ نەتوانرا پرسی سەرۆک یەکلای بکرێتەوە، بەتایبەت لەنێوان ئاڵەباتی و بارزانی، تاکو ساڵی ٢٠٠٥ لە پرۆسەیەکی سازشکردندا لەنێوان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆمارایەتی بەغدا رێکەوتنێک دروستبوو، لە ٣٠ حوزیرانی ٢٠١٣ ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ دوو خول تەواو بوو، پارتی و یەکێتی بەرێکەوتنێکی نێوان خۆیان و

بەدەرخستنی یاسایەک ئەمەنیان بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ بارزانی درێژکردەوە، ٢٠ی ئابی ٢٠١٥ ماوەی درێژکراوەکەش تەواوبوو، بەڵام سەرۆکی هەرێم ملی نەدا بۆ یاسایەکە و بووە هۆکاری قەیران، لەئێستا بارزانی بەشێوەیەکی خۆسەپێن بەقسەی خۆی «تا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە هەرێمەکەی وەک سەرۆکی هەرێم ئەمێنێتەوە»، لەبنەڕەتدا جیاوازی نێوان لایەنە سیاسیەکان زۆرنەبوو، ئێستاش زۆر نیە، دەیانەوێ لەناو هەمان سیستەمی دەوڵەت - نەتەوەی کات بەسەرچوو مۆدێل بگۆڕن، ئەویش سەرۆک لەناو خەڵک نا بەڵکو لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت، تاکو سەرۆکێکی دەستەمۆی پەرلەمان بێ، بەڵام ئەمجارە دەسترۆیەکان هەمووی دەکەوێتە دەست سەرۆک وەزیران، لە نمونەی تورکیا و عێراقی سەردەمی مالکی و ئێستای عەبادیش سەرکەوتوو نەبووە، واتا پینەکردنی سیستەمە نەک گۆڕانکاریەکی ریشەیی.

لەپرۆسەیی کۆنفرانسی نەتەوەییدا کە لەساڵی ٢٠١٢ تاکو هاوینی ٢٠١٣ لە لەلایەن بەڕێز ئۆجەلانەوە خرایە رۆژەڤی کوردستان و ناوەندەکەشی بووە باشووری کوردستان، لەگەڵ خاڵی دەستوەردانی هێزە هەرێمیەکان تورکیا و ئێران و بەهەمانشێوە هێزە جیهانیەکان، خاڵێکی سەرەکیش کەبووە جێی تاکۆکی نێوان هێزە کوردستانیەکان، ئەویش سیستەمی بەڕێوەچوونی کۆنفرانس بێ، پێشنیاری بەڕێز ئۆجەلان و پەکەکە هاوسەرۆکایەتی بوو، بۆ ئەمەش مەسعود بارزانی و لەیلا زانا پێشنیار کرابوون، لەلایەنی پارتیشەوە پێشنیار نەبوو، بەڵکو پێداگری لەسەر سیستەمی کلاسیکی سەرۆکایەتی دەکرایەوەو پێشنیاریشیان هەر کەسی یەکەمی حیزبەکەیان بوو، لایەنەکانی تریش خاوەنی هیچ پێشنیارێک نەبوون، هەمانکات نیگەران بوون لەسەر پێداگری پارتی بۆ پێشنیارەکەیان. لەماوەی ئەو دوو سێ ساڵەی بەسەرچوو بێگومان وەک گەلی کوردستان زیانی بەرکەوت لە سەرنەکەوتنی بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی، لەسەرووی هەمووشیان پرۆسەی ئاشتی لەباکور و پرۆسەی بەڕێوەبردن و دەسەڵات لەباشوور گەورەترین زیانیان بەرکەوت، ئەگەر پرۆسەی کۆنفرانسی نەتەوەیی سەربکوتبوایە، گومانی زۆر نە شەڕ لە باکوری کوردستان دەستی پێدەکردەوە نە قەیران و گێژاوی سیاسی و ئابووری لەباشوور دەردەکەوت. تاکرێ ئەو پرسە وەک پرسی کەسێک وەربگرین، بەڵکو لەبنەڕەتدا پرسی سیستەمی بەڕێوەچوونە، لەئێستادا کە سیستەمی دەوڵەت - نەتەوە دەمێکە کاتی بەسەرچووە، بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و پۆست مۆدرێنیزم و لیبرالیزم و نیو لیبرالیزم ویستی خۆی پینە بکات، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوین بە پینەکانی نەیتوانی هیچ چارە بکات، بێگومان ئەگەر سیستەمێک لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوین و باکوری ئەفریقیا بەسەرچووبێ، بێگومان لەباشوری کوردستان ناتوانێ هیچ دەسکەوتێک بەدەستبخات، ئیدی پێویستە سیستەمی سەرۆکایەتی لەباشووری کوردستان بگۆڕدرێت، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لەقەیراندایە خودی سیستەمەکەیە بەر لەکەسەکە، بۆیە دەبێ سیستەم بگۆڕدرێت، بەبێ گۆڕانکاری لەسیستەمی سەرۆکایەتی ناتوانین ئەو دەرفەتەی لەناوچەکە هەیە بیخەینە خزمەت گەلی کورد و گەلانی ژێردەستەی رۆژهەڵاتی ناوین، ئیدی وەک چۆن پرۆسەی هاوسەرۆکایەتی رەنگ و سیمایەکی تری داوەتە شێوازی بەڕێوەبردن لە باکور و رۆژئاوای کوردستان، بەهەمان شێوە دەبێ باشوری کوردستانیش خۆی لە سیستەمی ناوەندگەرایی دەسەڵاتداری دەسپۆت رزگاربکا و سیستەمی هاوسەرۆکایەتی بکاتە مۆدێلی خۆی، بەمشێوەیەش دوور دەکەوینەوە لە ناوەندگەرایی و دەسەڵاتگەرایەتی دەسپۆت و دیکتاتۆر، بەمشێوەیەش رێگای دیموکراتی و خۆشگوزەرانی لەبەردەم وڵاتەکەماندا دەکرێتەوە.

**بەبێ گۆڕانکاری لەسیستەمی سەرۆکایەتی ناتوانین ئەو دەرفەتەی لەناوچەکە هەیە بیخەینە خزمەت گەلی کورد و گەلانی ژێردەستەی رۆژهەڵاتی ناوین، ئیدی وەک چۆن پرۆسەی هاوسەرۆکایەتی رەنگ و سیمایەکی تری داوەتە شێوازی بە رێوەبردن لە باکور و رۆژئاوای کوردستان**

# شۆڕشی زاپاتیستەکان، بەرەنگاربوونەوەی لیبرالیزمی نوێ



سەلام مارف

زاپاتیستەکان، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دانیشتوانە ئەسڵییەکەی مەکسیکە، زیاتر لە ٢٥ ساڵێک دەبێت درێژەی هەیەو ناوچەیەکی گەورەی مەکسیک دەبەن بەڕێوە. لەم نوسینە کورتە هەوڵ دراوە سیمای گشتییەکانی ئەو بزووتنەوەیە بخرێتە ڕوو.

## زاپاتیستەکان کێن؟

سوپای ئازادیخوازی نەتەوەی زاپاتیست (EZIN) ، لە ١ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤، واتا هاوکاتی ئەو ڕۆژەی کە دەبوایە پەیماننامەی ALENA ی نێوان ئەمریکاو مەکسیک و کەندا (پەیماننامەیەکی نیو لیبرالی «لیبرالیزمی نوێ» بۆ ئازادکردنی ئاڵوگۆڕی ئابووری لە نێوان ئەو سێ وڵاتەدا ،) بخرایەتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەستیگرت بەسەر شاری سان کریستوباڵو شەش شاری تری ولایەتی چیاپاسی مەکسیک. سەرەتا ماوەی دوانزە ڕۆژ بەرەو ڕووبوونەوەی سەربازیانە لە نێوان زاپاتیستەکانو دەوڵەتی ناوەندی مەکسیک ڕوویداو سەرەنجام مەکسیک ناچار بوو دەستپێشخەری گفتوگۆو ڕێککەوتن بکاتو پرۆسەی ئەو گفتوگۆیە تا ١٦ کانوونی دووەمی ١٩٩٦ درێژەی کێشا هەردوو لا ڕێکەوتن، دەوڵەتی ناوەندی مەکسیک ملی بە زۆرێک لە داواکارییەکانی زاپاتیستەکاندا دا، لەوانە خۆبەڕێوەبەرێتی جەماوەری چیاپاسو ملدان بەجێبەجێکردنی زۆر بڕیاری تری جیهانی، کە بە قازانجی ئەوان دەشکایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بوترێت، کە ساڵی ٢٠٠٣ وەک سەرەتای ڕاستەقینەی ئۆتۆنۆمی واقعی بۆ زاپاتیستەکان دادەنرێت، لەو بەروارەوە دەستیان کرد بە دروستکردنی caracal «کاراکول»ەکان، کە هاوشێوەیەکی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە.

چیاپاس یەکێکە لە ویلایەتەکانی مەکسیک، زۆربەی دانیشتوانەکەی لە خەڵکە ئەسڵییەکەو سورپێستەکان پێکدێت، بەڵام لە ڕووی ژیانەوە هەژارترین کەسانی مەکسیکن. سەرباری ئەوەی ئەو ویلایەتە زۆرترین سەرچاوەی نەوتو گەورەترین ئیمکاناتی وزەی کارەبایی‌و سەرچاوەی ئاوی هەیەو خاوەنی ژینگەیەو ئاووهەوای گونجاوە بۆ کشتوکاڵ، بەڵام لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە ژیانی گشتی پشتگوێخراو بوو، تەنانەت جیا لە یەک جادە نەبێت هەموو جادەکانیان هەر بە گڵی‌و خراپی مابوونەوەو قیر نەکرابوون.

ئەم بزووتنەوەیە، سەرەتا ساڵی ١٩٨٣ لە گروپێکی ٦ کەسی پێکردو دوای دە ساڵ کاری نهێنی و ئامادەکاری ساڵی ١٩٩٣ بە بەشداری هەزاران کەسی چەکداری ڕێکخراو دەستیان بەسەر حەوت ناوەندا گرت. یەکێک لەدامەزرێنەرەکانی ئەم بزووتنەوەیە ژن بووە. سێ کەسیان لە دانیشتوانە ئەسڵییەکەی مەکسیک بوونو سێی کەسیشیان دوو ڕەگە بوون (دوو ڕەگ: تەنیا دایک یان باوکیان لەدانیشتوانە ئەسڵییەکە بووە).

> **دوای ڕوخاندنی دیواری بەرلین، لە میدیای باووی وڵاتە سەرمایەدارییەکانەوە، زەنگی کۆتایی بەدیلەکانی سەرمایەداری لێدرا**

### «بەسە»

شۆڕشی زاپاتیستەکان بە شیعاری «بەسە» دەستپێکرد، کە ئاماژەیەک بووە بۆ وەستانەوەو کۆتاییهێنان بەو زوڵمو ستەمەی بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵە دەکرێتە سەر دانیشتوانە ئەسڵییەکەی مەکسیک. خودی ناوی زاپاتیست لە هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ١٩١٠ ی دانیشتوانە ئەسڵییەکەوە وەرگیراوە. بزووتنەوەی زاپاتیسی خۆی بە درێژەپێدەری سەرجەم ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینانە دەزانن کە مێژووی چەوساندنەوەی ٥٠٠ ساڵەیاندا کراوەتە سەریان.

مەلەکردن بەپێچەوانەی شەپۆلەکانەوە

سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، بۆ ئەزموونە باوە سۆسیالیستییەکانی جیهان رۆژگارێکی سەخت و شەرمهێنەر بوو. دوای روخاندنی دیواری بەرلین، لە میدیای باووی وڵاتە سەرمایەدارییەکانەوە، زەنگی کۆتایی بەدیلەکانی سەرمایەداری لێدرا. بەڵام هەر لەو دەمانەدا بزووتنەوەی زاپاتیستی بە باکگراونێکی سۆسیالیستانەو وەک دوژمنێکی سەرسەختی لیبرالیزمی نوێی کاپیتالیزم دەرکەوت و بەشێکی زۆری ناوچەکانی مەکسیکی نزیک لە ئەمریکای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

> **کاتێک رێگات دەکەوێتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی زاپاتیستەکان، لەسەر یەکەم تابلۆی شەقامەکان نوسراوە «تۆ دەچینە ناوچەی شۆڕشی زاپاتیستی، لێرە خەڵک بڕیار دەدات و دەوڵەت جێبەجێ دەکات»**

لەکاتێکدا پەیامی ژورنالیزمی باو و کۆی ئایدیۆلۆژیای باو ئەوە بوو، کە ئیتر مرۆڤ لە سەردەمی دیموکراسیدا دەژی و بۆ ئاڵوگۆڕو دەستاودەستکردنی دەسەڵات سندوقەکانی دەنگدان رێگای یەکەمەو شۆڕش و ئاڵوگۆڕە سیاسییە تونیدەکان کۆتاییانهاتووە، زاپاتیستەکان بەکردەوە ئەو پروپاگەندە ئایدیۆلۆژییەیان رەتکردەوەو بەهۆی شۆڕش و بەزەبری چەکەکانی دەستیان گەورەترین ئاڵوگۆڕیان لە ناو مەکسیکدا پێکهێنا. لێرەوە زاپاتیستەکان بەکردەوە ئەوەیان دەرخست کە نە سەردەمی شۆڕشەکان بەسەر چووەو نە توانای مرۆڤ بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی باودا قۆرخکراوە.

## سیستەمی بەڕێوەبردن

کاتێک رێگات دەکەوێتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی زاپاتیستەکان، لەسەر یەکەم تابلۆی شەقامەکان نوسراوە «تۆ دەچینە ناوچەی شۆڕشی زاپاتیستی، لێرە خەڵک بڕیار دەدات و دەوڵەت جێبەجێ دەکات» ئەمەیش دەلالەت لە دەسەڵاتێکی خۆیی و جەماوەری و لە شوراکانی خۆبەڕێوەبەرێتی ئەوان دەکات، کە سێ ساڵ جارێک کۆدەبنەوەو بەشێوەیەکی راستەوخۆ نوێنەرانی شوراکان دیاری دەکەن، ئەرکی شوراکان جێبەجێکردنی بڕیاری کۆبوونەوە فراوانەکانەو جیا لەوەش دەتوانن پێشنیاری کاری تر بکەن کە بزانن بە سودی گشتی تەواو دەبێت. هەروەها دەبێت بچن بەدەم کاری ئەو کەسانەی دەکەونە دەرەوەی دەسەڵاتی کاراکولەکان، چونکە دەزانن دەسەڵاتی ناوەندی مەکسیک بەهانای ئەو کەسانەوە ناچێت.

سیستەمی بەڕێوەبردنی زاپاتیستەکان بە گوێرەی کراکولەو کوالونەکان دابەش دەبن بەسەر پێنج بەشدا. ئەم سیستەمە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ سیستەمی باوی ناوەندێتی دەوڵەت دا هەیە، ئەو سیستەمە ناوەندێتییەی لە دەوڵەتەکانی تردا هەیە لەودا نییەو لە زۆر لایەنی سیاسی و پەروەردەو تەندروستی و ئابووری و ژینگەوە، کاراکولەکانی هەر بەشێک خۆی بەڕێوەی دەبات.

بۆ چاودێری ئەندامانی شوراکان، چەندان کۆمیسۆنی چاودێرییان دروستکردووە بۆ ئەوەی لە حاڵەتی سستی و بەدەنگەوەنەچوونی ئەندامانی ئەو شورایانە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی خەڵک بتوانن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن و دەسەڵاتی ئەوەیشیان هەیە هەر ئەندامێکی شورا بڕیارەکان جێبەجێ نەکات مافی نوێنەرایەتی لێوەربگیرێتەوەو چەندان جاریش ئەمەیان کردووە. جیا لەوەش ئاستێکی بەرزی هاوکاری نێوان کاراکولەکان بۆ رایکردنی کارەکان هەیەو تا ئێستا هیچ جۆرە دژایەتی یان بەرەنگارییەکی وەها لە نێوان کاراکولەکاندا روی نەداوە. هاوکاری ئەوان بووەتە هۆی ئاسانکاری ژیانی دانیشتوانەکان و ئەگەر کێشەیەکیش رویدا بێت زوو چارەسەریان کردووە.

کاراکولەکان خاوەنی یاسای خۆیانن. یەکێک لەو

یاسایانەی بەردەوام جێبەجێ دەکرێت و دەبێت لە هەموو کاراکولەکاندا هەبێت، رزگارکردنی ئەو خەڵکانەیە کە پارە دەدەن قاچاخچییەکان تا بیانگەیەننە ناوچەکانی ئەوان، ئەوان پارەکەی وەرگیراوی کەسەکان وەردەگرنەوەو دەیگێڕنەوە بۆ خاوەنەکەی دوای دوو رۆژ قاچاخچییەکە ئازاد دەکرێت.

## خۆبەڕێوەبەری پەروەردەیی

زاپاتیستەکان گرنگییەکی زۆر بە پەروەدە دەدەن، بەڵام بواری پەروەردە باش نییەو خودی زاپاتیستەکان ئەمە ئەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتی ناوەندی مەکسیک. زمانی سەرەکی ئیسپانییەو جیا لەوەش ژمارەیەکی زۆر زمانی ناوچەیی هەیە، لە خوێندنگەکاندا بە چوار زمان وانە دەوترێتەوە. رەخنەی زاپاتیستەکان لە ناردنی مامۆستاکان بۆ وانە وتنەوە ئەوەیە کە حکومەت زۆر گرنگی بەو بوارە نادات و تەنیا ئەو مامۆستایانە دەنێرێت کە حەزێکی وەهایان بۆ وانە وتنەوە نییەو تەنیا مەبەستیان پارە وەرگرتنە. زاپاتیستەکان بەردەوام رەخنەیان لە سیستەمی مەکسیکی هەیە، کە جیاوازی دەکات لە نێوان خوێندکارانی کچو کوڕ.

بەڵام لەلایەن زاپاتیستەکانەوە گۆڕانکارییەکی گەورەو جۆراوجۆر رویداوە، فێرکردن بە جۆرێکە، ئەگەر یەک خوێنکاریش مابێت لە وانەکە تێنەگەیشتبێت سەدان جار دووبارەی دەکەنەوە تا سەرجەمیان فێر دەبن. مامۆستاکان رێنمایی کراون زۆرترین بوار بدەنە خوێندکاران بۆ فێر بوونو جیاوازییە تاکەکەسیەکان بۆ فێربوون رەچاو بکەن، رێنمایی مامۆستاکان دەکرێت لە ئەزمونی وانە وتنەوەوە باشترین جۆری فێرکردن راپۆرت بکەنو بیدەنە دەست مامۆستاکانی تر تا کێشەکانی وانە وتنەوەو فێرکردن بەرەو کەمترو کەمتر بچێت. خوێندن بە تەواوی بەخۆڕاییە، سەرجەم پێویستییەکانی خوێندن و کتێبەکان بێ بەرامبەر بۆ خوێندکاران دابین دەکرێت. مامۆستاکان بەرامبەر بە وانە وتنەوە پارە وەرناگرن، چونکە توانای زاپاتیستەکان بۆ دانی پارەو مووچە لەو ئاستەدا نییە، بەڵام لەلایەنی خواردنو شوێنی مانەوەو پێویستییەکانی تەندروستییەوە بەتەواوی پشتیوانیان دەکرێت. مامۆستا خۆبەخشەکان لە شەبەکەیەکی هاوپشتیدا رێکخراونو بەشداری کردن تێیدا ئارەزوومەندانەیە. دەستەواژەی «مامۆستا - استاز» بۆ مامۆستا بەکار ناهێنرێتو لە بەرامبەردا «هاندەری فێربوون» بەکار دەهێنرێت، چونکە لە سیستەمی فێرکردندا کۆتایی بەوە هێنراوە مامۆستا لە لایەکەوە بێت و خوێندکار لە لایەکی ترەوە. لە سیستەمی وانەوتنەوەی زاپاتیستەکاندا مەرج نییە هەموو مامۆستاکان بەیەک شێوە وانە بڵێنەوە، ئەمە وایکردووە کە بەردەوام مامۆستاکان گفتوگۆ لەسەر شێوازی وانە وتنەوەی یەکتر بکەنو بەردەوام ئاستەکانی وانە وتنە لە گۆڕانکاری بەردەوامدا بێت.

زاپاتیستەکان توانای وانە وتنەوەیان بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان لە ٦ ساڵی تا ١٢ ساڵی هەیە، لە یەکێک لە کاراکولەکاندا خوێندنی ناوەندی هەیە. خوێندنگاکان شەوانەو رۆژانەن، نابێت ژمارەی هیچ پۆلێک لە ٢٠ کەس زیاتر بێتو ئەگەر زیاتر بوو، ئەوا پۆلی تریان بۆ دەکرێنەوە. خوێندن هەفتەی ٤٠ سەعاتەو تەقریبەت هەر خوێندکارێک نیوەی رۆژەکەی لە خوێندندا دەبێت و خواردنیان پێدەدرێت، لەدوای ١٦ ساڵی خوێندکار دەتوانێت کاری وانە وتنەوە بکات.

**ژنان لە نەخوێندەواری رزگار بکەن**

## بەرەنگاری نەخوێندەواری

زاپاتیستەکان زۆر بە چڕی بەرەنگاری دیاردەی باوی نەخوێندەواری بوونەتەوە. بەتایبەت نەخوێندەواری لەناو ژناندا. هەوڵێکی زۆر سەرەکیو چڕ هەیە ژنان لە نەخوێندەواری رزگار بکەن. دەوترێت وەک کتێبێکی سەرەکی بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نوسین دەستیان بردووە بۆ خوێندنەوەی مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست کە لەلایەن مارکسو ئەنگلسەوە نوسراوە.

## سیستەمی تەندروستی

چاودێری تەندروستیو چارەسەر گرنگییەکی زۆر گەورەی لە سیستەمی بەڕێوەبەری زاپاتیستەکاندا هەیە. پێش ئەوان بواری تەندروستیو چارەسەر زۆر کەمو پڕ کێشە بووەو جیا لەوەی کە پارەیەکی زۆریان لێوەرگیراوە ناچار بوون چەندان سەعات بە پێ برۆن تا دەگەنە لای پزیشک یان نەخۆشخانەیەک. یەکێک لەو چاکسازیانەی زاپاتیستەکان




کردوویانە نزیکردنەوەی نەخۆشخانەکان بووە لە شوێنی ژیانی دانیشتوان. لەناوەندەکانی چارەسەری زاپاتیستەکان چارەسەر بە خۆڕاییە، بەڵام دەبێت لە شوێنەکانی تر پارە بدەن، بۆیە زۆربەی نەخۆشەکان روو دەکەنە ناوەندەکانی چارەسەری زاپاتیستەکان.

گرنگییەکی زۆر بە چارەسەری گیایی دەدەنو هەوڵێکی زۆر بۆ ئاشناکردنی گیا دەرمانییەکان بە دانیشتوانەکان دەدەن، بەدەر لەوەش هەوڵ دەدەن ئەوەندەی بۆیان بکرێت چارەسەری پزیشکیو داوودەرمان بەدەست بهێنن. هەوڵێکی زۆریش هەیە بۆ دروستکردنی ناوەندەکانی چارەسەری لە نزیک شوێنی دانیشتوان، چونکە زۆربەیان لە ناوەندی کاراکونەکاندایە، ژمارەیەکی زۆر ناوەندی بچوکی چارەسەری ژنان لە شوێنە دووردەستەکان کراونەتەوەو لە بیری ئەوەدان چەندان ناوەندی تایبەت بە چارەسەری ژنان دابمەزرێنن. لەگەڵ ئەوەشدا توانای چارەسەری زاپاتیستەکان دیاریکراوەو لەحاڵەتی نەخۆشیو چارەسەرییە قورسەکاندا نەخۆش رەوانەی ناوەندەکانی چارەسەری مەکسیک دەکەن.

ئاستی هەژاریو نەبوونیش بوونەتە هۆیەکی خراپ بۆ بڵاوبوونەوەی هەژاری، بۆیە بەردەوام زاپاتیستەکان هەوڵ دەدەن بە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریانو خۆپاراستنیان بەر بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بگرن.

## ژینگە

«مرۆڤ لە فەلسەفەی ئێمەدا بەشێکە لە سروشت» و «لەبیرت نەچێت کە زەوی ماڵی تۆیەو سروشت باخچەکەتە، بیانپارێزە» ئەمانە ئەو شیعارانەن کە لەسەر دیواری ناوچەکاندا نوسراونو ئاماژەن بۆ هوشیارییەکی بەرزی ژینگەپارێزی. ئەوان زەوی بە «دایکە زەوی» ناو دەبەنو نێروانینێکی تایبەتی خۆیان بۆ پاراستنی ژینگە هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تواناییەکانی ئاوو گلدانەوەی ئاوو لە ئاستێکی کەم دایە، کاراکولەکان لەهەوڵی ئەوەدان دەست بکەن بە جێبەجێکردنی بەرنامەی زیاتر بۆ گلدانەوەی ئاو. لە هەوڵی دروستکردنی کارگەکانی دووبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستە بەکارهاتووەکانن (ریساکلبین). بۆ بەدەستهێنانی وزەی کارەبا سود لە وزەی خۆ وەردەگرن.

## ژنان و زاپاتیستەکان

زاپاتیستەکان زۆر گرنگی بە بواری ژنان دەدەن تا ئەو رادەیەی ژنیان گۆڕی بۆ رەگەزێکی رابەری و شۆڕشگێڕی. یەکێک لە دەستە شەش کەسییەکەی دامەزرێنەری بزووتنەوەکە ژن بووە، لەکاتی دەستبەرسەراگرتنی شارەکاندا، سەرپەرشتی پرۆسەی دەستبەسەراگرتنی شاری «سن کریستوبال د لاس کاساس»ی کردووە، کە گرنگترینی ئەو شارانە بووە، کە لە ساڵی ١٩٩٤ دا زاپاتیستەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. بەهۆی سەرکەوتنی ئەو فەرماندە ژنەوە، لەکاتی گفتوگۆکردنەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی مەکسیک، سەرپەرشتیاری وەفدی زاپاتیستەکانی پێسپێردرا. گەورەترین شار لەلایەن یەکێک لەفەرمانده ژنەکانەوە

کراوە.

ئەگەر دۆخی ژنان لەپێش شۆڕش بە دوای شۆڕش بەراورد بکەین (بەشودانی بەزۆر، نوندونیژی‌و لێدان‌و جیاکارییەکان، ئیهانەو سوکایەتی لەرادەبەر...) یان زۆر جار شوکردنی کچێک ئەوەبووە کە بێ ئاگاداری خۆی لەگەڵ دوو مانگادا ئاڵوگۆڕی پێکراوە . ئەوسا دەزانین کە شۆڕشی زاپاتیستی بە خۆی‌و بڕیارە یەکسانیخوازو عەدالەتەکانییەوە چی گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ژیان‌و مافەکانی ژناندا کردووە. ژنی لە بوەنەوەرێکی مەزوڵمەوە گۆڕیوە بۆ ئاکتێکی چالاک‌و خاوەن ئیرادە. بەشداری ژنان لە سەرجەم کاروبارەکانی بەڕێوەبەرێنی‌و بەهرەمەندبوون لە مافی ئابووری بووەتە یەکێک لە دیاردەکان.

هەوڵێکی بەردەوام هەیە بۆ یەکسانکردنی ماف‌و بەشداری ژنان لە شوراکاندا، گەرچی ئەم کارە هەندێک جار بەرەو رووی بەرەنگاری دەبێتەوە، بەڵام ئێستا بەشدارییەکی بەرچاوی ژنان دەبینرێت‌و لە یەکێک لە پێنج کاراکولەکاندا بە ناوی «ریئالیداد» رێژەی بەشداری ژنان‌و پیاوان یەکسانە.

## هێزی سەربازی زاپاتیستەکان

لەوانەیە سەیر بێتە بەرگوێ، کە بوترێت بزووتنەوەیەک کە بەهۆی چەکەوە شارەکانی بەدەستەوەگرت، ئێستا خاوەنی هێزێکی سەربازی زۆر لاوازە. ئەم وازبوونەی لایەنە چەکدارییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستراتیژە خۆ-رزگارییەی زاپاتیستەکان، کە لەکاتی دەستبەسەراگرتنی شارەکاندا ئەوەندەی مەبەستیان بووە خەڵک خۆی بەشداری بکات ئەوەندە مەبەستیان نەبووە تەنیا بەهێزی چەک رزگاریان دەستبکەوێت. زاپاتیستەکان ئەوەندەی بە شوێن بەدەستهێنانی ئۆتۆرینەی ئەخلاقییەوەن، ئەوەندە بەشوێن ئۆتۆرینەی سەربازی‌و دەوڵەتییەوە نین.

لەناو بزووتنەوەی زاپاتیستەکاندا باڵێکی سەربازی هەیە کە پێی دەوترێت سوپای زاپاتیستی. ئەم باڵە سەربازییە بەهەمان شێوەی بزووتنەوە زاپاتیستەکە پشت بە کۆبوونەوەی گشتی نابەستێت، بەڵام ئەمە بەشێکی کەمی بزووتنەوەی زاپاتیستییە. دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٦ دا «شوراکانی دەوڵەتی چاکە« بەڕێوەبەرێنی دروست بوون، سوپای زاپاتیستی رایگەیاند کە ئیتر وەک سوپا دەست وەرنادەتە ناو کاروبارەکان‌و بە رەسمیش داوای لە شوراکان کرد، کە لەشارو گوندەکاندا رێگری بکەن لە دەستێوەردانی سوپا لە کاروبارەکانداو سوپا دەست لە کاروبارەکانی بەڕێوەبەرێنی کۆمەڵگا وەرنادات، تەنیا وەک پێکهاتێکی زاپاتیستی دەمێنێتەوە. سوپای زاپاتیستی لەلایەن کۆمینەیەکی نهێنییەوە دەبێت بەڕێوە، لەکاتی بڕیارە سەرەکییەکاندا پشت بە راپرسی گشتی دەبەستن لەناو خەڵکداو دواجار بۆچوونەکانی خۆیان دەخەنە بەردەم شوراکان. بە زۆری لە بوارەکانی شەڕ یان رێککەوتنەکان راوبۆچوونیان دەخەنە روو.



## بۆ بانکەکان نەدەبڕی؟

تەنیا زاپاتیستەکان نەبوون، کە وەک دەستەو گروپی ڕێکخراوی بەرەنگاری دانیشتوانە ئەسڵییەکانی مەکسیک سەریانهەڵدابێت، بەڵکو چەندان گروپی جۆراوجۆر دروست بوون، کە هەر یەکەیان بەهۆیەکی جیاواز لەناوچوون‌و پوکاونەتەوە.

**پەلاماری بانکەکان لەناو گروپی چەکدارییەکانی مەکسیک دا زۆر باو بووە**

یەکێک لەو کارانەی کە گروپەکان پێی دەڵدەستان پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی بووە، ئەویش لە ڕێگای بڕینی بانکەکانەوە، ئەم کارەش وایکردووە زوو سەرنجی دەسەڵاتی ناوەندیان بچێتە سەرو لەلایەن دەزگا سیخورییەکانەوە شوێنپێیان هەڵبگیرێت. جیا لەوەش زۆر جار دەسەڵات بە بەنارمە پارەیان دەخستە بەردەم ئەو گروپانەو بەم کارە تەفرەیان دەدان‌و لەسەر ڕێگای شۆرشگێری‌و خۆراگری لایدەبردن. پەلاماری بانکەکان لەناو گروپی چەکدارییەکانی مەکسیک دا زۆر باو بووە، بەڵام سەرەنجام بەدەستهێنانی پارە بە زیانی خۆیان تەواو بووە. زاپاتیستەکان لەماوەی ١٠ ساڵی کاری نهێنیدا، زۆرترین خۆپارێزیان کردووە تا دەرنەکەون و کارێک نەکەن سەرنجی حکومەتی مەکسیک بۆ خۆیان رابکێشن. ئەوان دەیانتوانی زۆر بە ئاسانی بانکەکان ببڕن، بەڵام ئەو کارەیان نەکردووە، دەیانتوانی دەست بەسەر زۆر شتدا بگرن و نەیانکردووە و خۆیان لە زۆر کار بواردووە، کە زانیویانە دەبێتە هۆی سەرنجراکێشانی دەزگای ئەمنییەکان، بەم شێوەیە خۆیان لە کەوتنە بەرچاوی دەسەڵاتی ناوەندی پاراستووە. جیا لەوەش ئەوان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ خەڵکدا بەشێوەیەکی وەها ڕێکخستووە، کە پێویستیان بە بڕینی بانکەکان نەبێت.

دەوترێت جارێک گروپێکی تر هاتوونەتە لای زاپاتیستەکان‌و داوایان لێکردوون کاریان لەگەڵدا بکەن بۆ بڕینی بانکی ناوەندی مەکسیک، زاپاتیستەکان پێیان وتوون ئاخر ئەوە کارێکی ئاسان نییە و دەبێت ئامادەکاری بۆ بکرێت و ماڵو چەک و شوێنی حەوانەوەی بۆ ئامادە بکرێت، دەبێت کارمەندانی ناو دەزگاکان هان بدرێت هاوکاریمان بکەن. لەوەڵامدا گروپەکە دەڵێت، چەکو سەیارە دەکڕین، لە نزیک بانکەکەوە خانوویەک بەکرێ دەگرین‌و خێزانێکی ئاسایی سەربەخۆمان لەوێ نیشتەجێ دەکەین تا نەبێتە جێگای گومان، لەڕێگای ژمارەیەک کارمەندەوە جلی تایبەت‌و ئیشی ناو بانکەکە پەیدا دەکەین، ژمارەیەکی تریش کارمەندی بانک کار ئاسانیمان بۆ دەکەن بۆ بڕینی بانکەکە، کەسانێکی تریش پارەکە لە شوێنێکی دیاریکراوو پارێزراودا دەشارنەوە ، هەروەها کەسانێکی تریش هاوکاریمان دەکەن تا دەستەی چالاکییەکە بە ئاسانی خۆیان دەرباز بکەن. کاتێک بەم جۆرە باسی پلانی بانک بڕینەکە دەکرێت، زاپاتیستەکە پێیان دەڵێن باشە ئێوە ئەو هەموو کەسەو ئەو پشتیوانی‌و ئیمکاناتەتان لەگەڵدایە، ئیتر پارەتان بۆ چییە. مەبەستی زاپاتیستەکان ئەوە بووە، کە کاتێک خەڵک بەو شێوەیە پشتیگیرت دەکەن

**باس‌و خوازی ئەدەبیانی چەپ‌و مارکسی، زۆر پێداگیری لەسەر کرێکار دەکاتەوە**

پێویستت بە بانک بڕین نابێت.

تەنانەت کار دەگاتە ئەو شوێنەی کە زاپاتیستەکان خۆیان لە وەرگرتنی هاوکاری مادی دەوڵەتی ناوەندی مەکسیک بە دوور بگرن‌و ڕەتی دەکەنەوە. ئەمە ئەو خاڵەیە، کە لە لایەن ڕۆشنبیرەکانی ئەورپاوە مایەی تێگەیشتن نییە. لەبەرامبەردا پشت بەو هاوکارییە شێوە «سواڵکەری»یانە دەبەستن، کە لەلایەن خەڵکەوە پێیان دەگات.

## پێکهاتی چینایەتی... ئۆوو، کرێکارێک هات

پێکهاتی چینایەتی دانیشتوانە ئەسڵییەکە جوتیارن، بەتایبەت ئەو جوتیارانەی کە بەهۆی شۆڕشی زاپاتیستەکان‌و دەستبەسەراگرتن‌و دابەشکردنی زەویەکان، بوونە خاوەنی زەوی خۆیان. یەکێکە لە قسەکەرەکەری زاپاتیستەکان

بەناوی خاویر دەڵێت، لە مەکسیک نوێژی جیاواز بوونی نییەو هەموو دانیشتوان پێکدێن لە گوندنشینە هەژارو جوتیارەکان. چینی کرێکاری تێدا نییە، سەرجەم دانیشتوان لەسەر زەوییەکان کار دەکەن، پێشتر جوتیاری بێ زەوی بوونو کاریان بۆ خاوەنزەوییە گەورەکان دەکرد. گۆڕانکارییەکانی شۆڕش جوتیارانی لەدەست ئەو جۆرە جوتیارییو کۆیلەیەی زەوییە رزگار کرد.

باسو خوازی ئەدەبیانی چەپو مارکسی، کە زۆر پێداگیری لەسەر کرێکار دەکانەوە، کرێکاری بە جۆرێک کردبووە ئایدیایە، کە جووتیاران بەردەوام بیریان لە بینینی دەکردەوە. مارکۆسی فەرماندەی زاپاتیستەکان لە نوسینێکدا باسی ئەوە دەکات، کە جوتیارەکان هەستێکی ئاکارییان بەرامبەر بە کرێکار هەیەو پێیان خۆشە ئەوانیش بەهەمان شێوە شۆڕش بکەن، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە بەکردەوە کرێکاریان نەدیوەو جاری وا هەبووە هاتنی کرێکارێک بۆ گوندەکان بووەتە هۆی خرۆشانیانو بەرەو کرێکارەکە بە هەڵداوان رایانکردووەو بە دەنگی بەرز هاواریان کردووە، ئۆووو کرێکار هات، کرێکارێک هاااااات.

**کەمتر مەیلیان بۆ دژایەتی ئایین هەیەو به ئاشکرا دەڵێن تۆ بەشداری کاروبارەکانی کۆمەڵگە بکەو ئەوە کێشەی خۆتە سەر بە چ ئاینێکیت**

## ئازادیو ئایین

زاپاتیستەکان تەواو پابەندن بە پاراستنی ئازادییەکان، بەتایبەتی ئازادییەکانی بیروڕاو ویژدان. لەبارەی ئایینەوە، زاپاتیستەکان زۆر گرنگی بە جیاوازییەکانی بیروڕا نادەن، گرنگ بەلایانەوە ئەوەیە بیروڕای ئایینی نەبێتە هۆی بەشداری نەکردنی کەسەکان لە کۆبوونەوە گشتییەکانو نەبێتە دوورکەوتنەوە لە بەشداربوونیان لە بڕیارەکاندا. کەمتر مەیلیان بۆ دژایەتی ئایین هەیەو بە ئاشکرا دەڵێن تۆ بەشداری کاروبارەکانی کۆمەڵگا بکەو ئەوە کێشەی خۆتە سەر بە چ ئاینێکیتو دوای مەرگ پێت وایە چیت لێ دێتو چۆن دەبێت. یان بڕوات بە جیهانی دوای مەرگ هەیە یان نا. ئایین بە تەواوەتی باوەڕو کارێکی تایبەتییە.

## مەکسیک و بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی

خاویر لە چاوپێکەوتنێکیدا باسی دۆخی سیاسی مەکسیک دەکات، زۆر تەرکیز دەکاتە سەر نوێنەرایەتی لە پەرلەمانی مەکسیک، رێکو راست وەک بڵێیت باسی نوێنەرایەتی لەپەرلەمانەکەی کوردستاندا بکات. باسی ئەوە دەکات کە تەنانەت رەوتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی هیچ توێژێکیش ناکەن، بەڵام بەشداری لە کاروباری سیاسەتو رێکخراوەکاندا بوار بۆ تاک دەکاتەوە بچێتە ناو پرۆسەی گەندەڵیو بوروکراسی دەولەتی و ببنە خاوەنی ئەو شتانەی کە زۆربەی خەڵک لێی بەهرەمەند نین، وەک بوونە خاوەنی پارەو پرۆژەو بەهرەمەند بوون لە دزییەکانی دەوڵەت. تەنانەت باڵباڵێنی چەپو راستیش تەنیا ناونانێکی بێماو وشەسازییە. زۆر جار نوێنەری حزبێکی چەپ ئەو کەسە بووە کە لە حزبە راستەکە نەکراوەتە نوێنەرو لەداخا هاتۆتە ناو حزبە چەپەکەوە تا ببێتە نوێنەر، گرنگ بەلایانەوە ئەوەبووە پرۆسەی سیاسی بیانکاتە بەشدار لە ئیمتیازە تایبەتییەکانو بەدەستهێنانی سەروەتو سامان. دوای هەڵبژاردنەکانیش هەمان تاسو حەمامی کاروبارەکانەو سیاسەتەکانی پێشوو درێژەیان پێدەدرێت. پۆستی حکومی یەکەمین هەنگاوی دەوڵەمەند بوونو چوونە ناو پرۆسەی سەرمایەگوزارییو بزنسمانی. بۆ نمونە وەزیری گەشەپێدانی گوندەکان دوای تەواو بوونی ماوەی پۆستەکەی دەبێتە سەرۆکی گەورەترین کۆمپانیای کشتوکاڵ، وەزیری رێگاوبان دەبێتە سەرۆکی کۆمپانیایەکی گەورەی تر، سەرۆک کۆمار دەبێتە سەرۆکی سینی بانک کە خۆی پێشتر دروستی کردووەو بەم جۆرە...

## بەهای تیۆری ئەزموونی زاپاتیستەکان

زاپاتیستەکان، سەرەتا بزووتنەوەیەکی مارکسی_لینینی بوون. ئەم رەوتە فکرییە لەساڵانی هەشتاکان بۆ دواوە لەزۆرێکی وڵاتانی جیهاندا، بەتایبەت لەناو ئەو گەلانەی ستەمیان لەسەر بوو، باو بووە. مارکۆسی فەرماندەی زاپاتیستەکان ( لە راستیشدا پێی دەوترێت جێگری فەرماندە: وەک ناوێکە بۆ سەرپەرشتیارو ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە خەڵک

فەرماندەیە نەک ئاکە کەسێک) لە چاوپێکەوتنێکدا وتویەتی بە مارکسی_لینینی چووینە دارستانەکانەوەو دواتر بە زاپاتیستی هاتینە دەرەوە، هەمیشەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە ئێوە چین، دەڵێت ئێمە زاپاتیستین.
بەشێک لە سۆسیالیستەکان بزووتنەوەی زاپاتیستی بە هی خۆیان دەزانن‌و وەک نمونەیەکی بەرجەستەو سەرکەوتنی سۆسیالیزم ئاماژەی بۆ دەکەن. لەهەمان کاتیشدا ئانارشیستەکان ئەو بزووتنەوەیە بەهی خۆیان دەزانن‌و وەک بزووتنەوەیەکی ئانارشیستی یان وەک بزووتنەوەیەکی «دەسەڵاتنەخواز» ئاماژەی بۆ دەکەن.

## دەوڵەت جیا لە چەمکی خەیاڵی شتێکی واقعی نییە

جۆن هالووی، کە خاوەنی تیۆری « گۆڕانکاری بێ بەدەسنەوەگرتنی دەسەڵات «ە لە رونکردنەوەی تیۆرییەکەی خۆیدا گرنگییەکی زۆر بە ئەزموونی زاپاتیستەکان دەدات و وەک نمونەیەکی بەرجەستەی بزووتنەوەیەک کە بێ ئەوەی بەدەسنەوەگرتنی دەسەڵات خاڵی سەرەکی بێت توانیویەتی گۆڕانکاری دروست بکات. جۆن هالووی پێی وایە کە دەوڵەت جیا لە چەمکی خەیاڵی شتێکی واقعی نییەو بەدەسنەوەگرتنی دەوڵەتیش بۆ خۆی بەدەسنەوەگرتنی دەسەڵات نییە. بۆیە دەبینین، کە ئەو بەشێوەیەکی زۆر دیار سایشی بۆچوونی زاپاتیستەکان دەکات، بەتایبەت لەو شوێنەدا کە زاپاتیستەکان یەکێک لەمەرجەکانی بوونی ئەندام بوون لایان بریتییە لە وازهێنان‌و چاوپۆشی تەواو لە بیرۆکەی بەدەسنەوەگرتنی دەسەڵاتی حکومەت.
بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، کەم نین ئەو حزب‌و بزووتنەوە چەپیانەی بەچاوێکی کەم‌و بێ نرخ دەڕواننە بزووتنەوەی زاپاتیستەکان‌و پێیانوایە ئەو بزووتنەوەیە نمونەیەکی دیاریکراوی بزووتنەوەی جوتیارییەو کەوتۆتە گۆشەیەکی دابڕاوەو کەنارگیری ئەم جیهانەدایەو ناتوانرێت وەک نمونەیەکی سۆسیالیستی لەبەرچاو بگیرێت‌و دەبێت لە چوارچێوەی خۆیدا ببینرێتەوە.

## بوکچین و زاپاتیستەکان

بۆچوونەکانی موری بوکچین کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تیۆریی‌و کاری زاپاتیستەکان هەیە. تیۆرییەکەی بۆکچین لەسەر بنەمایەکی ئاوێتە لە بەشێکی کەم لە سۆسیالیستی‌و بەشێکی زۆر لەئانارشیستی دامەزراوە، زیاتر گرنگی بە بوارەکانی پەروەردەو ژینگەپارێزی‌و ژنان‌و بەشە مەحرومەکان دەدات، لەرووی دەسەڵاتەوە گرنگی بەو سیستەمە دەدات، کە دەکەوێتە دەرەوەی دەوڵەت‌و خۆبەڕێوەبەرێتییە. بەگشتی کار لەسەر نەمانی ناوەندێتی دەسەڵات دەکات و پێیوایە کە دەبێت دەسەڵات جێگای خۆی بداتە شێوەکی «نادەسەڵاتخواز»و ببێتە بنەمایە بۆ پێکەوەژیانی تەواوی کۆمەڵگاو ژینگە و ئازادیخوازی و خۆ بەڕێوەبەرێتی. نمونەیەک کە بوکچین دەیخاتە روو «دیموکراسی راستەوخۆ»یە. لەراستیدا کاریگەری بۆچوونەکانی بوکچین لەسەر بزووتنەوەی زاپاتیستی بە زەقی دەبینرێت، هەروەک چۆن بەو شێوەیە زەقیش لەسەر نوسینەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان و کانتۆنەکانی رۆژئاوایش دەبینرێت.

**میدیاو زاپاتیستەکان**
**چۆمسکی پێی وایە، ماس میدیا کاتێک دەیە وێت شتێک لەناوبەرێت‌و خەڵک بەگرنگی نەزانن، لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی چڕ هێرشی بکاتە سەرو لەسەری بنوسێت‌و بیشێوێنێت، بێدەنگەی لەسەر دەکات‌و بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ ناکات، بەم شێوە یە خودی دیاردەکە دەخەنە بەردەم بێدە نگی‌و کارێک دەکەن کەس هەست بەوە ناکات دیاردە یان ڕووداوێکی لەو جۆرە بوونی هەبێت. ئەم ستراتیژە بەرامبەر بە ئە زموونە تازەکان‌و بۆچوونە رەخنەییەکان‌و دە نگە نوێیەکان بە تەواوی بەکارهاتووە. ماس میدیا بەرامبەر بە زاپاتیستەکانیش ئەم سیاسە تەی گرتۆتە بەر، بێدەنگە لێکردن‌و شاردنە وەی لە خەڵک، بۆیە بەدەگمەن نەبێت باسی ئەو بزووتنەوەیە ناکرێت‌و ئەزموونەکە ی لە سنورێکی دیاریکراودا ماوەتەوە. تە نانەت کاریگەری میدیای باوی بورژوازی وایکردووە، زۆرێک لە میدیا چەپەکانیش بکەونە ژێر هەمان کاریگەری‌و کەمترین ئاماژە بەو ئەزموونە بدەن.**

نوێژە سیاسییەکانی مەکسیک بەردەوام بە شوێن میدیاکانەوەن تا دەربکەون، چونکە ئەوان بێ دەرکەوتن لە میدیا هیچ نین، میدیاکان کەسەکان دەکەنە سیاسیو سیاسییەکان کۆنتڕۆڵ دەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی میدیاکانی مەکسیک کۆنتڕۆڵی دەوڵەتن یان لەژێر هەیمەنەی ئەواندان، کەمتر لا لە زاپاتیستەکان دەکەنەوە، زاپاتیستەکانیش بەردەوام بە میدیاکان دەڵێن «ئێمە هەین، ئەمەش بەوادا دیارە کە لەناو بڵاوکراوەو تەلەفزیۆنەکانی ئێوەدا نین»

## ترس لە بەردەوامی، ئایندەیەکی نا ڕۆشن

زاپاتیستەکان، بۆ رزگاری لەدژی چەوساندنەوەی «نەتەوەیی» و چەوساندنەوەی دانیشتوانە ئەسڵییەکە تەنیا بەرەنگاری دەسەڵاتی مەکسیک نەبوونەتەوە، بەڵکو بەرەنگاری سەرجەم دەسەڵاتی لیبرالیزمی نوێ بوونەتەوە، ئەوان ئیتر دووژمنێکی بەرچاوی کاپیتالیزمن و هەر بەرەنگارییەکی لیبرالیزمی نوێ بۆ ئەوان بەرەنگارییەکی جدییەو بە جدی بەشداری دەکەن. لە شەشەمین بەیاننامەیاندا باسیان لە دەستبردنو دروستکردنی «تەبەردێکی تر» کردووە.

ئەوان بە روونی ئەوە دەزانن کە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی زاپاتیستەکان دوورگەیەکی دوورو پارێزراو نییەو پێیانوایە ئەگەر لەناوچەکانی تری مەکسیک دا شۆڕشو گۆڕانکاری تر روو نەدات، ناتوانن ئەوەی بەدەستیان هێناوە بپارێزن.

بۆیە ئەوان بیر لە تەبەردێکی ترو بەرەیەکی تر دەکەنەوە، مەبستیان ئەوەیە کارێک بکەن هەوڵو خەباتی گروپو دەستە ناڕەزایەتییەکانی تری ناو مەکسیک، کە زاپاتیستی نین، لەژێر چەترێکدا کۆ بکەنەوە، دیارە مەبەستیان بوونی ڕێکخراوێکی یەکپارچەی خاوەن رابەرایەتیەکەی ناوەندی نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستیان لێکزیک بوونەوەو یەکێتی بۆچوونو ئایدیۆلۆژییە.



لە راستیدا زاپاتیستەکان دەتوانن بە ئاسانی لەمەکسیک جیا ببنەوەو دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن. واتا وەک دانیشتوانە ئەسڵییەکەی مەکسیک دەوڵەتی خۆیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی مەکسیک دروست بکەن. بەڵام پێیانوایە هابەشتن لەوچارەنووسەی لەگەڵ مەکسیکییەکاندا هەیانە، لەوانەیە ئەمەش ئەنجامی کاریگەری ئەو تیۆرییە بێت کە پێی وایە سەردەمی «دەوڵەت-نەتەوە» کۆتایی هاتووە.

ئەوان بە راستی بەشێکن لە بزاوتی دژە سیستەمو هەنگاوێکی گرنگن بۆ دەرچوون لەو سیستەمە .

# دالای لاما و عەبدوڵڵا ئۆج ئالان

## مافی پەنابەرێتی وەک مافێکی دانپێدانراو لە یاسای نێودەوڵەتیدا. لە نێوان بەخشین و پێشێلکردنیدا



ئاوارە حسێن

لەسەرەتادا مافی پەنابەرێتی وەک مافێکی دانپێدانراوی یاسایی ناسێنراو لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەناسێنین و پاشتریش باس لە بەخشینی مافی پەنابەرێتی و پێشێلکردنی مافی پەنابەرێتی دەکەین بەنموونەوە.

مافی پەنابەرێتی لە جاڕنامەو ڕێککەوتننامە یاساییە نێودەوڵەتییەکاندا:

* جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨/١٢/١٠)، لە ماددەی (١٤) دا، بەم شێوەیە باس لە مافی پەنابەرێتی دەکات:

بڕگەی (١) دەڵێت: (هەر کەسێک لەبەرامبەر ستەم و چەوساندنەوەدا مافی ئەوەی هەیە بە شوێن پەناگەیەکدا بگەڕێ و پەنا بباتە بەر دەوڵەتێکی تر).

بڕگەی (٢) دەڵێت: (هەر کەسێک سەبارەت بە تاوانی نا سیاسی و کردەوەی نا ئەباو نە گونجاو لەگەڵ مەبەست و پرەنسیپی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمەتبار بێت، ناتوانێت لەو مافە سود وەربگرێت).

هەر پەیوەست بە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ، جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دانیناوە بەچەندین مافی گەوهەری تردا لەوانە:

ماددەی (٦) دەڵێت: (هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە کەسایەتیە یاساییەکەی لە هەمو شوێنێک بە فەرمی بناسرێت).

ماددەی (٧) دەڵێت: (هەمووان لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بێ هیچ جیاوازییەک لەلایەن یاساوە پشتیان بگیرێت، هەموان مافی ئەوەیان هەیە لە بەرامبەر هەر جیاوازی دانانێکدا کە ناوەڕۆکی ئەم جاڕنامەیە پێشێل بکاو لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەستی ئەو جیاوازیدانانە بەڕێوە بچێ، وەک یەک لە لایەن یاساوە پشتیوانیان لێبکرێت).




ماددەی (٩) دەڵێت: (هیچ کەسێک نابێت لە خۆوە بگیرێت، زیندانی بکرێت یان دوور بخرێتەوە).

ماددەی (١٠) دەڵێت: (هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە بەو پەڕی یەکسانی لە دادگایەکی سەربەخۆ، بێ لایەن، بە ویژدان و ئاشکرادا لە بڕیاردان لە ماف و ئەرکەکانی بۆ هەر تاوانێک پێی تۆمەتبار کراوە بە کێشەو سکاڵاکەی بگەن).

ماددەی (١١) بڕگەی (١) دەڵێت: (هەر کەسێک بەهەر تاوانێک تۆمەتبار کرابێت، هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویست بۆ داکۆکی لە خۆکردنی بۆ دابین کرابێت، تاوانبار بوونی ئەو بەشێوەیەکی یاسای دەرنەکەوتووە، بەبێ تاوان دەژمێردرێت).




* لە (١٩٥٠/١٢/١٤) کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا. کاری سەرەکی ئەو کۆمیسیۆنە لەسەر داوای حکومەت یان نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ پاراستن و هاوکاریکردنی پەنابەران و یارمەتیدانیانە بۆ جێگیرکردن و گەڕانەوەیان بۆ دەوڵەتی خۆیان. بە هۆی چالاکیەکانیەوە براوەی دوو خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ بووە بۆ ساڵانی (١٩٥٤-١٩٨١).

* لە (١٩٥١/٧/٢٨) نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسێکی تایبەتدا، ڕێککەوتننامەی پەنابەرانی دەرکرد و ئەو ڕێککەوتننامەیەش لە (١٩٥٤/٤/٢٢) وە کارپێدەکرێت و (١٤٥) دەوڵەت ئەندامن تێیدا.

لە ماددەی (١) ی ڕێککەوتننامەکەدا بەم شێوەیە پێناسەی پەنابەر دەکات: (هەرکەسێک کە چەوسێنرابێتەوە بە هۆکاری نەژادی، ئاینی، نەتەوەیی، ئەندام بوونی لە گروپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان بیروباوەڕی سیاسی. کە لەدەرەوەی دەوڵەتەکەی خۆی، دەوڵەتی ڕەگەزنامەی و شوێنی مانەوەی، هەروەها ناتوانن بگەڕێنەوە دەوڵەتەکەی خۆیان و لە دەوڵەتەکەی خۆیاندا پارێزراو نین لە ترس و چەوساندنەوە).

* کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٦٧/١٢/١٤) بە بڕیاری (٢٣١٢) جاڕنامەی پەنابەری هەرێمی دەرکرد. ئەو جاڕنامەیە لە چوار ماددە پێک هاتووە.

لە ماددەی (١) ی جاڕنامەکەدا هاتووە کە مافی پەنابەرێتی لە لایەن دەوڵەتەوە دەبەخشرێت وەک جێبەجێکردنی سەروەری دەوڵەت بۆ کەسانێک کە:

برگەی (١) دەڵێت: (پشت بەست بە ماددەی ١٤ ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، ئەو مافە دەبەخشرێت بە کەسانێک کە تێدەکۆشن لە دژی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزم و پێویستە لەلایەن هەمو دەوڵەتانەوە ڕێزی لێبگیرێت).

برگەی (٢) دەڵێت: (ئەو مافە نابێت بە کەسانێک ببەخشرێت کە هەستاون بە ئەنجامدانی تاوانی دوژمنکاری، تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی. کە پێناسە کراون لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا).

لە ماددەی (٤) دا دەڵێت: (ئەو دەوڵەتەی کە مافی پەنابەرێتی دەدات، نابێت ئەو مافە بە کەسانێک ببەخشێت کە تێوە گلاون بە چالاکیەکەوە کە دژ و ناکۆکە لەگەڵ مەبەست و پرەنسیپی نەتەوە یەکگرتووەکان).

- **بەخشینی مافی پەنابەرێتی. دالای لاما بە نمونە.**

دالای لاما: (دالای) وشەیەکی مەنگۆلیە، بە مانای زەریا دێت و (لاما) وشەیەکی تیبتیە، بە مانای مامۆستا یان فێرکار دێت. (دالای لاما) چواردەیەمین دالای لامای تیبتیەکانە و ناوە ئاینیەکەی (تەنزین گیاتسۆ) یە. لە (١٩٣٥/٧/٦) لە گوندی تاکتسەر لە خێزانێکی هەژار لە دایک بووە و لە (١٩٥٠/١١/١٧) و لە تەمەنی پانزە ساڵیدا وەک یەکەمین دانپێدانراوی فەرمی دالای لاما، لەلایەن خەڵکی تیبتەوە هەڵبژێردراوە. لاما وەک ڕابەری ڕەبەنەکان (مۆنکەکان) ی ئاینی بودی بە بەرگریکارو پارێزەری بەختەوەری تیبتیە بودیەکانی دنیا ناسراوە کە

بەردەوام لە گەشنە جیهانیەکانیدا بە شێوازە ئاشتیخوازییەکەی کار دەکات بۆ بەرژەوەندی گشتی و سەرچاوەی ژیانێکی بەختیار، دەربارەی ژینگە، ئابوری، مافەکانی ژن، ئانوندونیژی، پێکەوە ژیانی ئاینی و پزیشکی دەدوێت و ئامۆژگاری بودیەکانی دنیا دەکات.

لە ساڵی (١٩٥٦) کاتێک بۆ بەشداری کردن لە جەژنی لەدایک بوونی بودا سەردانی هیندستان دەکات، بە سەرۆک وەزیرانی ئەوکانی هیندستان جەواهیر لال نەهرۆ دەڵێت گەر مافی پەنابەری سیاسیم پێبدەیت ئەوا لە هیندستان دەمێنمەوە. دالای لاما لە دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی تیبنەکان لە خاکی خۆیان لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەری چینەوە، لە (١٩٥٩/٣/٣٠) هەڵدێت بۆ هیندستان پاش برینی ڕێگایەکی دوورودرێژ بەپێ بە پانزە ڕۆژ لە پایتەختی تیبت (لهاسا) وە دەگاتە هیندستان لەگەڵ گروپێکی سی و هەشت کەسی کە ئەواوی ئەندامانی خێزانەکەی و شەش وەزیری کابینەکەشی لەگەڵدا بوو لە هەرێمی (دهاراماسەلا) نیشتەجێ دەبن لە باکوری هیندستان و ئەوێ دەبێت بە وڵاتی نوێی ئەوان لە مەنفادا. بەگەشتنیان بە هیندستان دەست بەجێ لەلایەن حکومەتی هیندستانەوە مافی پەنابەری سیاسی بە دالای لاما و یاوەرانی دەدرێت. بە دوای ئەوانیش هەشتا هەزار تیبتی تریش دێن و زۆربەیان لە هەمان شوێن دەمێننەوە. چەند ڕۆژێکی کەم پاش گەشتنە سەرکەوتووەکەی (جەواهیر لال نەهرۆ) سەرۆک وەزیرانی ئەوکانی هیندستان دەگاتە لای و پێشوازی لێدەکات. بە نیشتەجێبوونیان دالای لاما فەرماندەکات بە دامەزراندنی سیستەمی پەروەردەی بۆ فێرکردنی زمان، کەلتور، مێژوو و ئاین بە منداڵانی تیبتی.

تیبت تا ساڵی (١٩٥٠) دەوڵەتێکی سەروەر بووە، دواتر لەلایەن سوپای چینەوە داگیر دەکرێت تا ئەمڕۆش ژێر چەپۆکی دەوڵەتی چینی کۆمۆنیستە. مەزەندە دەکرێت لە ساڵی (١٩٥٩) وە نزیکەی یەک ملوێن و نیو تیبتی کوژرا بێتن لە ئەنجامی هێرشە ڕاستەوخۆکانی چینەوە.

**-دالای لاما لە ساڵی (١٩٨٩) دا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرتووە و ئەمڕۆ بووە بە سیمبولی ئاشتی جیهانی.**

بەخشینی مافی پەنابەرێتی بە دالای لاما بووە جێگای ڕەخنەی حکومەتی چین. هیندستانی بەوە تۆمەتبار کرد کە دەستی وەرداوە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەی. لە کاتێکدا بیرمەندانی هیندی یاسای نێودەوڵەتی پێدانی ئەو مافە بەوە ناودەبەن کە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی مافەکانی دەوڵەتی هیندستان و سەپاندنی سەروەریەکەی بووەو لە

گە لەوەی ڕێبەری هزری و کرادری شۆڕشی باکوری کوردستانە بیرمەند و نووسەرەو نزیکەی چل پەرتوکی بەهاداری نووسیوە

سەر بنەمای مرۆڤایەتی پێی بەخشراوە و مرۆڤێکیان لە چەوساندنەوە پاراستووە کە پەنای بۆ هێناون و پێویست بووە بە دەمیەوە بچن.

**• پێشێلکردنی مافی پەنابەرێتی. عەبدوڵڵا ئۆج ئالان بەنمونە.**

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان: لە(١٩٤٩/٤/٤) لە گوندی ئەمارای سەر بە پارێزگای ئورفە لە باکوری کوردستان لە خێزانێکی جوتیار لە دایک دەبێت و کۆلێژی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی ئەنقەرە تەواو دەکات. لە (١٩٧٨/١١/٢٧) پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دادەمەزرێنێت و پاش نزیکەی شەش ساڵ لە خەباتی ئاشتیخوازی کەوەڵامێکی ڕاستەقینە وەرناگرن لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد. ناچار لە (١٩٨٤/٨/١٥) خەباتی چەکداری لە دژی تورکیا ڕادەگەیەنێت. جگە لەوەی ڕێبەری هزری و کرادری شۆڕشی باکوری کوردستانە بیرمەند و نووسەرەو نزیکەی چل پەرتوکی بەهاداری نووسیوە.

(ئۆج ئالان)ە، بە مانای تۆڵە سێن دێت، زۆر کات بە (ئاپۆ) ش، ناودەهێنرێت کە بە مانای مامە دێت و ئەم نازناوە هەر لە منداڵیەوە هاوڕێیانی پێیان بەخشیوە. کاتێک ئۆج ئالان دەبێتە مامۆستای وشیاری و ئازادییان. لە پەرتوکی (عەشقی کورد) دا، دەڵێت:

«هەر لە منداڵیەوە بۆ ئەوەی چیاکان لای منداڵانی هاوڕێم خۆشەیست بکەم گەر چۆلەکەیەکم بکوشتایە بە تەنها

نـەم دەخـوارد و پێکـەوە لەسـەر بەرزاییـەکان دەمـان خـوارد، بەمـەش لـە خۆشەویسـتیدا پێیـان دەوتـم ئاپـۆ. بـۆ ئـەوەی لـە ژیانـی نەنیای منداڵیـم خـۆم ڕزگار بکـەم دەبـوو ڕاوی چۆلەکـەی ئاسـمان بکـەم و دەرخـواردی منداڵانـی بـدەم».

ئـۆج ئـالان رۆژی دووشـەممە (١٩٩٩/٢/١٥) کاتژمێـر (١١:٠٣) یانـزەو سـێ خولەکـی بەیانـی لـە پیلانگێڕییەکـی نێودەوڵەتـی دا کـە چەندیـن دەزگای سـیخوڕی جیهانـی بەشـدار بـوون تێیـدا لـە نایرۆبـی پایتەختـی کینیـا دەسـتگیرکراو تەسـلیم بـە تورکیـا کرایـەوە.

لـە سـەرەتادا دادگای تورکیـا بـە پێـی ماددەی (١٢٥) ی یاسـای سـزادانی تورکیـا سـزای لـە سـێدارەدانی بەسـەردا سـەپاند. پاشـتر سـزاکەی گـۆڕی بـۆ زیندانـی هەمیشـەی پـاش ئـەوەی حکومەتـی تورکیـا سـزای لـە سـێدارەدانی لـە یاسـاکانیدا هەڵوەشـاندەوە بـۆ ئـەوەی هۆکارێکـی هـاوکار بێـت بـۆ وەرگیرانـی لـە ئەندامێتـی یەکێتـی ئەوروپـا.

عەبدوڵـڵا ئـۆج ئـالان لـە هـەردوو بەرگـی پەرتوکـی: (لـە دەوڵەتـی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارسـتانی دیموکراسیانە). و بەرگـی پێنجەمـی پەرتوکـی (مانیفسـتۆی شارسـتانێتی دیموکراتـی- کێشـەی کـورد و ڕێگـە چـارەی نەتـەوەی دیموکراتیـک- لـە نـاو بەرداشـی جینۆسـایدی کەلتوریـدا بەرگریکـردن لـە کـورد). ڕوناکایـی دەخاتـە سـەر شـێوازی فڕانـدن و گرتـن و تەسـلیم کردنـەوەی. وە بـە پیلانێکـی نێودەوڵەتـی نەفرەتلێکـراو و گڵاو دەیناسـێنێت و تەنانـەت خـۆی بـە قوربانیەکانـی ئاڕانـا دەچوێنێـت. (ئاڕانـا: ئـەو مەیدانـە بـوو لـە سـەدەکانی ناوەنـد کـە مرۆڤـی تێـدا پێشـکەش بـە شـێرەکان دەکـرا). لـە ڕاستیشـدا دەسـتگیرکردن و تەسـلیمکردنەوەی ئـۆج ئـالان بـە تورکیـا، دیارییەکـی سیسـتەمی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری بـوو بـۆ ئەڵقـە لـە گوێکانـی نەوەکانـی سـوڵتانە عوسـمانیەکان و ئەتاتـورک.

لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی (١٩٩٨) فشـارەکان بـۆ دەرکردنـی ئـۆج ئـالان لـە سـوریاو لوبنـان چـڕ کرایـەوە. سـەرۆک کۆمـاری ئەوکانی تورکیـا (سـلیمان دەمیـرال) لەپەڕلەمانـی تورکیـا قسـەی کـردو بڕیـاری بەکارهێنانـی هێـزی وەرگـرت لـە دژی سـوریا، گـەر بێنـو عەبدوڵـڵا ئـۆج ئـالان لـە خاکەکەیـدا دەرنـەکات. ئـۆج ئـالان لـە سـاڵی (١٩٧٩) وە لـە لـە لوبنـان و سـوریا دەژیـا، هیـچ کات هەڕەشـەکانی تورکیـا لـە سـوریا وەک ئەوجـارەی دوای جـددی و سـور نەبـوون.

پـاش ئـەوەی ئـۆج ئـالان ناچـار دەکرێـت سـوریا بەجێبهێڵێـت، دوو ڕێـگای لەبـەر دەسـت بـوو، چوونـی بـۆ شـاخ یـان چوونـی بـۆ ئەوروپـا. وەک خـودی خـۆی ئامـاژەی بـۆ کـردووە خواسـتی زۆری هەبـووە کـە بڕوانـە شـاخ. بـەڵام بـە باشـی زانیـوە بچێتـە ئەوروپـا بـۆ ئـەوەی کێشـەی کـورد بکەوێتـە ڕۆژەڤـی جیهانـەوەو بەڵکـو لەوێـوە دەرگای چارەسـەرییەکی سیاسـی بکرێتـەوە.

> **نەریتی ژیانی بمرەو بکوژە دەرکەوتبوو کە زیاتر لەوەی چارەسەرییەکی ئاسان بۆ جێگای گومان هێزە بەرامبەرەکان بهێنێ، ویژدانی کوێر دەکرد**

لـە پەرتوکـی (پیلانگێـڕی نێودەوڵەتـی دژ بـە عەبدوڵـڵا ئـۆج ئـالان) دا، ئـۆج ئـالان لـەو بارەیـەوە دەڵێـت:

« ئـەو بژارەی لەنـاو ئـەو دوو ڕێگایـەدا کەوتـە پێشـم، هەنگاونان بـوو بـۆ شـەڕ لـە چیاکانـدا. بـەڵام جگـە لـەوەی کـە لـەو بوارەدا زۆر درەنـگ کەوتبووم، لـە هەمانکاتـدا بـە پیـرۆزی مانـەوەی هێـزە چەکدارەکان لـەو لاوە بمێنێـت، کاتێـک بینیـم لـە حاڵەتـی بـە لاڕێـدا چوونـدا ڕێـگای لـە پێـش ئەنجامێکـی پێچەوانـەی ئومێـدە چاوەڕوانکـراوەکان کردۆتـەوە، ئـەم ڕەوشـەش خەریـک بـوو لـەم بـوارەدا هیـوای چارەسـەرییەکی ئاسـان لـە دەمێکـی کورتـدا لـە ناوببـات، هەروەهـا نەریتـی ژیانـی بمـرەو بکـوژە دەرکەوتبوو کـە زیاتر لـەوەی چارەسـەرییەکی ئاسـان بـۆ جێـگای گومـان هێـزە بەرامبـەرەکان بهێنـێ، ویژدانـی کوێـر دەکـرد. لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کاتیشـدا ئـەوە دەرکـەوت کـە تاکـەکان لـە بـواری ڕەوشـتی و فەلسـەفیەوە بـە ڕێڕەوێکـی هەڵـە بەڕێـدا دەچـن. لەوانەیـە چوونـم بـۆ چیـا هەندێـک چاکسـازی لـە بـواری تەکنیکـی- تەکنیکـی لێبکەوتایەتـەوە، بـەڵام جێـگای گومـان بـوو کـە بـوار لەبـەردەم دۆزینـەوەی چارەسـەرییەکی سـتراتیژی و کۆتـای بکاتـەوە. باوەڕێـم بەتوانـای هـزری خـۆم هەبـوو، بـەردەوام هەڵگـری هەسـت و ئیلهامێکـی وەهـا بـووم کـە دەبـێ

بەم جۆرە ڕۆڵی مێژووی خۆم بگێرم «.

لە ئەنجامدا لە (١٩٩٨/١٠/٩) لەگەڵ نوێنەری (PKK) لە لە یۆنان ئایفەر کایا سوریای بەجێهێشت و بەرەو یۆنانستان کەوتە ڕێ. ئەوەش پاش ئەوەی داوەتنامەیەکی زۆر لەلایەن پارتی دەسەڵاندارەوە هاتبوو، پەرلەمانیش بە زۆرینەی دەنگ بانگهێشتی کردبوو. کە ئۆج ئالان دەگاتە فرۆکەخانەی یۆنانستان پێی دەڵێن لەماوەی سێ کاتژمێردا یان دەگەڕێینەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووی، یان بەرەو ئەو شوێنەی کە خۆت دەتەوێت بچیت. ئۆج ئالان یۆنانستان بەجێدەهێڵێت و دەچێتە مۆسکۆ پێش ئەوەی بچێتە مۆسکۆ داوای مافی پەنابەرێتی دەکات، بەڵام پەسەند ناکرێت، (٣٣) ڕۆژ لە ڕوسیا دەمێنێتەوە. لە لایەکی ترەوە پەرلەمان بە (٢٩٨) دەنگی بەڵی مانەوەی ئۆج ئالان لە ڕوسیا پەسەند دەکات. بەڵام ئۆج ئالان لە بەرگی پێنجەمی پەرتوکی (مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتی) دا. ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت:
« لەو ماوەیەدا کە لە ڕوسیا مامەوە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل شارۆن و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئۆڵبرایت سەردانی ڕوسیا یان کرد. بریماکۆڤ سەرۆک وەزیرانی ڕوسیا بوو. هەمووشیان بە بنەچە یەهودی بوون. هەروەها سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا مەسعود یەڵماز لەناو جموجوڵدا بوو. لە کۆتاییدا لەسەر پرۆژەی گازی سروستی و قەرزە دە ملیار دۆلارییەکەی سندوقی نێودەوڵەتی دراو ڕێککەوتن و بریاری دەرکردنی منیان دا».ئۆج ئالان ڕوسیا بەجێدەهێڵێت و بەهاوکاری ئەندام پەرلەمانێک ڕوو لە ئیتالیا دەکات.

(٦٦) ڕۆژ دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا ئۆج ئالان لە ڕێگای پارێزەرەکەیەوە داوای مافی پەنابەرێتی لە ئیتالیا دەکات، بەڵام پەرلەمانی ئەوروپا مافی پەناهەندەی ئۆج ئالان ڕەت دەکاتەوە. هەربۆیە لە (١٩٩٩/١/١٦) ئیتالیا بە جێدەهێڵێت. ئێرانیش پەسەندی ناکات لە ڕێگای ئەوەوە بهێترێتەوە بۆ چیا و خودی خۆشی بڕوای بە ئێران نەبووە بەهۆی هەڵوێستە باوەکانی پیلانگێرییەکانی لە دژی سمکۆی شکاک و قاسملوو و لەسەر کار لابردنی ئەسنیاگ لەلایەن هێرباکۆسەوە. بۆیە دووبارە لەسەر پێداگری نوێنەری (PKK) لە ڕوسیا، دەچێتەوە ڕوسیا و پاشان تاجیکستان و مانەوەی هەفتەیەک لەوێ جارێکی تر گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ و پاشتریش جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ یۆنان. پاش ئەوەی کە یۆنان پەیمانی پێدەدەن لەماوەی پانزە ڕۆژدا بە پاسپۆرتی باشوری ئەفریکا کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە ئامادە کراوە بچێتە کینیا و لەوێ بمێنێتەوە، بۆ خۆشی خواستی چوون بۆ ئەفریکای باشوری هەبووەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە هەنگاوتان بەرەوە ئەفریکا فاکتەری ماندێلا کاریگەر بوو، وەک چۆن فاکتەری لینین لە هەنگاوناغان بەرەو مۆسکۆ خاوەن کاریگەری بوو. گوایە دەچوومە باشوری ئەفریکا، هەم پەیوەندی دیپلۆماسی ئەندروسنانەمان پێشدەخست، هەمیش پاسپۆرتی فەرمیم وەردەگرت. دواتر بۆ بیلا ڕوسیاو لە وێشەوە بۆ کینیا. کە ئۆج ئالان دەگاتە کینیا لەوێ لەلایەن باڵوێزی یۆنان

**ئۆج ئالان لە جدیەتی دۆخەکە تێدەگات و دەیەوێت لە ڕێگای مافی پاسپارێزی (حصانە) ی باڵوێزەوە بچێتە فرۆکەخانەوە**

لە فرۆکەخانە پێشوازی لێدەکرێت و پێکەوە دەچنە تەلاری باڵوێزخانەکەوە. لە پەرتوکی (پیلانگێری نێودەوڵەتی دژ بە عەبدوڵڵا ئۆج ئالان) هاتووە:
« کە ڕۆژی (١٩٩٩/٢/١٥) هێزەکانی ئاسایشی کینیا تەنانەت دەکەونە ناو باخچەی باڵوێزخانەکەشەوە، ئۆج ئالان لە جدیەتی دۆخەکە تێدەگات و دەیەوێت لە ڕێگای مافی پاسپارێزی (حصانە) ی باڵوێزەوە بچێتە فرۆکەخانەوە، بەڵام ئەو داوایەی ڕەتدەکرێتەوە. ناچار دەکرێت کە سواری ئەو ئۆتۆمبێلە ببێت کە دەستنیشانیان کردووەو ڕێگە نادرێت لەگەڵ هاوڕێکانیدا سواری هەمان ئۆتۆمبێل بن. ئەو ئۆتۆمبێلەی کە ئۆج ئالانی تێدا بوو سێ پۆلیسیش چوونە ناوی و قافڵە پێنج ئۆتۆمبێلەکەیان کەوتنە ڕێ و پاش ماوەیەکی کورت ئەو ئۆتۆمبێلەی کە ئۆج ئالانی تێدا بوو لە قافڵەکە دادەبڕێت و بەرەو فرۆکەخانەی سەربازی دەچێت، هەر لەو کاتەدا بە دەرزییەکی خەو ئۆج ئالان لە هۆش خۆی دەچێت و ئاگای لە ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە نامێنێت. ئۆج ئالان ئەوەی کە بەدرێژای گەشتەکەیان دێنەوە خەیاڵی وەها دەیگێڕێتەوە:

« لەناو ئەو فرۆکەیەی کە منی تیابووم، هەندێک کەسی چاوشین و قژ زەرد و هەندێکی دیکەش گەنم ڕەنگ و باڵا بەرز هەبوون بە چەکی ئۆتۆماتیکیەوە، هەستم دەکرد لە ئامادە باشیدان. ئەگەرێکی بەهێزی ئەوە هەبوو کە ئەمانە ئەندامانی (CIA- MOSSAD) بن، هێزی تایبەتی تورک لە فڕۆکەکەدا خۆیان بەسەرمدا داو ڕایانکێشاندم هەموو شمەکەکانمیان گرت و یەکسەر گرێیاندام. بە تیپی پان چاویان بەستم و لەبەشی دواوەی فرۆکەکەوە دایاننام. فڕۆکەکە دوو

**پاش ئەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتیە نزیکەی حەفتا کوردی ناو زیندان و دەرەوەی زیندان لە سەر ئاستی کوردستانی گەورەو دەوڵەتانی دنیا بە دروشمی (ناتوانن ڕۆژەکەمان تاریک بکەن) ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا**

جار نیشتەوە، یەکەم جار لە میسر دووەم جاریان لە ئیسرائیل یان قوبرس بوو. کە منیان بە کەشتی بەرەوە دورگە هێنا بەرەبەیانی (٢/١٦) بوو».

هەڵبژاردنی ڕۆژی پانزەی شوبات بۆ دەسگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆج ئالان و سەپاندنی سزای لە سێدارەدان لەسەرەتادا لە بیست و نۆی حوزەیران. ئەو پەیامە نەزۆک و نەتەوەپەرستییەی تورکە کە کوردان لە هەرکاتێکدا وەک مێژوو لە هەر شوێنێکدا وەک جوگرافیا بیانەوێت تێبکۆشن بۆ ئازادی لەدژی تورک ئەوا تورک سەرکوتی دەکات و ناهێڵێت خەونەکانی بە ڕاستی بکات. چونکە دەسگیرکردنی ئۆج ئالان لە (١٩٩٩/٢/١٥) هەمان ئەو ڕۆژەیە کە ئۆپەراسیۆن کرایە سەر پلان و شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە (١٩٢٥/٢/١٥). ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە سەپاندنی سزای لە سێدارەدان بەسەر ئۆج ئالان دا لە (١٩٩٩/٦/٢٩) بەرامبەرە بە سەپاندنی سزای لە سێدارە دان بەسەر شێخ سەعیدی پیران لە (١٩٢٥/٦/٢٩). ئەو پیلانە ژەهراوییەی داگیرکەر بەسە بۆ ئەوەی کورد یەکگرتوو بێت بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مەفەکانی.

پاش ئەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتیە نزیکەی حەفتا کوردی ناو زیندان و دەرەوەی زیندان لە سەر ئاستی کوردستانی گەورەو دەوڵەتانی دنیا بە دروشمی (ناتوانن ڕۆژەکەمان تاریک بکەن) ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا. پاش ئەوەی لە زیندانی دورگەی ئیمراڵیەوە لە دەریای مەرمەرە پەیامی ڕاگرتنی خۆسوتان درا هەر بەردەوام بوو.....

ئۆج ئالان لە بەرگرینامەی یەکەمیدا سەبارەت بەوانەی ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا لەبەرامبەر نەفرینکردنی دەسگیرکردن و فڕاندنەکەی دەنوسێت:

« چۆن دەتوانم نکوڵی لە هەزاران کەسی بەهادار بکەم کە هەزار جار زیاتر لە من بە پرسەکەوە گرێدراون؟ چونکە بەهەزاران هەن کە پەیوەندیان پێوە بوو، هەر لە کچانی گوندەوە هەتا ژنان و مامۆستا بە تواناکان و ئەو کەسانەی کە لە ژیاندا بوێرییەکی زۆر گەورەیان هەیە. کاتێک عیسا لە خاچ درا، ئەوانەی لە دەوروبەری بوون تەنها بۆی گریان. کاتێک موحەمەد (د.خ) کۆچی دوای کرد بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام گفتوگۆ لەسەر دەسەڵات کرا. کاتێک لینین مرد کەس لە پێناویدا خۆی نەکوشت. بەڵام لە دوای گرتن و تەسلیم کردنەوەم، ئاگر جەستەی سەدان ڕۆڵەی گەلی کوردی سوتاند و خوارد، تۆ بڵێی ئەوانە دەیانویست چی بڵێن؟ ئەوانەی خۆیان کردە بۆمبا و تەقینەوە، نەفرەت و کینیان لە چی بوو؟ چ ڕاستییەک هەیە پاڵیان پێوە دەنێت کە ئەو کارە بکەن؟ ئەگەر من پێشم نەگرتایە بە هەزاران بۆ ئەو کارە ئامادە بوون. ئەمە شێوازی تایبەت نیە بە بزوتنەوەی ڕزگاری، بەڵکو ئەو ڕوداوانەیە کە لە دەوروبەری مندا کۆ دەبووەوە، شیکرنەوەی هەموو ئەوانەش ئەرکێکە دەستی لێبەرنادرێت».

ئەوەی لە دژی کوردو ڕابەرانی ئەنجام دراوەو دەدرێت کەم وێنەیە، دەوڵەتانی بەرژەوەندی خواز کە ناکۆکی قوڵ و دوژمنکاری مێژوویان هەبووە لەمەسەلەی کورد و ڕابەرانیدا دەبن بەیەک و هاو هەڵوێست دەبن. لە پیلانگێڕی دەسگیرکردنی ئۆج ئالان دا چەندین دەوڵەتی ناکۆک کۆک و تەبا بوون. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تا ڕوسیا، لە یەکێتی ئەوروپاوە تا کۆمکاری عەرەبی، لە تورکیاوە تا یۆنان، لە کینیاوە تا تاجیکستان. ئۆج ئالان دەڵێت:

« چەندین دەوڵەت کەوتبونە ناو پیلانگێرییەوە. چی بوو

ئەوەی تورک و یۆنانیەکانی دوژمنی سەدان ساڵەیان کردبوو بەیەک؟ بۆچی ڕێککەوتنی هێندە بێ پرەنسیپانە یاخود یەکێتی بەرژەوەندی لەسەر پشتی من بەدیدەهات؟.
لە کۆرسی سێیەمی ساڵی دووەمی قۆناخی ماستەرەکەمدا ساڵی (٢٠١٢) لە هیندستان لە بابەتی (ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ڕۆڵیان لە یاسای نێودەوڵەتی) دا لەوانەیەکی تایبەتدا بە مافی پەنابەرێتی کە لەلایەن مامۆستای وانە (پرۆفیسۆر: گریش کوڵکەرنی) بیرمەندی یاسای نیودەوڵەتیەوە دەوترایەوە، دۆزی ئۆج ئالانم وروژاند، مامۆستاش سەرەڕای ئەوەی ئۆج ئالانی دەناسی و هاوسۆزی خۆشی دەربڕی و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چۆن مافە سروشتی و یاساییەکانی پێشێل کراوەو تا هەنوکەش دەکرێت.

هەر ئەو کاتیش زۆر گەڕام و هەوڵمدا بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنامەیە بدۆزمەوە کە لەنێوان تورکیاو کینیا هەبووبێت بۆ تەسلیمکردنەوەی هەڵاتووەکانیان. بەتایبەت لە وەها دۆزێکدا کە یاسای نێودەوڵەتی بەمەرجی داناوە کە ئەو ڕێککەوتنامەیە هەبێت لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بۆ تەسلیمکردنەوەیەکی دروست و یاساییانە، لە ئەنجامدا گەشتمە ئەوەی کە هیچ ڕێککەوتنامەیەک نەبووە لەنێوانیان، واتە گرتنەکەو نکوڵی کردن لە پێدانی مافی پەنابەرێتی و تەسلیم کردنەوەی بە دەوڵەتێک کە هیچ جۆرە ئازادییەکی تیا نیەو دادگاییەکی دادوەرانە ناکرێت، تەواو نایاسای و پێشێلکاری ڕەهای یاسای نێودەوڵەتی بوو. ئەوکات زیاتر هەستم بەو ڕەوشە ئازاراویە کرد. کە چۆن ماف و یاسا و ویژدان بۆ کوردان بوونی نیەو ئەوەی بە بنەما دەگیرێت بەرژەوەندیە جۆراوجۆرەکانە کە پرەنسیپیان کوێت کردووە.

وەک لە ماددەی (١٤) ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ماددەی (١) ڕێککەوتنامەی مافی پەنابەرێتی ساڵی (١٩٥١) و ماددەی (١) جاڕنامەی مافی پەنابەرێتی هەرێمی ساڵی (١٩٦٧) دا هاتووە، کە هەر کەس لەبەرامبەر چەوساندنەوەو ستەمدا کە لەسەر بنەمای نەژادی، ئاینی، نەتەوەی، ئەندام بوونی لە گروپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان بیروباوەڕی سیاسی لە دژی ئەنجام درابێت و چەوسێنرابێتەوە مافی ئەوەی هەیە کە مافی پەنابەرێتی سیاسی یان مرۆی وەربگرێت. بەتایبەت ئەو مافە بەوانە بدرێت کە خەبات دەکەن لە دژی داگیرکاری و کۆڵۆنیالیزم. واتە دەبوو ئەو مافە دەست بەجێ بە ئۆج ئالان ڕەوا ببینرایاو پێی بدرایە. چونکە لە دژی گەورەترین داگیرکار خەباتی دەکرد لە چوار چێوەی مافی چارەی خۆنوسیندا.

هەروەها برگەی (٢) ی ماددەی (١٤) ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ماددەی (٤) ی جاڕنامەی مافی پەنابەرێتی هەرێمیدا هاتووە: ئەو دەوڵەتەی کە مافی پەنابەرێتی دەدات،

**لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنوسیندا خەباتی دەکرد بۆ سەلماندنی بوون و وەڵامی نکوڵی و بەدەستهێنانی ناسنامەو ئازادی**

نابێت ئەو مافە بە کەسانێک ببەخشێت کە تێوە گلاون بە چالاکیەکەوە کە دژ و ناکۆکە لەگەڵ مەبەست و پرەنسیپی نەتەوە یەکگرتووەکان.
لەوەشدا دەبوو ئۆج ئالان ڕاستەوخۆ وەرگری ئەو مافە بوایە، چونکە خەباتەکەی بۆ ئازادی نەتەوەکەیی و مرۆڤایەتی لە چوار چێوەی ماددەکانی (١-٥٥-٧٣-٧٦) ی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو و لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنوسیندا خەباتی دەکرد بۆ سەلماندنی بوون و وەڵامی نکوڵی و بەدەستهێنانی ناسنامەو ئازادی.
- مافی چارەی خۆنوسینیش بە دوو شێواز پیادە دەکرێت، ئەوانیش:
١/ ئاستی ناوخۆی: کە لە کورتترین پێناسەدا بە مانای ناساندنی تەواوی مافەکانی ئەو گروپە دێت لە چوارچێوەی هەرێمی ئەو وڵاتەی تیایدا دەژین.
٢/ ئاستی دەرەکی: لە کورترین پێناسەدا بە مانای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دێت لە لایەن ئەو گروپەوە.
بەڵام لە یاسای نێودەوڵەتیدا چەندین شرۆڤەکاری و ڕاڤەکاریمان هەیە بۆ بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسین، ئەوانیش:

١/ مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆی -Internal Right Self

Determination : مافێکی یاسایی دانیشتوانی دەوڵەتێکە بۆ هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی وڵاتەکەیان و دەستنیشانکردنی حکومەتەکەیان بە ویستی ئازادانەی خۆیان و مافی دروستکردنی بڕیاری سیاسی خۆیان. ئەم مافە بە تەنها چارەنوسی سیاسی ناگرێتەوە بەڵکو مافی دانیشتوانی دەوڵەتە بۆ بە ئازادی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریی خۆیان. بە کورتی مانایەکی تری ئەم مافە دەستنبەرکردن و جێبەجێکردنی تەواوی مافەکانی هەموو گرووپە جیاوازەکانە لە چوارچێوەی هەرێمی ئەو دەوڵەتەی کە لێی دەژین.

٢/ مافی چارەی خۆنوسینی دەرەکی External Right Self-Determination: جێبەجێکردنی ئەم مافە برینیە لە لە ناوبردنی کۆڵۆنیالیزم و داگیرکاری و ڕاگەیاندنی سەربەخۆی و پێکهێنانی دەوڵەت بۆ هەموو گەل و وڵاتە داگیرکراوەکان بە بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک. بە پێی ئەم ڕاڤەکاریە هەر گەل و وڵاتێک کە تاهەنوکە داگیرکراوەو دەچەوسێنرێنەوە و نەگەشتووە بە سەربەخۆی و مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆی بۆ دەستەبەر نەکراوەو جێبەجێنەکراوە ئەوا مافێکی یاسایی هەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕابگەیەنێت و لەو دەوڵەتە جیاببێتەوە کە لە ناویدا دەژی. هەر لەم حاڵەتەدا دەکرێت ڕێگری کردن لە بەشداربوونی گرووپێکی دیاریکراو لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ئەوەی گەشە بە لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری خۆیان بدەن پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنی وڵاتەکەشدا دەنگی پێویستیان هێنابێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی یاسایی و سیاسیدا، بەڵام ئاستەنگیان بۆ دروست بکرێت. ئەم گرووپەش مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە.

٣/ مافی چارەی خۆنوسین بە ڕاپرسی Right Self-Determination by Referendum: یاسا ناسانی نێودەوڵەتی ئەم شێوازە بە باشترین شێواز دادەنێن بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنوسین بە پێی یاسای نێودەوڵەتی. ئەم ڕاپرسیەش لە بەرەنجامی ماددەیەکی دەستوری دەکرێت کە لە دەستوری دەوڵەتەکەدا ڕاپرسی جێگیرکرابێت یاخود ڕاپرسییەکە بە پەیمانێک دەکرێت کە لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکدا بەسترابێت. ئەمەش بەوە دەبێت کە هەرێمی دەوڵەتێک ڕاپرسی ئەنجام بدات بۆ دانیشتوانی هەرێمەکەی کە ئایا دانیشتوانەکەی دەیانەوێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بمێننەوە کە هەنوکە لێی دەژین یاخود جیاببنەوەو سەربەخۆی وەربگرن.

شۆڕشی باکوری کوردستان لە چوارچێوەی مافی چارەی

لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنوسیندا بووەو ڕێبەری شۆڕش ئۆج ئالان پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسینی لەسەر ئاستی دەرەکی جێبەجێکردووە

خۆنوسین لەسەر ئاستی دەرەکی جێبەجێکەن کە ڕەواو یاسای بوو. چونکە گەشتبووە ئەو باوەڕە گومان هەڵنەگرەی کە دەوڵەتی تورک مافی چارەی خۆنوسین لەسەر ئاستی ناوخۆی بۆ کوردان جێبەجێناکەن.

بەو پێیەی کە بەردەوام خوێندنەوە بۆ شۆڕشی ئازادیخوازی باکوری کوردستان دەکەم و لە ئاوێنەی یاسای نێودەوڵەتی و یاساکانی جەنگ دا دایدەنێم، ئەوەم بۆ ڕوونبووەتەوە، کە شۆڕشە یاسایی و ڕەواکە لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنوسیندا بووەو ڕێبەری شۆڕش ئۆج ئالان پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسینی لەسەر ئاستی دەرەکی جێبەجیکردووە. وانە شۆڕشەکەی شۆڕشێکی ڕەواو یاسای بووە، دۆزی عەبدوڵڵا ئۆج ئالانیش دۆزێکی سیاسی بووە، نەک تاوانکاری، کە دەبوو مافی پەنابەرێتی پێبەخشرایاو و نەسلیم بە وڵاتێک نەکرایەتەوە کە بەبێ دادگایکردنێکی دادوەرانە سزا بدرێت. ئەوەش باشتر ڕوونبوویەوە کە ئۆج ئالان زیاتر لە دوو هەزار لاپەڕە بەرگرینامەی پێشکەش بە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا کرد. لە بەرگرینامەکانیدا داوای بەدەسنهێنانی دادپەروەری و دووبارە دادگایکردنەوەی کردووە. بەڵام ئەو داوا سروشتی و یاساییە لە لایەن دادگای تورکیاوە ڕەتکراوەتەوە. لە ساڵی (٢٠٠٥) دا دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا ڕایگەیاند کە حکومەتی تورکیا بەندەکانی (٣-٥-٦) ی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپای پێشێل کردووە و بە نەبەخشین، هەروەها نکوڵیکردن لە گرنگی پێدان بە تەندروستی ئۆج ئالان و دەستگیرکردن و سزادانی بە زیندانی هەمیشەیی بەبێ دادگایکردنێکی دادپەروەرانە.

# ئەردۆگان هار بووە !!



کوردۆ شوانی




## کورتەیەک لە مێژوی تورک

بە ئاوەڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژوی دەسەڵاتدارێتی تورک و شێوازی بەڕێوەبردن و حکومڕانیەکەیان، ئەو ڕاستیە بەدەردەکەوێت کە ئاسان نییە وەک هەر گەلێکی دیموکراسیخواز و مرۆڤدۆست متمانەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە بە تورکەکان بکرێت، تورکەکان بەشانازییەوە باسی ئەوە دەکەن کە ئەوان لە نەوەی گورگە بۆرن وخەڵکی ئەنادۆڵن، ئەفسانەی گورگە بۆر لای تورکەکان بە دوو شێواز باس دەکرێت، لە گێڕانەوەیەکدا وا باسی لێوە دەکرێت کە تورک لە نەوەی ئەو منداڵەن کە لە دایک و باوکی دابڕاوەو گورگێک بە شیری خۆی گەورەی کردووە، بۆچونێکی تریش ئەڵێت ئەو کانەی تورکەکان کۆچیان کردووە بەرەوە شوێنی ئێستایان گورگێک پێش کاروانەکەیان کەوتووەو ڕێنیشاندەریان بووە، لە هەر دوو ئەفسانەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت تورک لە گورگەوە هێزی خۆی وەردەگرێت، ئاشکریە لە ناودڕندە گۆشت خۆرەکاندا گورگ لە هەمویان زیاتر چاوبرسی و بێ پرنسیپە، وەک نمونە شێر کاتێک برسی دەبێت یەک نێچیر ڕاو دەکات، بەڵام گورگ دەیان نێچیر دەکوژێت و یەک دانەش دەخوات.

## ئەنادۆڵ کوێیە؟

ئەنادۆڵ نیمچە دورگەیەکی شاخاوییە لە خۆرئاوای ئاسیا بە ئاسیای بچوکیش ناو دەبرێ تورکەکان لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا لە ساڵی ١٠٧١ دا لە کاتی دەسەڵاتدارێتی سوڵتان ئالب ئەرسەلان ڕویان لە ناوچەکانی ئێستای ئەو سنورە جوگرافیایەکردوو کە ناوی تورکیا، لەو سەردەمەدا کورد لە میزۆپۆتامیادا دەژیان و لە و دەڤەرەشدا خاوەنی دەسەڵاتدارێتی خۆیان بونە، پایتەختەکەیان میا فارقین بووە کە لە ئێستا دا دەکاتە شاری سیلوان دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری ئامەد لە نێوان دیجلەو فورات،

بیزنتیەکانیش لە قستەنتینیە کە دەکاتە ئەستەنبوڵی ئێستا دەسەڵاتدار بون، لە ساڵی ٣٩٥ بۆ ١٤٥٣ پایتەختی بیزەنتیەکان بووە، دواتر لە سەردەمی عوسمانیەکان و دەسەڵاتداری محەمەد فاتیح دا دەستی بەسەردا گیراوەو ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ئیسلام بول یان ئیستانە ، تاساڵی ١٩٣٠ لە کاتی گۆڕانکاریەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا ناوەکەی دەگۆڕێ بۆ ئەستەنبوڵ، ئیمپراتۆری عوسمانی لە ١٢٩٩هەتاڕۆژی ڕوخاندنی ئیمپراتۆرێتەکە لە سێ کیشوەردا دەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام لە ئیستادا تورکەکانی پاشماوەی عوسمانی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا خاوەن دەسەڵاتن بە ناوی تورکیا کە ڕوبەرەکەی ٧٧٩،٤٥٢ کم دووجایە، ئەو خاکەش بەشێکی خاکی کوردستانە، تورکیا دەکەوێتە نێوان ئاسیا و ئەوروپاوە لە سەدا نەوەد و حەوتی دەکەوێتە ئاسیاوە لەسەدا سێتی دەکەوێتە ئەوروپاوە لە باشورییەوە عێراق و سوریاو دەریای ناوڕاست لە خۆرئاواشەوە دەریای ئیجەو یۆنان و بولگاریا لە خۆر هەڵاتیشەوە جۆرجیا و ئێران و ئەرمینیا و ئازربایجان

لـە باکوریشـەوە دەریـای ڕەش هەیـە سـێ دەریـاو هەشـت دەوڵـەت دەوریـان داوە، لـە تورکیـا دا زیاتر٧٥مليـۆن هاوڵاتـی دەژیـن، لەسـەدا بیسـتی کـوردەو لەسـەدا دەی پێکهاتـەکانی تـرە، هەڵکەوتـەی جوگرافیـای تورکیـا بەشـێوەیەک ڕێـک کەوتـووە بـووە بەسـەنتەری پیشەسـازی، بەهـۆی نزیکـی لـە بـازاڕەکانی جیهانـەوە سـودێکی زۆری لێدەبیـنی و کراوەیـە بـەڕوی بـازاڕی ئەوروپـاو ئاسـیاو خۆرهەڵاتـی ناوڕاسـت و روسـیا، بـۆ نمونـە سـەرمایە دارێـک لـە تورکیـا دەتوانـی لـە مـاوەی سـێ سـەعات و نیـودا بگاتـە هەریـەک لـە پەنجـاو سـێ وڵاتـی جیهـان ، زمـانی تورکـی لەنیـوان چـوار هـەزار زمـانی قسـە پێکـراوی دنیـادا لـە پلـەی حەوتەمدایـە دوسـەد ملیـۆن کـەس لـە جیهانـدا بـە زمـانی تورکـی قسـە دەکـەن.

## ئەتـاتورک و سەردەمی کۆمار

مسـتەفا کەمـال ئەتاتـورک کـە بنیـاد نـەری تورکیـای نوییـە ١٨٨١\٥\١٩لەدایـک بـووە ١٩٢٣\١٠\٢٩ بـۆ ١٩٣٨\١١\١٠ تـا کاتی مردنـی حوکمـی ئـەو وڵاتـەی کـردوە ، لـە کاتـی دەسـەڵاتداریەکەیدا تاوانـی زۆری لـە هەمبـەر گەلـی کـورد ئەنجامـداوە، سـەرکوتکردنی سـەرهەڵدانەکان و کۆمەڵکوژکردنـی گەلـی کـورد لـە ١٩٢٥ شـێخ سـەعیدی پیـران ١٩٢٧ سـەرهەڵدانی ئاگـری، ١٩٣٧ سـەید ڕەزای دەرسـیم و ئەنفـال کردنـی خەڵکـی گەلـی زیـلان قێزەوەنتریـن تاوانەکانیەتـی، یەکـەم سـەرۆک وەزیـران بـوە لـە ١٩٢٠بـۆ١٩٢١ یەکـەم سـەرۆک پەرلەمـان بـوە ١٩٢١بـۆ١٩٢٣ یەکـەم سـەرۆکی پارتـی گەلـی کۆمـاری بـوە لـە ١٩٢١بـۆ١٩٣٨ لـە ١٩٢٨دا پیتـی عەرەبـی قەدەغـە کـردوەو نوسـین و خوێندنـەوەی کـرد بـە پیتـی لاتینـی.

## مێژوی کودەتاکان لە تورکیا

کودەتـای ١٩٦٠\٥\٢٧ بەهـۆ کودەتـا سـەربازییەی ئەنجـام درا جـەلال بایـار سـەرۆک کۆمـار و عەدنـان مەنـدەرس سـەرۆک وەزیـران پاشـان هەمـوو ئەندامـانی حکومـەت بەڕێوبەرایـەتی پارتـی دیموکـرات و پەرلەمانتـارەکان لـە دورگـەی یاسـیی دا زیندانـی کـران لـەدوای دادگایـی کـردن چـواردە کادری پارتـی دیموکـرات لەسـێدارە دران لـە ناویشـیاندا سـەرۆک کۆمـار و سـەرۆک وەزیرانیـش هەبـوو کـە مـاوەی دە سـاڵ وڵاتیـان بەرێـوە بردبـو.

### کودەتـای ١٩٧١\٣\١٢

لـە سـاڵی ١٩٦٩دا پارتـی عەدالـەت هـەر بەتەنهـا خـۆی هاتـە سـەر دەسـەڵات لـەدوای ئـەوە ڕوداوی توندو تیـژی دەسـتی پێکـرد هەتاسـاڵی ١٩٧٠توندو تیژیـەکان زیاتـر بـون لـە سـاڵی ١٩٧١دا سەرتاسـەری وڵاتـی گرتـەوە ، گروپـە چـەپ ڕەوەکان زۆربـەی زانکۆکانیـان خسـتبۆ ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیانـەوە چەپـەکان پیلانیـان دانابـو لـە ٣\١٩دا کودەتـا بکـەن بـەڵام فـاروق گولـەر فەرمانـدەی هێـزە زەمینیـەکان و موحسـین باتـور فەرمانـدەی هیـزە ئاسـمانیەکان ریـزی خۆیـان لـە نـاو چەپەکانـدا گـۆڕی فەرمـان دارەکان کودەتـای ٩ی ئازاریـان ئاسـتەنگ کـرد و لـە ١٢ی ئـازاردا کودەتـا سـەربازیەکەیان ئەنجـام دا ، سـلیمان دەمیـرل لـەو سـەردەمەدا سـەرۆکی پارتـی عەدالـەت بـوو دەسـتی لـە کاری سـەرۆک وەزیـری کێشـایەوە.

> **کودەتای ١٢ ئازاری ١٩٧١ گورزیکی گەورەی لە چەپی ڕادیکاڵ داو هەزاران چەپ ڕەو دەسگیر و دادگایی و مەحکوم کران**

کودەتـای ١٢ ئـازاری ١٩٧١ گورزیکـی گـەورەی لـە چەپـی ڕادیـکاڵ داو هـەزاران چـەپ ڕەو دەسـگیر و دادگایـی و مەحکوم کـران لـە ١٩٧١\١٠\١٩دا دەنیـز گەزمیـش شـۆرش گیـری بەنـاو بانگـی تـورک و حەقـدە هاوریـی تـری بـە لەسـێدارە دران حوکـوم دران لـە ١٩٧٢\١\١٠ بڕیـاری لـە سـێدارە دانـی دەنیـز گزمیـش یوسـنی ئاسـڵان و حوسـین ئینـان پەسـەند کـرا ئـەم سـێ شـۆڕش گێـڕە تورکـە لـە ١٩٧٢\٥\٦ لـە سـێدارە دران و، دەنیـز گەزمیـش پێـش لەسـێدارە دانـی لـە دوا وتـەی خۆیـدا دروشـمی (بـژی برایـەتی گەلـی کـورد و تـورک )ی بـەرز کـردەوە شـۆڕش گێـڕی تورکـی بەنـاو بانگـی ئـەو سـەردەمە ماهیـر چایـان و هاوڕێـکانی لـە ئەنجامـی ئۆپراسـیۆنێکدا لـە قزڵـدەرە کـوژران ، دواتریـش نیهـاد ئەریمـی سـەرۆک وەزیـران لـە کۆشـکەکەی خۆیـدا لـە ئەنجامـی هێرشـێکی چـەک داری کـوژرا.

### کودەتـای ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠

ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوی تورکیـا بەبیانـوی تیـرۆرو ناکۆکـی لـە نـاو سیاسـەت بەبەیـان نامەیـەک هەمـوو تورکیـای ئـاگادار

کـردەوە کـە کەودەتایـان ئەنجـام داوە جەنـەراڵ کەنعـان ئەڤـرن سـەرۆکی ئـەرکانی گشـتی سـوپا پەرلەمـان و حوکمـەت هەڵوەشـانەوە ڕەش بگیـر تـەوواوی وڵاتـی گرتـەوە.

## ئەو زیندانەی مەزڵوم دۆغان جەستەی خۆی تێدا کرد بە ئاگری نەورۆزو

### دوانزەی ئەیلول لە ئیڤرینەوە بۆ ئەردۆگان

ئەحمـەد تـورک کەسـایەتی سیاسـی و خەباتـکاری نـاوداری کـورد کـە لـە ئێسـتادا هاوسـەرۆکی شـارەوانی ماردینـە، یەکێـک بـوو لـەو زیندانیانـەی کـە لەزیندانـە سـەربازیە پـڕ تـاوان و کـردەوە ڤێزەونەکانـی حکومـی کودەتـا چیـەکان لـە شـاری ئامـەد بەنـد کرابـوو، هەمـان ئـەو زیندانـەی هـاواری ئـەو کەسـانەی وتیـان بەرخـودان ژیانـە و مێـژوو تۆماریکـردووە، ئـەو زیندانـەی مەزڵـوم دۆغـان جەسـتەی خـۆی تێـدا کـرد بـە ئاگـری نـەورۆزو بـە دوژمنانـی وت ئێـوە ناتوانـن ئیرادەمـان بشـکێنن، لـەو زیندانـەی سـەرکەوتنی ژیـان بەسـەر مـردن و بەهـا مرۆییـەکان بەسـەر فاشـیزمدا لـە مێـژووی کوردسـتاندا رویـدا، ئـەو سـەرکەوتنەی لـە ١٤ ی تەمـووزدا لـە زیندانـی ئامـەد بـە مانگرتـن تـا مـردن لـە دژی دەوڵەتـی تورکیـادا بەدەسـت خـرا، رێـزدار ئەحمـە تـورک بەشـێک لـە نەهامەتیەکانـی ناوزیندانەکـە بـاس دەکاتو دەڵێـت: «مـن زۆرم مەینەتـی چەشـت لەمـاوەی مانـەوەم لـەو زیندانـەداو تەنانـەت دوای ئازادکردنیشـم، چەندیـن شـێوازی دڕندانـەو ترسـناک لەئەشـکەنجەدا پیـادە دەکـرا، کـە ئەوانـە شـوێنەواری قـووڵ لەنـاو بیـری مرۆڤـدا بەجێدەهێڵـنو مـرۆڤ ناتوانێـت بەئاسـانی لێیـان دەربـاز ببێـت، مـن بۆخـۆم ٥٦ سروودم ئەزبـەر کردبـوو هەڵبەتـە سرودی نەتەوەپەرسـتی تـورک، ئـەوەش بەفەرمـانو لەژێـر گوشـاری فەرمانـدەی زیندانەکـەدا، تەنانـەت دوای ئازادکـردنو گەڕانەوەشـم بـۆ گوندەکـەی خـۆم، لەشـەوێکدا چەندیـن جـار لەخـەو رادەچڵەکیـمو سرووده‌کانـم ده‌ونـه‌وه له‌ترسـی ئـه‌وه‌ی نه‌بـادا بیـرم بچێنـه‌وه، چونکـه بیرچوونـه‌وه‌ی کۆپله‌یـه‌ک لـه‌و سروودانـه، ده‌بـووه هـۆی ڕووبه‌ڕوبوونه‌وه‌مـان له‌گـه‌ڵ ئازارچه‌شـتن و ئه‌شـکه‌نجه‌ی بێسـنوری دڕندانـه‌و دوژمنکارانـه.

شـەهید سـاکینە جانسـز کـە لـە گـەڵ دوو هەڤاڵیـدا سـاڵی ٢٠١٣لـە پاریـس تیرۆرکـران یەکێـک لـە قوربانیەکانـی تـری زیندانـی ئامـەد بـو، لـە باسـکردنی دڕندایەتـی فاشـیەکان دەڵێـت: کاتێـک زیندانـی کـرام بەهەمـو شـێوەیەک لـە سـەردۆزی کـورد ئەشـکەنجەیاندام،تەنانەت مەمکیشـیان بڕیـم!! بـەڵام هەرگیـز سـەرم بـۆ شـۆڕنەکردن،دووپاتم کـردەوە کەمـن کـوردم وهـەر کوردیـش دەبـم، لـە گـەڵ ئـەو ئـازارو مەینەتیانەشـدا کـە لـە دوای کودەتـای ١٢ی ئەیلولـەوە بـە تونـدی هاتـە ئـاراوە، بەرخۆدانـی زینـدان لـە مێـژوی تێکۆشـانی کـورد دا لـە یـاد ناکرێـت، پێشـەنگایەتی ئـەو بەرخۆدانـەش کادری پێشـەنگ مەزڵـوم دۆغـان بـوو، لـە رۆژی نـەورۆزی ١٩٨٢دا مەزڵـوم دۆغـان بـە دروشـمی "بەرخـۆدان ژیانـە، تەسـلیم بـون مردنـە" لـە ژوری ٩ی نهۆمـی ٤ی زیندانـی ئامـەد ئاگـری لەجەسـتەی خـۆی بـەردا و گیانـی بەختـی بـۆ ئـازادی گـەل و وڵاتەکـەی و رێگایەکـی نوێـی کـردەوە، بـەو چالاکیـە یەکەمیـن پەرچەکـردار لـە زیندانـەوە بـەر کودەتـای سـەربازی ١٢ی ئەیلـول کـەوت، دواتـر پێشـەنگانی دیکـەی پەکەکـە، لەبەرامبـەر کودەتاچییـەکان بەرخۆدانیـان کـرد و بـە دەسـتپێکردنی مانگرتـن تـا مـردن، لاپەڕەیەکـی نوێیـان لـە مێـژووی بەرخۆدانـی کوردسـتاندا هەڵدایـەوە.

ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پەکەکـە محەمـەد خەیـری دورمـووش، لـە سـاڵی ١٩٨٢دا لـە دانیشـتنی دادگایەکـی سـەربازیدا، باسـی لـە ئەشـکەنجە نامرۆڤانەکانـی نـاو زیندانـی ئامـەد کـرد و بڕیـاری بەرخۆدانـی ١٤ی تەمـوز ئاشـکرا کـرد.

بـەدوای ئـەودا، کەمـال پیـر، عاکیـف یڵـماز، عەلـی چیچـەک، مسـتەفا قەرەسـوو و بەدرەدیـن کاڤـاک بەشـداریی مانگرتنـی تـا مـردن بـوون.

لـە ئەنجامـی ئـەو چالاکییـەدا کەمـال پیـر لـە ٥٧ میـن رۆژی مانگرتنیـدا دوای ئـەوەی چاوەکانـی نابینـا دەبـن لـە ٥ ی

ئەیلولدا گیانی دەسپێرێت، محەمەد خەیری دورمووش لە ٦١مین رۆژی چلاکیەکەیدا وانا ١٣ی ئەیلول دەگاتە کاروانی نەمران، عاکیف یڵماز ١٥ی ئەیلول و عەلی چیچەک لە ١٧ی ئەیلولدا گیانیان لە ڕێگای ئازادی کوردستان بەخشی.

کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ بەسەر پەرشتی سەرفەرمانداری ئەرتەش کەنعان ئیڤرین ئەنجام درا بەڵام بەشێکی خەڵکی ئەو وڵاتە پشتیوانیان لێی کردو بەشێکیتر نارەزاییان دەردەبڕی، وەک شارە زایان و چاودێرانی ئەورووداوە دەڵێن: هەر ئەو رۆژە بولاند ئەجەوید سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن بەتەلەفۆن پەیوەندییکرد بەبنکەی سەرۆکایەتی سوپاوەو پێیوتن کە هێزی سەربازیی لەبەردەم ماڵەکەمدایە، پرسیاری ئەوەشیکرد کە ئایا سوپا دەیەوێت کودەتا ئەنجام بدات؟.

ئەوانیش پێیانوت: بەڵێ، ئەجەوید دووبارە پرسیاری کردەوەو وتی: ئەو کەسانە کێن دەیانەوێت کودەتا ئەنجام بدەن؟ کە دەزانێت ئیڤرینە دەڵێت: زۆر خۆشحاڵبووم بەوەی کە زانیم سەرۆک ئەرکان خۆی سەرکردایەتی کودەتاکە دەکات، نەک کەسێکی تر.
دواتر هەریەک لەسولەیمان دەمیرەل سەرۆکی پارتی دادو نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی پارتی رەفا و بولاند ئەجەوید سەرۆکی پارتی چەپی دیموکراتی خۆیان تەسلیم کرد، بەلام سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست ئالب ئاسلان تورک یان بۆ نەدۆزرایەوەو دوای ٢ رۆژ لەلایەن سەرۆک ئەرکان کە بەتایبەت لەرێگەی میدیاکانەوە داوایکرد خۆی بدات بەدەستەوە، ئەویش ناچاربوو داواکەیان جێبەجێ بکات و خۆی دا بەدەستەوە.

راستی رووداوەکان ئەوەمان پێدەڵێن ئەو دۆخەی کودەتاچیەکان هێنایانە ئاراوە زەرەرمەندی سەرەکی گەلی کوردبوو تێدا، لە هەمان کاتدا بەرخۆدانی کادرە پێشەنگەکانی تەڤگەری ئازادی بۆیەکەم جار لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانی گەلی کورد بە چالاکی گیان بەخیشن سیستەمی سەرکوت و ئەشکەنجەیان تێکشکاندو پەیامێکی پەرجو ئاسایان بە دۆست و دوژمن گەیاند، جارێکتر و لە دوای ٣٦ ساڵ بەهەمان دیدو تێروانینی فاشیستانەو تیرۆریستانە لە مانگی ئەیلولدا کودەتا دەکرێتەسەر ئازادیخوازانی کورد و بەبێ لە بەرچاوگرتنی مێژو هەمان هەڵە لە بەرامبەر گەلەکەمان دوبارەدەکرێتەوە، قبوڵ نەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن دوای سەرکەوتنی کورد بەتێکشکاندنی بەربەستی ١٠٪ و بەدەستهێنانی ٨٠ کورسی، ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت کودەتانەبێت چیترە؟.
لە گەڵ ڕاگەیاندنی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی لەلایەن گەلی کوردەوە دەسپێک شاری جزیرە لە باکوری کوردستان کەوتۆتە بەرهێرشێکی زۆردڕندانە و شۆڤێنستانەی تیرۆرستانی داعشۆغان، ئەوەی بەرامبەر خەڵکی ئازادیخوازی جزیرە ئەنجام درا تەنها لەچەتەکانی داعش دەوەشێنەوە، بەڵام ئەکەپە و ئەردۆغان خاوەن هەمان زەهنیەتی بۆگەنی کودەتاچیەکان وداعش و هاوشێوەکانی ئەو ئەقڵیەتە

**گەمارۆدانی ئەو شارو گەڕەکانەی خۆبەڕێوەبەریان ڕاگەیاندوە بە هێزی سوپا و پۆلیس وتیمی تایبەتی دژە کورد**

دژە مرۆڤایەتیەن، گەمارۆدانی ئەو شارو گەڕەکانەی خۆبەڕێوەبەریان ڕاگەیاندوە بە هێزی سوپا و پۆلیس وتیمی تایبەتی دژە کورد، بڕینی ئاو وکارەباو پێویستیەکانی ڕۆژانە، تەقەکردن لە خەڵکی سڤیل و بۆردومانکردنی ناوشاربە فڕۆکەو شەهیدکردنی سەدان کەس کە زۆریان ژن ومناڵن، ڕێگری لە ناشتنی تەرمی شەهیدەکان وناچار کردنی خەڵک بەوەی تەرمەکان لە ناو بەفرگری ماڵان هەڵبگرن بۆ ئەوەی تێک نەچن وبۆن نەکەن، ئەوە دوا وێستگەو ئەوپەڕی بێ ئەخلاقی دەسەڵات و سیستەمێکە کە هیچ بنەمایەکی مرۆڤایەتی تێدا بەدی ناکرێت، ئەوەی ئەردۆگان دەیەوێت بەدەستی بێنێ وەک دەڵێن خەونی حوشترە، ئەنجامی سیاسەتەکانی ئەکەپەی دۆڕاو و شکستخواردووله باکوری کوردستان حەوتی حوزەیران ئاشکرابو، ئەوحزبە بەناو ئیسلامیەی لە باشوری کوردستاندا بەشێک لە دەسەڵاتداران و بێدەسەڵاتەکانیش بە دۆستی ستراتیژی خۆیانی دەزانن وبەتەواوی لە خزمەتی سیاسەتە چەپەڵەکانیدان، لە ئێستادا بەکارە نارەواکانی زۆر پێش کودەتاچیەکانی ١٢ی

ئەیلـول و ڕەگەزپەرسـتەکانی پێشـتریش کەوتـوە، ئەمـڕۆ هەمـو دەرگاکانـی ئاشـتی و دیموکراسـی لـە کـورد داخـراوە، فاشـستەکانی ئەکەپـە دیموکراسـیەکەیان بەشـی ئـەوەی نەکـرد هەشـتا نوێنـەری کـورد لـە پەرلەمانەکایانـدا ببینـن، بۆیـە دەس بـۆ هـەر کارێکـی نامرۆڤانـەو قێـزەوەن دەبـەن، گەلـی کـورد پیلانگێـڕی ١٢ی ئەیلولـی ئیڤرنـی شکسـت پێهێنـا، بێگومـان ئـەردۆگان هەمـان ئەنجامـی شکسـتخواردوی دەبێـت.

## یەکەم خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی ٣٧ ساڵە

مێـژوی خۆبەڕێوەبـەری دیموکراتـی کـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان وەک سیسـتەمێکی نـوێ و هێڵـی سـێیەم لـە سیاسـەتی بەڕێوەبـردن کاری لـە سـەر دەکات، هـاوکات لـە باکـوری کوردسـتانیش لـە چەنـد ناوچەیـەک ڕاگەیانـدراوەو چەتەکانـی ئەکەپـە بـە دڕندەتریـن شـێواز وڵامیـان داوەتـەوە، هەڵبەتـە سـەرچاوەی ئـەو فکـرو فەلسـەفەیە هەمـان ئـەو تێڕوانینەیـە ڕێبـەری شۆڕشـی باکـوری کورسـتان دەیـان ساڵە نەخشـەی بـۆ کێشـاوە، بەشـێوەیەکی فەرمـی لـە سـاڵی ٢٠٠٧دا لـە پێنجەمیـن جڤاتـی گشـتی کۆنگـرەی گەلـدا خەباتکارانـی شۆڕشـی باکـور بڕیاریاندابـوو «کـە ئەگـەر دەوڵـەت مـل بـۆ چارەسـەری دیموکراتییانـە نـەدا، ئـەوا ئێمـە سیسـتەمی دیموکراتیانـەی خۆمـان لەسـەر بنەمـای بیرۆکـەی دەوڵـەت- دیموکراسـی ئـاوا دەکەیـن.»

پێـش ئـەوەش ڕێبـەری گەلـی کـورد ڕێـزدار عەبدوڵـلا ئۆجـەلان لەمیانـەی دیدارەکانـی لەگـەڵ پارێزەرانیـدا و لەرێگـەی بەرگرینامەکانییـەوە سیسـتەمی کۆنفیدرالیزمـی دیموکراتـی وەک سیسـتەمێکی ئەلتەرناتیـف بـۆ سیسـتەمی باڵادەسـتی کاپیتالیـزم، باسـی لێـوە کـردووە و چوارچێوەیەکـی گشـتی بـۆ داڕشـتووە، لـە بەرگرینامەکـەی بەنـاوی سۆسـیۆلۆژیای ئـازادی دا بـە شـێوەیەکی زۆر چڕوپـڕ و بەئـەواوی چوارچێـوە و پرەنسـیپ و بنەماکانـی ئـەو سیسـتەمەی داڕشـتووە.

کۆنگـرەی جڤاکـی دیموکراتـی «کەجـەدە « کـە پێکهاتەیەکـە لـە هەمـوو دامودەزگاکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی لـە باکـووری کوردسـتان، لـە ڕۆژانـی ٧ و ٨ی مانگـی ئابـی ٢٠١٠ چوارەمیـن کۆنگـرەی ئاسـایی خـۆی بەڕێوەبـرد و تێیـدا بابەتـی خۆبەڕێوەبردنـی دیموکراتـی ئاوتـوێ کـرد و ڕایگەیانـد کـە شـێوازی خۆبەڕێوەبردنـی دیموکراتـی، پرۆژەیەکـی مێژووییـە، بـەو ڕادەیـەی توانسـتی پرسـی گەلـی کـورد چارەسـەر

**لە ڕۆژئاوای کوردستان چەتەکانی داعش و لە باکوری کوردستان ملهوڕی و خەونی بە سوڵتان بونی ئەردۆگان**

دەکات، بەهەمـان شـێوەش توانسـتی چارەسـەرکردنی کێشـە مێژووییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـی هەیـە، بێگومـان ئـەم پرۆژەیـە لـە نوسـینێکدا پێناسـەناکرێت ئـەوەی خرایـە ڕو تەنها سـەرەقەڵەمێکە، ئاشـکرایە لـە ئێسـتادا دووبەشـی کوردسـتان کـە زۆرینـەی خـاک و گەلـی کوردسـتان پێکدێنـن لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەو فکـرو فەلسـەفەیەدا کارو خەباتـی خۆیـان بەڕێوەدەبـەن، هەرچەنـدە لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان چەتەکانـی داعـش و لـە باکـوری کوردسـتان ملهوڕی و خەونی بە سـوڵتان بونـی ئەردۆگان کـە دوو سـەری دارێکـی پیسـن کـە ئاسـتەنگی دروسـت دەکـەن، بـەڵام ئـەو ئیرادەیـەی لـە ناخـی خەباتکارانـی پرۆژەکـەدا هەیـە هیـوا بەخشـە بـەوەی سـەرکەوتن مسـۆگەرەوتزیکە، پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکرێـت بـەردی بنیادنانـی سیسـتەمی خۆبەڕێوەبـەری ٣٨ سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا لـە باکـوری کوردسـتان دانـراوە، ئـەو کاتـەی گرۆپـی ئاپۆیـەکان لـە سـەرەتای تێکۆشـانی خۆیانـدا بـون، لـە دەوڵـەت زیاتـر خێـڵ و ئاغـاو کـوردە فیوداڵـە بەکرێگیراوەکانـی دەوڵـەت بەگـژ ئـەو بزاڤـەدا دەچـون و ئاسـتەنگیان بـۆ کارەکانیـان دروسـتدەکرد.

بۆیـە لـە یەکـەم چالاکـی مێژوویـدا تەنهـا بـە سـێ کەڵاشـینکۆفەوە ڕووبـەڕوی سـێ دەزگای گـەورە بونـەوە، یەکـەم دەوڵـەت تەتـەوە، دووەم حزبـی فاشسـت، سـێیەم عەشـیرەتی فیوداڵـی کـورد، ئـەو بەرخۆدانـە مێژوییـە لـە دوای شـەهیدبونی کادرێکـی ئاپۆیـەکان بـە نـاوی خەلیـل چاوغـون کـە خەڵکـی حیلـوان بـووە ئەنجامـدرا، ئـەو کادرە بـە دەسـتی چەکدارەکانـی عەشـیرەتی سـلێمان شـەهید دەکرێـت بـۆ ئـەوەی ڕێگـەری لـە گەشەسـەندن و تەوژمـی ئـەو تەڤگەرەبگـرن و چاوترسـێنیان بکـەن، عەشـیرەتی سـلێمان دام و دەزگای شـارەکە بەتـەواوی لـە بـن دەسـتی خویانـدا بـووە و سـەر بـە پارتـی تەتـەوە پەرسـت

مەهەبە بونەو دەوڵەت بە هەمو شێوەیەک هاوکاریان بووە لە سەرکونکردنی گەلدا، بۆیە سەنگەرگرتن لە هەمبەر ئەو سێکوچکەیە پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز هەبووە، ئەو شەڕەی حیلوان یەکەم شەڕی ئیرادە بەخشین بەگەل و لە هەمانکاتدا چاوترساندنی سەرجەم نەیارەکانیان بووە، بێگومان لە شەڕەکەدا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنن و تۆڵەی شەهیدەکەیان دەکەنەوە، جگەلە سەرۆکی عەشیرەتەکە چەندین کەس لە بەکرێگیراوەکانی دەوڵەت و ئەندامی مەهەبە دەکوژن، بەشێوەیەک لێیان دەدەن کە لە بڵندگۆکانەوە هاواری تەسلیم بون دەکەن، لەدوای شکستی سێکوچکەکە بۆ یەکەم جار لە مێژوی ئەو وڵاتەدا شۆڕشگێڕەکان خەڵکی شارەکە کۆدەکەنەوەو پێیان ڕادەگەیەنن کە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، یەکەم سەرۆک شارەوانی بە ئیرادەی گەل دەس بەکار دەبێت لە قەزای حیلوان.

بۆیە دەکرێت ئەو سەرکەوتنەی ساڵی ١٩٧٨ بە یەکەم خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دابنرێت لە مێژوی خەباتی گەلی کوردا.

دەمەوێ ئەوە بڵێم لە ئێستادا ڕۆژئاوای کوردستان خاوەنی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیەو باکوری کوردستانیش لە ئەنجامی ئەو بەرخۆدانەی دەستی پێکردووە بەهەمان شێوە دەبێتە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری خۆی، دڵنیام پارسنیشی گەرنتی دەکرێت چونکە سێ کلاشینکۆف و ژمارەیەکی کەم خەباتکار یەکەم دەسکەوتی خۆبەڕێوەبەریان بەدەست هێنابێت کە هەتا کودەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ بەردەوام بوو، ئێستا ڕەوشەکە زۆر جیاوازەو دەیان هەزار گەریلاو شەڕڤان و ولاتپارێز و دەیان ملیۆن هاوڵاتی دڵسۆز هێزێکی وەهایە کە دەسکەوتەکانی بە باشترین شێواز بپارێزێت.

## ئەردۆغان کێیە؟

کەسێک کەتەنها بەرواڵەت مرۆڤەو بەتەواوی لە هەمو بەها مرۆڤایەتیەکان دورکەوتۆتەوە، ئایا ئەو کەسەی کوری پیاوێکی پاسەوانی کەناری دەریابووە لە شاری ڕەزای سەر دەریای ڕەش بۆچی لە ئێستادا وەک دیکتاتۆرێکی ناخ ڕەش هەڵسوکەوت دەکات؟ ئەو خوێندنی سەرەتایی لە خوێندگەیەکی ئاینی تەواوکردووە، ئۆبڵێی کاریگەری ئەو سەردەمەبێت و بەمنداڵی توندڕەوێک پەروەردەی کردبێت کە ئێستاش هاوکار و هاوپێشەی داعش و بەرەی نوسرەو ئەحرارولشام و هەمو توندڕەوەکانی دنیایە؟ کولیژی ئابوری و بازرگانی تەواو کردووە ئێستاش وەک مافیایەکی تالانچی لە ڕێگەی پیاوەکانیەوە داهات و سامانی هەرێمە بەشەمەینەتەکەی باشوری کوردستانیشی هەڵلوشی و نیشتمانێکی پڕ لە داهاتی بۆکروین بە بیابانی وشک و برینگ.

**لە تورکیا دا تەنها مستەفاکەمال ناسراو بە ئەتا تورک کە خۆی دامەزرێنەری تورکیای نوێیە بە قەد ئەردۆغان لە دەسەڵاتدا بووە، ١٩٢٣ بۆ ١٩٣٨ واتا ١٥ ساڵ سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆمار بووە، ئەردۆغان لە٢٠٠٢ تا ٢٠١٤ دەسەڵاتداربووە**

٢٦ی شوباتی ١٩٥٤ منداڵێکی شوم هاتەژیانەوە بە ناوی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لە تەمەنی ١٨ساڵیەوە لە ئەستەنبوڵ ژیاوە لەڕێی نەجمەدین ئەربەکانی باوکی ئیسلامی سیاسی تورکیا چووەتە ڕیزی بزوتنەوەی ئیسلامی تورکیا، لە ساڵی ١٩٨٥ پارتی ڕەفا کاندیدی کرد بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی گەورەی تورکیا(پەرلەمان) ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٩١ کاندید کرایەوە بەڵام بەخت یاوەری نەبوو، تاساڵی ١٩٩٤ وەک سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبوڵ هەڵبژێردرا، ئیتر لەو کاتەوە خەونی دەسەڵاتخوازی لە زیاد بوندابو تا ئەو

ئاسـنەی هیـوای بەسـوڵتان بـون لـە ناخیـدا چەکـەرەی کـردو لـە ساڵی ٢٠١١ دا لـە باوکـە ڕوحییەکـەی هەڵگەڕایـەوە و پاتی دادو گەشـەپێدانی دامەزرانـد و لـە هەڵبژاردنـە پەرلەمانیەکـەی ٢٠٠٢ /١١/٣ دا لـە کـۆی ٥٥٠ کورسـیەکەی پەرلەمانـی تورکیـا پارتەکـەی ئەردۆغـان بوبەخاوەنـی ٣٧٤ کورسـی، لـەو کاتـەوە تـا ٧ی حوزەیرانـی ٢٠١٥ هـەر خـۆی و پارتەکـەی دەسـەڵاتداری یەکەمـی ئـەو وڵاتـە بـون ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ خەونـی بـە سـوڵتان بـون زیاتـر لای گەشـەی دەکـرد تاگەیـش بـەوەی کۆشـکی هـەزار ژوری دروسـت بـکات.

لـە تورکیـا دا تەنهـا مسـتەفاکەمال نـاسراو بـە ئەتـا تـورک کـە خـۆی دامەزرێنـەری تورکیـای نوێیـە بـە قـەد ئەردۆغـان لـە دەسـەڵاتدا بـووە، ١٩٢٣ بـۆ ١٩٣٨ واتـا ١٥ سـاڵ سـەرۆک وەزیـران و سـەرۆک کۆمـار بـووە، ئەردۆغـان لـە٢٠٠٢ تـا ٢٠١٤

**ئاشکرایە لە سەرەتای دەسبەکاربونی لە ناو حزب و دواتر لە حکومڕانی وڵاتەکەیدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کێشەی کورد چارەسەر دەکات**

دەسـەڵاتداربووە واتـا ١٢ سـاڵ، لـە ئابـی ٢٠١٤ وە وەک سـەرۆک کۆمـار هەڵبژێـردراوە تـا ٢٠١٩ لـە پۆسـتەکەی دەمێنێتـەوە ئەگـەر مـەرگ مـەودای بـدات واتـا دوو سـاڵ لـە ئەتاتـورک زیاتـر سـەرۆکایەتی دەکات، وەک ئاشـکرایە لـە سـەرەتای دەسبەکاربونی لـە نـاو حـزب و دواتـر لـە حکومڕانـی وڵاتەکەیدا بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە کێشـەی کـورد چارەسـەر دەکات ، تەنانـەت لـە کاتـی سـەردانیکردنی بـۆ شـارەکانی باکـوری کوردسـتان دەیـوت «کێشـەی کـورد کێشـەی منـە» بـەو دەمامکـە سـاختەکاریەوە تـا هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی ڕابـردوو لـە زۆر هەڵبژاردنـدا دەنگـی کـوردی بـۆ خـۆی و پارتەکـەی مسـۆگەر دەکـرد، کاتێکیـش گەلـی کـورد تێگەیشـت لـە فێـڵ و درۆکانـی ، لـە ٢٠١٥/٦/٧ دا تۆڵـەی لێکـردەوە ، بۆیەکـەم جـار لـە مێـژوی ئـەو وڵاتـەدا پارتـی دیموکراتـی گـەلان توانـی ٨٠ کورسـی پەرلەمـان بەدەسـت بێنێـت و بـەر بەسـتی ١٠٪ بشـکێنێت.

لـەو ڕۆژە بـەدواوە ئەردۆغـان ڕوی ڕاسـتی دەرکـەوت و وەک گورگـی هـار کەوتـە وێـزەی گەلـی کـورد، وێرانکردنـی شـارەکانی باکـوری کوردسـتان، کۆمەڵکوژکردنـی خەڵکـی سـڤیل، دەرخسـتنی پرۆژەیاسـا لـە پەرلەمـان بـۆ سـەندنەوەی (حصانـە) پارێزبەنـدی لـە پەرلەمانتـارە کـوردەکان، داخسـتنی ڕۆژنامـەوە ئامرازەکانـی ڕاگەیاندنـی گەلـی کـوردو دۆسـتەکانی، دەسگیر کردنـی چالاکـی سیاسـی و خەباتکارانـی کورد، داخسـتنی سـنورەکانی بـەڕوی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و توندکردنـی ئابلۆقـی ئابـوری، تۆبارانکردنـی دەڤەرەئازادەکانـی ژێردەسـتی شـەڕڤانان و هاوکاریکردنـی ئاشـکرای تیرۆریسـتان، بۆردومانـی ناوچـە شـاخاویەکانی باشـوری کوردسـتان و هێنانـی سـوپا بـۆ قوڵایـی خاکـی باشـور، ئەوانـەوە هـەزاران کاری نامرۆڤانـەی تـر کـە لـە هەژمـار نایـەن، هەمویـان ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی ئـەردۆگان هـار بـووە، بێگومـان هاربونیـش نەمەنێکـی دریـژ ناکـات، بەڵکـو لـە کۆتایـی نزیـک بۆتـەوە.

بـەر لـەوەی نیشـانەکانی هـار بـون بەتـەواوی لێـی بەدەرکەونبێـت هێشـتا مێـزی گفتوگـۆی سـەرو بـن نەکردبـو، هێشـتا نـەی وتبـوو ڕێکەوتنـی دۆڵمەباخەچـە بونـی نیـەو شـتێک نەمـاوە بەنـاوی دان وساندن و گفتوگـۆ، ڕێبـەر ئۆجـەلان لـە زیندانـەوە ئـاگاداری کـردەوە ئەگـەر مـل نـەدا بـۆ ئاشـتی و پێکـەو ژیـان و پەیـڕەو کردنـی دیموکراسـی چارەنوسـی هاوشـێوەی مورسـی دەبێـت، لـە ئێسـتادا ئامـاژەکان وا نیشـان دەدەن ئیـتر نەخۆشـی هاربونەکـەی چارەسـەر ناکرێـت و بـەرو هەڵدێـری زبڵدانـی مێـژو بـە ملهـوڕ دەڕوات، چونکـە گەلـی کـورد نەکۆتایـی بـە شۆڕشـەمەزنەکەی دێـت و نـە ئەسـلیمی سـتەمکارو فاشیسـتەکان دەبێـت، ئەومێـژووەی خرایـە ڕوو لـەم نوسـینەدا ئەوڕاسـتیە باشـتر دەردەخـات، بەتایبەتـی کـە لـە ئێسـتادا شۆڕشـی گەلـی کـورد لـە لوتکەدایـە لـە هەمـو ڕویەکـەوە بۆیـە سـەرکەوتن نزیکـە.

---

سەرچاوە:

مێژوی پەکەکە

کتێبەکانی بەرگری نامەی بەڕێز ئۆجەلان

گۆڤاری دۆسیەی تورکیا

گۆگڵ

# سیاسەت بۆ هەمووان



ڕێبوار ڕەشید
هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

بەشی دووەم

لە فەرهەنگی سیاسیی و لە مێژووی ئایدیۆلۆژییەکاندا مرۆڤ دەبینێت کە لێنین ڕەنگە سەرنۆپی ئەو ژمارە کەمە لە ڕۆشنبیر بێت کە سەرتاپای ئەدەبی سیاسیی خۆیی بە قسەی ناشیرین و جوێن و گاڵتەجاریی و سووکایەتی دژ بەوانە پڕ کردووەتەوە کە بە ئەقڵی خۆی دەکەونە سەنگەرێکی دیکەوە. تەنها لە بەرئەوەی ئەوان لە دیدێکی دیکەوە لە سۆسیالیزم دەڕووانن. دەبینین کە لێنین وەکوو پارمەتیدەرێک/ کۆمەککارێک/ بەشدارێک لە قووڵکردنەوەی بیری سۆسیالیزمدا ئەکتەر نییە، بەڵکو وەکوو پەیامنێرێکی خودایی لە قسەکانی خۆی دەڕووانێت. لە خوێندنەوەی لێنیندا دەبینین کە هیچ کاتێک بانگی هاوڕاوێژ و هاوکۆبەندیی و هاوسەرئەنجامگیریی لە پرۆسە و ڕووداو و بابەتەکان ناکات و نرخێک بۆ هاودەنگیی دانانێت، چون لە بناخەدا سۆسیالیزم بە پرۆژەیەکی شەخسیی دادەنێت نەک کۆمەڵیی و کۆمەڵگایی، و بە کارێکی هەنووکەیی دادەنێت، نەک بە ئاییندەیی و دوور، و پێی وایە کە حەتمەن دەبێت لە قۆناخێکی مێژوویی زۆر کورتدا بێنە دی. نەک تەسلیم بە کۆمەڵگا بکرێت و لە پرۆسەیەکی هەزمکردن و شەنوکەوکردن و هێنانوبردن و لێکدانەوە و ئەزموونییدا بەردەوام و مێژووڕەو بێت. لە هەموو ئەوانەیش خراپتر بڕووای بە ڕیفۆرم و کاردروستیی هەنگاو بە هەنگاو نییە، و پێی وایە حەتمەن ئەوە پاکەتێکە کە یان هەیە یان نا. ئەسڵەن تیئۆریی لێنین بۆ شۆڕش و شۆڕشگێریی لەو بڕووایەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە نەک هەر خودی حکومەت (بورژوازیی/ سەرمایەداریی) بەڵکو خودی دەوڵەت (برژوازیی/ سەرمایەداریی) دەبێت سەرەوخوار/ قلّب بکرێنەوە.

لە بەراووردی تێکستەگەلی پلیخانۆڤ، کاوتسکی، برنێشتایین، کارل لیکبێشت، ڕۆزا و پێترۆسۆڤ و چەندینی دیکەدا دەبینین کە ئەمان یەک دانە جاریش وشەی وەکوو "گەوج" و "نەفام" و "تێکدەر" و "شێوێنەر" و "خیانەتکار بە چینی کرێکار" و "نۆکەری بورژوازیی" و جوێنی دیکەی لەو چەشنە لە تێکستەکانیاندا نییە. بەو شێوە دەبینین کە لێنین هەر سۆسیالیزم لە دیموکراسیی، واتە لە بەشداریی چالاکانەی ئەوانی دیکە جودا ناکاتەوە، بەڵکو لە سەنگەری سپی بەرامبەر بە ڕەشدا ئەسڵەن ڕێگا بە "گەوج" بیرکردنەوەیش نادات و لێی دەترسێت.

لێنین مرد و کۆتایی بە ژیانی وەکوو تاکەکەس هات، بەڵام دەوڵەتێکی پاش خۆی بەجێهێشت کە یەکێک بوو لە بەهێزترین دەوڵەتانی سەردەم. میراتگرانی ئەو دەوڵەتە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان نەبوو زیاتر لەوەی کە لێنینیزم بکەن بە سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی. ئەوەی باسی شێوەیەکی دیکە لە سۆسیالیزمی بکردایە بە لادەر و تێکدەر و ناجیددی و جاشسۆسیالیست و چی و چی ناودەبرا. پاش مردنی لێنین هەموو ئەو تیئۆریانەی سەبارەت بە بواری جیاواز لە سەردەمی ئەودا هەبوون، خرانە کار. یەکێک لەوانە سەبارەت بە کێشە نەتەوەییەکان کە لە دونیادا لە ئارادا بوون هاتە ئاراوە. یەکێک لەوانە پرسیاری: پشتگیریکردن لە کامە بزووتنەوە؟، بوو؟ ص٢١چژ٣٢چ

## هەڵهێنانی پێ ناوێت کە لێکدانەوەی لێنین دەرمان بوو

هەڵهێنانی پێ ناوێت کە لێکدانەوەی لێنین دەرمان بوو. هەر بزووتنەوەیەک بە پێی لێکدانەوەی لێنین (بە قازانج و لە بەرژەوەندی یەکیەتی سۆڤیەتدا) دەکەوتە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، ئەوا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی پێشکەوتووخوازانە بوو. هەر بزووتنەوەیەک دژایەتی کردنی حکومەتێکی دەکرد کە دۆستی یەکێتی سۆڤیەت بوو یان لە لێکدانەوەی ئەواندا بۆ سۆسیالیزم لە شێوە لینینیەکەیدا، دەکەوتە خانەی فیودال و کۆنپەرستییەوە کە گوایا لەبەردەم بورژوازیی پێشکەوتووخوازدا لەمپەر بوو، ئەوا کۆنەپەرستانە

بـوو. نموونـەکان پشـنکردن لـە خەبانگەلـی ئازادیخوازیـی و هاوپشـنییکردن لەگـەڵ دەوڵەنانـی "یـار" دا لـە مێـژوودا زۆرن، دوور نەچیـن، هـەر لـە ڕۆژهەڵانـی ناویـندا، بـۆ نموونـە نورکیـای کەمـال ئەنانورک، ئێرانـی ڕەزا شـا، ئێراقـی پـاش کودەنـای ١٩٥٨، سـووریای پـاش کودەنـای ١٩٥٨، ئیسـوپیا و هنـاد.

## خۆشکردنی زەمینە بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک و ڕێگادان بە خەڵک کە لە مەشقی سیاسیی و لە دەسەڵاتی سیاسییدا بەشدار بن

ئەڵبـەت لـە درێـژەی چەندیـن جـۆر لـە خەبـات، لـە شـێوەی خەبانـی چینـی کرێـکار، جوونیـاران، کاسـپکاران و چالاکیـە مەدەنییـەکان لـە ئورووپـای خۆرئـاوا، خەبانـی یەکیەنیـە کرێکاریـەکان و دەسـنکەونەکانی بیمـەی گشـنیی و چاوەدێریـی و نەندروسـنیی و مافەکانـی پێوەسـت بـە ژیانـی کار، لێـدان لـە بیری فاشـیزم و ناسـیزم و دژایەنیکردنـی، خۆشـکردنی زەمینـە بـۆ سۆسـیالیزمی دیموکرانیـک و ڕێـگادان بـە خەڵـک کـە لـە مەشـقی سیاسیی و لـە دەسـەڵانی سیاسـییدا بەشـدار بـن، فەراهەمکردنـی زەمینـە کـە ئایدئۆلۆژییـەکان لـە مەیدانێکـی نـا ڕادەیـەک ئاوەڵەدا لـە سـەر دەسـەڵات زۆران بگـرن و دەسـنکەونی دیکـەی لـەم شـێوەیە، بـوون بـە هـۆی ئـەوەی کـە بنوانرێـت ئـەو پێشـمەرجانە بناسرێـن کـە بـۆ هەبوونـی سیسـنەمی دیموکراسـیی پێداویسـت و گرینگـن، بـۆ نموونـە:

- هەبوونی پلورالیزمی (فرەچەشنیی) سیاسیی
- هەبوونـی پارلەمـان، و هەڵبژاردنـی ئـازاد، و مافـی ناکەکـەس بـۆ هەڵبژاردنـی ئـازاد، و هـەر نـاک و یـەک دەنـگ، بەشـداریی ژنـان هاومـاف و هاوئـەرک، مافـی هاووڵانیبوونـی بـێ هـەڵاواردن بـۆ دەنـگ دان.
- سـەربەخۆیی سیسـنەمەکانی دادوەریـی، بڕیـاردان و جێبەجێکـردن لـە یەکـتر
- هاومافیی و هاوئەرکیی لە بەردەم یاسا و ڕێسا
- هەبوونـی سیسـنەمی سـیکۆلاریزم و هەبوونـی مافـی هاووڵانیبـوون و نەبوونـی شـێوەکانی هـەڵاواردن لـە دامـودەزگا و پێکهانەکانـی دەوڵەنـدا
- هەبوونی مێدیایەکی سەربەخۆ و بێلایەنی چالاک
- پۆلیس نەنها دەسەڵانی جێبەجێکردنی هەبێت
- ڕۆشـنکردنی ڕۆڵـی سپا نەنها بـۆ پارێزگاریـی کـردن لـە مەنرسـیی دەرەکیـی
- مـاف و ئازادیـی دەربڕیـن و ئازادییەکانـی دیکـە وەکـوو مافـی کۆبوونـەوە و مانگرتـن و خۆپیشـاندان و ڕەخنەگرتـن و وەژێرپرسـیارنان و هنـاد.
- هەبوونـی خوێندنـگا کـە ناکەکـەس بـە گیانـی بەرپرسیاریی و جیددیەنـی سیاسـیی و ڕێزگرتـن لـە یاسـا و ڕێسـا و هەبوونـی نوانـا بـۆ پرسـیارکردن، بـۆ وەژێرپرسـیارنان، بـۆ نوێژینـەوە و شـەنوکەوکردن و پەیگیریکـردن و بەدواداچـوون و غیرەنـی سـڤیلی و هنـاد.
- هەبوونی گەندەڵیی لە کەمترین و نزمترین ئاسندا
- هەبوونـی سـاختەکاریی لـە هەڵبـژاردن و لـە پروپاگەنـدەدا نـا ئەوپـەڕی کەمتریـن و نزمتریـن ئاسـت

بـەڵام زۆر خاڵگەلـی دیکـەی گرینـگ هـەن کـە بـە سـەدان و بگـرە هـەزاران لـە ڕۆشـنبیران و سیاسـەنمەداران قسـەیان لە سـەر کـردووە و دەیکـەن و لـە زۆر وڵانـدا هەمیشـە باسـی ڕۆژانـە و خوێندنـگاکان و دانیشـگاکانە، بـۆ نموونـە:

- هەبوونی ئاشنیی و ئارامیی و دڵنیایی و سەقامگیریی
- سیسنەمێک بۆ وەگەڕخسنتی ئیرادە و ویسنی خەڵک
- دانیشـنووانێکی خوازیـار بـە دیموکراسـیی کـە لـە گـۆش و پـەروەردەی خوێندنگاکانـەوە دەسـت پـێ دەکات
- دانیشـنووانێک کـە لانـی کـەم ٨٠٪ خوێنـدەوار بێـت و بنوانێـت و بـار هێنرابێـت کـە لـە سیاسـەندا بەشـدار بێـت
- هەبوونـی ورە و ڕۆحـی بەشـدارییکردن لـە پرۆسـەی سیاسـەندا
- هەبوونـی ڕەووشـت (مـورال/ ئەخـلاق). ڕەووشـت لـە مانـای ویژدانداریـی و ڕێزگرتـن لـە مافـی ئەوانـی دیکـە بـۆ ژیـان و پێشـکەونن و لەگەڵدابـوون و پێکەوەبـوون.

دیـارە لـە ئەدەبـی فەلسـەفیی و سیاسـیی پێـش سـەردەمی ڕۆشـنگەریی، لـە سـەرەنای ڕۆشنگەریشـەوە بـە سـەدان و بگـرە هـەزاران لـە ڕۆشـنبیران و نووسـەران و هونەرمەنـدان و

چالاکوانانی مەدەنیی، و هەروەها بە تایبەتیی لە بزووتنەوەی سەفرەگەیت ــەوە ژنانی بێئەژمار لە هەموو باڵەکانی تیئۆریی فێمێنیستیدا کۆمەکی بەرچاو و گرینگ و شایان باسیان بە پرسی دیموکراسیی داوە، چون لە بناخەدا کرۆکی دیموکراسیی بە مانای سیاسەت بۆ هەمووان دێت. هەموو ئەو خاڵانە کە پێشمەرجی هەبوونی دیموکراسیین و دەبن بە زەمینەی سیاسەت بۆ هەمووان لە ڕووانگەی جیاوازەوە تیشکیان خراوەتە سەر. لە ڕاستییدا بەشێکی گەورە و دیاری تیئۆری فێمێنیستیی بە دروستییەوە لە سەر بەشداری هەرچی زیاتری ژنان، بێکاران، چینی کرێکار و هتد دەدوێت و لەوێدا باسی ڕەگەز و ڕەگەزپەرستیی، توخم و توخمپەرستیی، بێ پارەیی، بێ سامانیی، هەژاریی، هەڵاواردن و شێوەکانی دیکە کە عادەتەن لە ئەدبیاتی سیاسییدا جێگای تایبەتی خۆیان هەن، بە شێوەی جیاواز و لە ڕەهەندی جیاوازەوە باسیان لێ دەکرێت.

## ڕەووشت (مۆراڵ/ ئەخلاق) دووەمین فاکتەری بنجینەییە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسیی

شایەد یەکێک لەو خاڵە گرینگانەی کە بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووهەم، واتە پاش بینینی نازیزم و فاشیزم و شێوەی ڕەگەزپەرستیی و دیکتاتۆریی لە دونیای خۆرئاوادا، زیاتر و زیاتر لە لایەن سیاسەتمەدارانی دیموکرات و ڕۆشنبیران و لێکۆڵەوەران و چالاکانی دیکە قسەی لە سەر بکرێت، پرسی ڕەووشت (مۆراڵ/ ئەخلاق)، ویژدان، و ڕەفتاری مرۆڤیانە و مرۆڤدۆستانە، یاخود ڕەفتاری خۆشەویستیی و ڕێزلێنان لە هەبوون و بوونەوەرەکان و سرووشت، بە سیستەمکردن و بە سیستەماتیککردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیی و هتد.

شری پرابهات رانجان سەرکار دەنووسێت کە "ڕەووشت (مۆراڵ/ ئەخلاق) دووهەمین فاکتەری بنجینەییە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسیی. لە نەبوونی ئەخلاقدا خەڵکان دەنگی خۆیان دەفرۆشنەوە. لە هەندێک وڵات دەنگ کڕدراوە و فرۆشراوەتەوە. ئایا دەتوانین بەوە بڵێین دیموکراسیی؟ ئایا ئەوە جەفەنگ نییە؟ لەبەرئەوە تا ٥١ دەرسەدی دانیشتووان بە ڕوونیی پشتگیریی لە پرینسیپی ئەخلاق نەکەن، هیچ شانسێک بۆ هەبوونی دیموکراسیی نابێت. کاتێک کە خەڵکانی ناوابەستە بە ئەخلاق لە زۆربایەتییدا بن، ئەوا سەرکردەکان پێداویستیانە لە ناو ئەواندا دەبن ".

> **تا دێت سیاسەت زیاتر و زیاتر نەک هەر دەچێتە هەموو ماڵێک بەڵکو دەچێتە ژووری نووستنیشەوە. ئەوە یەکێکە لە دەستکەوتە شاینباسەکانی ئەم ساڵانەی دوایی سیاسەت**

ڕۆبەرت ماک چێسنەی (Robert Waterman McChesney) لە دایکبووی ١٩٥٢ کە ئێستا پلەی پرۆفێسۆری هەیە، یەکێکە لەو کەسانەی کۆمەکێکی زۆری بە ڕوونکردنەوە لە پرسی دیموکراتیی، مافی هاووڵاتیی و کۆسپەکانی ڕێگای هۆشیاریی سیاسییدا کردووە، و ئاماژەی گرینگ بە خودی سەرمایەداریی وەکوو سەرچاوەی کۆسپ و نەگەرە لە ڕێگای دیموکراسیی و ماف و ئازادییەکاندا، دەکات. لە زۆر شوێن، بۆ نموونە لە (Rich Media, Poor Democracy: Communication Politics in Dubious Times (١٩٩٩)) باس لە دیموکراسیی بەشدارییانە دەکات کە بە ڕای ئەو لانی کەم سێ خاڵی گرینگ پێداویستن، لەوانە کە هاووڵاتیان لە هەبوونی سەرمایە و داهات و خاوەندارییەتییدا بە درشتیی یەکسان بن، کە هەستیی هاوبەشیی و هاوکۆمەڵگایی لە نێوان تاکەکاندا هەبێت و کە سیستەمێکی چالاک و کاریگەریی کۆمیونیکاسیۆن (پێوەندیی) بۆ چالاککردن و هاندانی هۆشیاریی هاووڵاتیان و بەشدارییکردنیان لە سیاسەتدا، هەبێت.

بێئەژمارن ئەو ڕووناکبیر و نووسەرانەی کە لە ڕووانگەی چینایەتی و هاووڵاتیی گێتیانە و (ئیونیوڤێرساڵ) ڕەووشتی باڵا بۆ بەرپرسیاریی سیاسیی لە سیاسەت ڕوانیووە و دەڕووانن. سەرئەنجامی کاری ماندوونەناس و بێمانەندی ئەوانە کە تا دێت سیاسەت زیاتر و زیاتر نەک هەر دەچێتە هەموو ماڵێک بەڵکو دەچێتە ژووری نووستنیشەوە. ئەوە یەکێکە لە دەستکەوتە شاینباسەکانی ئەم ساڵانەی دوایی سیاسەت.

ڤیلهێلم موباری **Vilhelm Moberg** لە ساڵی ١٩٦٤ دا ڕۆمانی "ژنی پیاو **Mans kvinna**" ی لە چاپ دا. موباری خۆی ئەو ڕۆمانە بە یەکێک لە هەرە خۆشەویسترینەکانی خۆی دادەنێت و بە قسەی خۆی بە پێنج هەفتە تەواوی کردووە. لەو ڕۆمانەدا موباری ژنێک لە قەفەسی ژنبوونی نەریتیی ڕزگار دەکات. دەبینین کە بە پێنج هەفتە خانم "مێریت" لە ژنێکی نەریتیی ملکەچ بە کۆمەڵێک قەیدوبەندی کۆمەڵایەتیی خۆ ڕزگار دەکات و لەگەڵ ئەو پیاوەدا دەڕوات کە کەوتووەتە داوی خۆشەویستییەوە. ڕەنگە یەکێک بێت لە باشترین ئەو کتێبانەی کە پیاوێک وەکوو دیاری بە خۆشەویستێکی خۆی بدات، چون لەگەڵ کتێبەکەدا ڕێزگرتن لە باوەڕی جیاواز و لە ئازادیی ئەوی دیکە بۆ هەڵبژاردن، دەدرێت. لە دێڕە نەبینراوەکانی ڕۆمانەکەدا خوێنەر دەتوانێت شانازیی و بەخۆباوەڕیی موباری ببینێت و تێ دەگات موباری چۆن سەبارەت بە ترس، سوننەتی باو، شکاندنی فەزای داسەپێنراو و بڕیاردان بۆ هەڵبژاردنی ئازاد، بیر دەکاتەوە.

**هەر یەکە و پاسەوانی خۆشگوزەرانیی خۆیەتی، بۆ جەستە و ڕۆح و گیان**

موباری نووسەرێکی گەورەی سوێدیە و خاوەنی شاکاری نەمرە. بەڵام موباری ڕۆشنبیرێکی سیاسییش بوو. هەمان ساڵ کە ڕۆمانی "ژنی پیاو" ی نووسی، وتاری "دیموکراتور" یشی نووسیوە و لە ڕۆژنامەی "**Dagens Nyheter**" دا بڵاوی کردوەتەوە. موباری وشەی "دیموکراتیور" لە بری "دیموکراسیی" بەکار دەبات.

موباری دەڵێت "من ئەوە ناسەلمێنم کە خەڵکان لەبەر خاتری دەوڵەتێک دروست کرابن، جا با هەر دەوڵەتێکیش بێت. من لەو باوەڕەدام کە دەوڵەتگەل لەبەر خاتری مرۆڤ دروست کراون. من پێموایە کە دەوڵەتی سوێدی ئێمە لە بەر خاتری هاووڵاتیان دروست کراوە و دەبێت [لە بەر خاتری هاووڵاتیان] بە بەردەوامیی دروست بکرێتەوە - لە پێناوی فەراهەمکردنی زەمینەیەکی ئازاددا بۆ هەڵگەلی ژیان بۆ دانیشتووان".

باسکردنی بناخەی دیموکراسیی و پێکهاتەکانی، میکانیزمگەلی وەگەڕخستن و لە ژیانداهێنتنەوەی و هەروەها ئاماژەکردن بە لایەنە لاوازەکانی، و هەوڵدان بۆ چارەسەریان باسی چڕ و پڕ و هەمەلایەنە دەخوازێت. لایەنێکی گرینگی دیموکراسیی، پاراستنی دۆخی ئازادیی و پارێزگاریکردن لە سفاری ئازادییە، لانی کەم لەو مانایەدا کە ئاکەکەس، باوەجودی شێوە و ڕەگەز و ڕووخسار و ڕەنگ و هەر شتێکی دیکە، دەبێت بۆی هەبێت لە دیالۆگ و لە بڕیاردا بەشدار بێت، واتە سیاسەت سەبارەت بە هەموو "ئەو" ێک بۆ هەمووان بێت. "تەنها ئازادییەک کە شایستەی ناوەکەی خۆی بێت، ئەو ئازادیەیە کە ئێمە بە پێی خۆمان وەدووی باشترین دەستکەوت بۆ ژیانی خۆمان بکەوین، تا ئەو جێیەی خۆشگوزەرانیی ئەوانی دیکە تێک نەدەین و لە ڕێگایاندا بۆ گەیشتن بە ئەوێندەری نەبین بە کۆسپ. هەر یەکە و پاسەوانی خۆشگوزەرانیی خۆیەتی، بۆ جەستە و ڕۆح و گیان". جۆن ستیوارت میل لە "سەبارەت بە ئازادیی **On Liberty**". موباری دەڵێت ئەو فەرمایشتەی سەرەوەی میل سەد ساڵ کۆنە و کاتێک جۆن ستیوارت میل لە ساڵی ١٨٥٩ دا ئەوەی گوتووە کە هێشتا ئازادیی جێی باس بوو و لەبەرئەوە ناهەقی نییە کاجوویی لە سەر بکات.

موباری مەبەستی ئەوەیە کە پاش سەد زیاتر ساڵ پاش میل دەبێت چاوەڕووانی زیاترمان هەبێت. کە باس لە ئازادیی دەکردرێت، هەر بە تەنها بە مانای ئازادییە سیاسییەکان و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان نا، بەڵکو هەروەها ئازادیی ئابووریی لە مانای هەبوونی کار، بیمەی گشتیی، لەوانە بیمەی تەندروستیی و چاوەدێریی و خۆشگوزرانیی. ئازادیی هاووڵاتیبوون هەروەها لە مانای هەبوونی زەمینەی لەبار و گونجاو و ڕەخساو بۆ گەیشتن بە پلەوەمقامی سیاسیی کە دیارە لە ناو سیاسەتی قۆرخکراودا مەحاڵە. بۆیە وەبیرمان دەهێنێتەوە کە "ئیدیاکان تەنها لەبەرئەوەی هەندێک لە لایەنگرانیان لەگەڵیان ناپاک دەبن، ناگۆڕدرێن. هەر بەو شێوەیەش بیرە بنەڕەتیەکانی دیموکراسیش." ..............

# کۆنسێپتی نوێ- کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی و خۆسەری دیموکراسی



هاڤین گۆنسەر
لە ئینگلیزیەوە نیاز حامید

لە راستیدا پێویست دەکات بڵێم کە ئەو کۆنفراسە بە جڤینێکی گەورە دەستی پێکرد. تەنها کردەی هەڵسەنگاندن وشرۆڤەکردنەکان کە قسەکەران ئەنجامیاندا گەورە نییە، بەڵکو ئەو پاشخانە فیکرییە ناوازەیە، وای لەمن کرد، بەبێ دوو دڵی قسەکانم بکەم. کاتێ یەکەمجار بیرۆکەی بەستنی ئەو کۆنفراسەیەمان هەبوو، خەڵکی زۆرمان نەبوو گوێیان لە مۆدێلی یا پارادیگمای ئەلتەرناتیڤی گەلی کورد وهەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی بووبێ یا گفتوگۆی لەسەر کردبێت، بگرێ، بەڵام ئێستا لە ناکاو کە ئەگەر کەسێک گوێی لە ناوی شاری،کۆبانێ، نەبوو بێت، ئیمڕۆ شاهێدی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕیین، بەتایبەتی بەلای هەندێک کە باوەڕییان نەبوو کە شۆڕش رووبدات بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی ناڤین و بەتایبەتریش لە ناو کوردستان. دیارە ئەمەش ئەگەر بۆ رابوردووی کوبانێ یا کوردستانی «سوریا» بە شێوەیەکی گشتی نادیدە بگرین، دەبێ سیفەتی موعجیزەی بەسەر ئەو شۆڕشەدا بسەپێنین.

دەمەوێ ئیمڕۆ بە قووڵی سەیری رووداني ئەو موعجیزەیە بکەین، دیارە ئەمە موعجیزە نییە، بەڵکو ئەوا تێڕوانینی ژیانی ئازادە کە کورد و ئەڤگەری ئازادی و عەبدوڵڵا ئۆجالان لە ٤٠ ساڵی رابوردوودا خەباتیان بۆ کردووە. ئەم تێڕوانینە بۆ ژیانێکی ئازاد هەروا هاسان نەبوو تا ببێ بە واقیع. وەڵامی ئەم پرسە ساڵانە بەردەوامە. عەبدوڵڵا ئۆجالان لە سەرەتای هەفتاکاندا لەگەڵ هەڤاڵەکانی بە پاشخانی فیکری مارکسی- لینینی دەستیان پێکرد. لە ١٩٧٨ پەکەکەیان دامەزراند بە فیکر و ئێرامانی مارکسی- لینینی بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو. خاڵی جیاکەرەوەی ئەم بزاڤە کە کوردستان داگیرکراوە» هەروەها ژنی ئازادیش سنورە تەقلیدییەکانی تێپەڕاند و لەو بزاڤە جێگە دەگرێت.

با هۆکارەکانی پرسی کورد ریز بکەم کە بۆچی جیاوازەو نمونەی نییە:

١- کوردستان دابەشکراوە بە گوێرەی پەیمانێکی نێودەوڵەتی ، نکۆڵی لە بوونی دەکرێت.

٢- هەر لە دابەشکردنیەوە بۆ چوار پارچە، دووان لەو پارچانە، تورکیا و ئێران، هەژموونی گەورەیان لەسەر جیهان هەیە، وایکرد کە بۆ پارچەیەک لەو چوار پارچەیە چارەسەریی ئەستەم بێت، بێ یەکگرتنی هەر چواریان.

٣- ستراکچەری فیودالی لە کۆمەڵگای کوردەواری وایکرد هاوکاری ناوەندبێت و ئەمەش کەرەستەیەکی گەورەیە بۆ کۆنترۆلی کۆمەڵگا و خستنە خزمەتی ناوەند.

> **هەموو هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان دەیانەوێت بزاڤی کوردان کۆنترۆڵ بکەن و یەکێکیان دژی ئەوی دیکە بەکاربەن**

٤- جا بۆیە هەر بزاڤێک کە هەوڵی بۆ مافەکانی کوردان دەدا یا لە دەسپێکدا لەناو دەدرا، یاخود دەخرا ژێر کۆنترۆڵ و، لە رۆڵی سەرەکی خۆی لادەدرا. ئەو هۆکارانە بۆ گواستنەوەی ئەو بزاڤە کە ئۆجالان وەک ستراتیژی سەرەکی پەکەکە دایمەزراند دەکرێت وەک لەخوارەوە کۆیبکەینەوە:

١- هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە کە ئاماژەی پێکراوە، قورساییەکی زۆر گەورەی بۆ پەکەکە دورستکرد، چونکە خەڵکی کورد گەیشتبوونە خاڵی دابڕان و ئاسمیلاسیۆن. لێرەوە ئۆجالان گەیشتە ئەو قەناعەتە کە سیستەم چۆن هەژمونێکی لەسەر کەلتور داناوە.

٢- بە هۆی ئەوەی کوردستان کۆلۆنی نێودەوڵەتییە، گفتوگۆ سەبارەت بە چۆنیەتی وابەستەیی و سەربەخۆیی چ مانایەک لە راستیدا دەبەخشێت. هەموو هێزە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان دەیانەوێت بزاڤی کوردان کۆنترۆڵ بکەن و یەکێکیان دژی ئەوی دیکە بەکاربەن بۆ بەهێزکردنی سیاسەتەکانی خۆیان. ئەم سیاسەتانەش وەک لە یەکێتی سۆڤیەت و هێزەکانی دیکە پەیڕەویان لێدەکرد.

٣- ٤٠ ساڵ لەخەباتی ئۆجالان و پەکەکە تەنها تەیانتوانی هەڵسەنگاندن بۆ سۆسیالیزمی بونیادنراو و فێمینیست، تەتەوەیی ئازاد و بزاڤە ئەلتەرناتیڤەکان بکەن، لێ توانیان

هەڵسەنگاندن بۆ حاڵی خۆیان بکەن و بزانن و تێبگەن چ هەڵەیەک روویداوە، بۆچی هەموو هەمان سیستەمیان دووبارە کردۆتەوە؟.

٤- لە دوای ١٩٩٠ ئۆجالان هەوڵیدا هەندێ ریفۆرم لە ناو پەکەکە بکات، تا بێنەوە لەگەڵ سۆسیالیستی راستەقینە و سێنتەرالیزم»ناوەندێتی»، بشکێنێت و بیرۆکراسیەت لە ناو پەکەکە نەهێلێت. لە ١٩٩٣ هەوڵیدا چارەسەریی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بۆ پرسی کورد بدۆزێتەوە. کاتێ هاتە ئەوروپا لە ١٩٩٨، ئەوروپا هەموو هەوڵەکانی ئۆجالانی بۆ چارەسەری پرسی کورد رەتکردەوە. ئەم هەوڵە بۆ چارەسەریی بە تراژیدیاک کۆتایی هات کاتێ لە کینیا فرێنرا لە پرۆسەیەکی ناتۆدا.

هەموو ئاماژەکان بۆ ئۆجالان وا دەگەیەنن کە هەندێ شت هەڵەی گەورە کراوە. ئەو تەنها کێشەکەی لە روانگەی شۆرشڤانی راست و دورست نەدەبینی، بەڵکو لە روانگەی شرۆڤەکانی، ستراتیژ و تاکتیکەکانی دەدەی.

بۆیە ئەو وای بۆ دەچوو:

١- مەنهەجیەتی کێشەکە: ئۆجالان گەیشتبووە ئەو راستییە چەکی ئایدیالۆژیا زۆر باشتر کاریگەری دادەنێت لەسەر سیستەم، وەک لە بەکاربردنی چەک بە فیزیکی. تێگەیشتن لە حازری کۆمەڵگا و ژن لە سەر بناخەی تێگەیشتن لە رابوردوودا دەبێت، رابوردووی تۆمارکراو کە یا باش تۆمار نەکراوە یا لە ناوچووە. ئەمەش سیستەم تاکلایەنە مۆنۆپۆلی ئەو رابوردووەی سەبارەت بە خەڵک و ژن کردووە و بەئەواوی کۆنترۆڵی کردووە و راستییەکانی شاردۆتەوە. کێشەی مەنهەجیەتی و رێبازی تایبەت خۆی لە تاقیکردنەوە و چەند و چۆنی دەبینێتەوە.

٢- داستان ، ئایین، فەلسەفە و زانستی پۆزەتیڤ لەگەڵ مێژووی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریی یەکانگیر دەبن، بۆیە یەکێک ئەوەی دیکە دەپارێزێت.

٣- لایەنی پۆزەتیڤی جڤاک و رێچکەی هەماهەنگیەکەی، بەتایبەتی گەشەی سروشتی کە لە جڤاکی سەرەتایی، کۆیلایەتی تا فیوداڵی و تا دەگاتە سەرمایەداری رەخنەی توندی لێگیراوە. پەیوەست بە ئۆجالان جڤاک و دەسەڵاتدارانی(نوخبەی حاکم- و) وەک یەک نابینێت، بەڵکو جیا سەیریان دەکات.

٤- شیکردنەوە بۆ پراکتیزەکردنی بزاڤێکی ئەلتەرناتیڤ وای دەستنیشان کرد ، ئیدی ژیانی ئازاد بە بەکاربردنی هەمان کەرەستەی کۆن ئاوا نابێت، بە کاربردنی جڤاک، ژن، سروشت و هەموو ئەوانی دیکە وەک کۆیلە، چێ نابێت. بۆ ئەمە دەبێت هێز و ستراکچەری بزاڤەکە بگۆردرێت.

**«سۆسیولۆژی ئازاد». شیکردنەوەی بۆ شارستانی دیموکراسی لەسەر بناخەیەک کردووە کە ناوی ناوە» مۆڕاڵ و جڤاکی سیاسی**

٥- تەنها سەرمایەداری بە تاقی تەنیا نییە لە چەسپاندنی مۆدێلی باوکسالاریی کە ٥٠٠٠ ساڵە بەردەوامە، بەڵام سیستەمی بەڕێوەبردراو لەو ٥٠٠ ساڵەی رابوردوو زیاتر مۆری خۆی لێداوە. بۆیە ئۆجالان گەیشتە ئەو باوەڕییە کە خەلەلەکە لە خودی سەرمایەدارییە، ئەمەش وای لێکردین کە بگەینە ئەوە کە لەدەرەوەی سەرمایەداری و فۆرمی باوکسالاریی ژیان هەیە. ئۆجالان قوڵتر بۆی چوو، بۆ قوڵایی دیرۆکی جڤاک. شارستانیی دیموکراتیک ئۆجالان بەشداریی لە رەخنەگرتن لە مۆدێرنێتەی سەمایەداری کرد. بۆ ژیان و خەباتی هەموو ئەوانەی دەرەوەی سیستەم بە تایبەتی ژن، خەڵک، کەلتور و کرێکاران لە ژێر دەستەواژەی ‹ شارستانی دیموکراتی› جێگەی پێداون. ناوی لە سۆسیالزمی زانستی کە گەشە بە ئازادییەکان دەدات بە ‹سۆسیولۆژی ئازاد›. شیکردنەوەی بۆ شارستانی دیموکراسی لەسەر بناخەیەک کردووە کە ناوی ناوە› مۆڕاڵ و جڤاکی سیاسی› یا جڤاکی دیموکراسی کە ڤێرژنی هەرە لە پێشی دیرۆکی جڤاکە. ئەو کۆمەڵێک مۆدێلی جیاجیا پەیوەست بە کایەی جڤاک دەبینێت کە گەشەیان کردووە کە ئیستا جێگای باس نییە:

١- یەکەی هەر ناودار لە دەسەڵاتداریی، بە ناوی دەوڵەت- نەتەوە. لە مێژووی ئەو مۆدێلە کە تاقیکراوەتەوە

پڕیەتی لە کێشە لە بیناکردن، وێرانکردن و جیابوونەوە. ئامانجی سەرەکی برینییە لە شاردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتی دەوڵەت. لە جیاتی ئاشکراکردنی کێشەکانی جڤاک بە درێژایی مێژوو، هەڵدەستێت بە شاردنەوە و قوڵکردنەوەیان.

**بەبناخە وەرگرتنی ئۆجالان، مۆڕال و جڤاکی سیاسی، بۆ ئەو مۆدێلە، پەیوەندی نێوان ئازادی و مۆڕاڵ و ئازادی و سیاسەت ڕەسمکرد**

٢- لە لایەکی دیکەوە، بۆ دەسپێکی شرۆڤە مارکسیزم لە خاڵی ئابوری دەستپێدەکات . مارکسیزم خۆی وا فۆرمەڵە دەکات کە ئەلتەرناتیڤی بۆ ئەو سیستەمە پێیە. هەڵبژاردنی جۆری کار و ئابوری سەرمایەداریی وەک بناخەی مۆدێلی ئاقیکراوە لە مێژوو و ناو جڤاک دادەنێت. بەڵام ئەم نزیکایەتییە کۆمەڵێک ئیشکالیەتی هەیە وەک لە پێناسەی کار، هەندێ شت کە دواتر لە مەڕ فێمێنیزم ڕەخنەی لێگیرا. بەبناخە وەرگرتنی ئۆجالان، مۆڕال و جڤاکی سیاسی، بۆ ئەو مۆدێلە، پەیوەندی نێوان ئازادی و مۆڕاڵ و ئازادی و سیاسەت ڕەسمکرد. لە پێناو گەورەترکردن و فرەوانکردنی رووبەریی ئازادیی، مۆڕال وەک خاڵی کۆکەرەوە لە نێوان جڤاک و سیاسەت بوونی پێویستە هەبێت و باڵ بەسەریدا بکێشێت. مۆڕال و جڤاکی سیاسی سروشتی سنائۆی جڤاکە، گەندەڵ نابێت بە دەسەڵاتی هەرەمی و پاوانخوازیی. هەروەک دەقە ئاینیەکان، ئەوانیش دووپاتی مۆڕال دەکەنەوە، ئەوانیش لایەنی سیاسی بۆ جڤاک لە دەوڵەتدا بە گرنگتر دەزان لە تاک. بورژوای لیبراڵ ئەوان هەمیشە لە شەڕێکی کراوەدان لە دژی جڤاکی سیاسین. لیبرالیزم دژی ئایدیۆلۆژیا و بە پراکتیزەکردنی سۆسیالیسنین. تاک لە ناو دەوڵەت لە دژی شەڕی جڤاک بەکاردەبەن، ئەمەش بە گوێرەی ئەوەی دەوڵەت چەندە بەهێزە. ئۆجالان گەیشتە ئەو باوەڕییە کە کۆیلایەتی بەرهەمی بەکاربردنی هێز و داگیرکردنی ئابورییەوە بووە. لەسەری سەرووەی هەرەمەکە هێز و دەسەڵاتداریی بیناکراوە. بۆیە ئەو وای دەبینێت ئەگەر بە پراکتیک فریای ئەو جڤاکە نەکەوین ، دادەڕمێت.

بۆیە ئۆجالان بناخەی بۆ شارستانی دیموکراسیەکەی ئاوا داناوە:

أ- ژنی ئازاد، پێویستە شارستانی دیموکراسی تایبەتمەندی فێمێنیستی هەبێت، ئەو وا دەڵێت. وەک ماریا مایس دەڵێت؛ ژن یەکەم نەتەوەیە و داگیرکار دواتر. یەکێک لە کەموکورییەکانی سۆسیالیزم، لە پێناسەکردنی کارە، هەمانکات کار بەپلەی یەکەم پێناسە دەکات. ئەمەش لە چۆنیەتی شرۆڤەکردنی نەدانی کرێ بە ژنان و خەڵکی و ئیستغلالکردنی سروشتە، ئەمەش هەمووی لە سەرمایەداریدا کۆدەبێتەوە. تا ئەمانە بە ویستی مرۆڤەکان نەبێت ئیدی بە زۆر و بەکاربردنی توندو تیژی دەبێت، کە ئەمانەش هەڵسوکەوتی هاوبەشی هەموو سیستەمە داگیرکارییەکانە. ئەمەش هەمان پەیوەندییە لە نێوان ژن و پیاودا، کە پەیوەندیی داگیرکارییە. ئەم راستییەش چەواشە دەکرێت بەوەی کە مافی تایبەتی کەسییە و دەپارێزرێت بە بەکاربردنی سۆز و خۆشەویستی. بۆیە پێویستە سەر لە نوێ ئەو پەیوەندییە پێناسە بکرێتەوە. نە دەوڵەت و نە هیچ دەسەڵاتدارییەک ناگاتە چارەسەریی تا تاک بەتاک یا هەمویان نەگەنە ئەو باوەڕییە کە ئەو سیستەمە بۆ ژیانیان ئازار بەخشە.

ب- شارستانی دیموکراسی پێویستە لە سەر بناخەی پیشەسازی ژینگەیی ئاوابێت. ئەمەش لۆژیکێکە لە ناوچە و رووبەرێکی ئاڵۆزدایە، چونکە جیاوازی هەیە لە چۆنیەتی شێوازی ژیانماندا.

ت- شارستانی دیموکراسی پێویستە گەشە بدات بە تێگەیشتنی خۆی لە مەڕ خۆپاراستن. بەکاربردنی هێز تەنها مۆنۆپۆڵ کراوە بەدەست دەوڵەت و دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی مۆڕال و جڤاکی سیاسی بێ پاراستن بهێڵنەوە. هەر هەوڵێکی جڤاک بۆ خۆپاراستن، پێناسەی تیرۆریستی وتاوانباری بەسەردادەسەپێنن. بەڵام لە لایەکی دیکەوەش بەشی هەرە زۆری ئەو خەباتە بۆ ئازادیی بە بەکاربردنی هێز سەرکەوتنیان نەهێنا. ئەم خۆپارێزیە پێویستە بە رەگی گژوگیاکانەوە ببەسترێتەوە هەمووی بگرێتەوە نەک تەنها گروپێکی پرۆفیشنال بەتەنیایی.

ث- لە کۆتاییدا، ئابوری شارستانی دیموکراسی، ئابوری کۆمینەیە. ئابوری تاک بە تەواوی بە ئابوری دەوڵەت بەستراوەتەوە، بۆ هەموو پێداویستییەکانیان پێویستیان بە دەوڵەت دەبێت. خانوو، خواردن، خوێندنگا و هەر شتێک کە پێداویستی تاکەکان بێت. بۆیە گەڕانەوەی تاک بۆ دابینکردنی پێداویستنەکانی بۆ جڤاک و کۆمینە رێگا دەگرێت بۆ دووبارەکردنەوەی ئالیەتەکانی سەرمایەداری بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان. مۆدێرنێتەی دیموکراسی.... دواجار، مۆدێرنێتەی دیموکراسی چییە؟ عەبدوڵڵا ئۆجالان دەڵێت: منیش لەویەوە دەیگوازمەوە: من دۆزەرەوەو دانەری مۆدێرنێتەی دیموکراسی نیم. تەنها مۆدێرنێتە ناوێکە بەسەر سەرمایەداریدا بڕاوە، ئەوا ٤٠٠ ساڵێک دەبێت بەسەر شارستانیی کلاسیکدا ئێپەڕدەبێت، دەکرێت وا بیربکرێتەوە کە ئەو ناوە بۆ ئەو ٤٠٠ ساڵەی شارستانی دیموکراسیەدا بێت. رەهەندەکانی مۆدێرنێتەی دیموکراسی:

١- مۆڕال و جڤاکی سیاسی.
٢- پیشەسازی ژینگە.
٣- کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی.

کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی: خۆسەری دیموکراتی لە ئاستی هەرێمی، دواتر هەموویان بەیەکەوە لە ئاستی گشتی کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی پێک دێت. کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی ئەلتەرناتیڤی سیاسیی دەوڵەت- نەتەوەیە و لەسەر ئەو بناخانە ئاوا دەبێت:

١- نەتەوەی دیموکراتیک.
٢- سیاسەتی دیموکراسی.
٣- خۆپاراستن. کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی خۆی سنوردار ناکات و خۆشی نابەستێتەوە بە سنورێک بەڵکو سنورەکان دەربازدەکات، کۆنفیدرالیزمە لەسەر بناخەی ویستی جڤاکە جیاجیاکان. لێرە هەر جڤاکێک، نەتەوە، کەلتور، ئاین و رێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی، یەکەی ئابوری سەربەخۆ خۆ بەخۆ بەڕێوەدەبات و وەک یەکەیەکی سیاسی و نوێنەرایەتی خۆی دەکات. گرنگترین بڕگەیەک برینیە کە ئەو یەکە سیاسییە، توانای هەیە بڕیاری ئازادانەی خۆی بدات و مافی بڕیاردانی هەیە. کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی کراوەیە بۆ چەند چینی جیاجیا لە فۆرمی سیاسی. هەردوو ئاسۆیی و ستونی فۆرمی سیاسی بە گوێرەی ستراکچەری ئاوابووی پێویستی بە ئامادەگی رۆژانەی لە ناو جڤاکدا هەیە. کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی پەیوەندییەکانی ناوەند، خۆجێی و هەرێمیی فۆرمی سیاسی بە هاوسەنگی دەپارێزێت. ئەم چەمکانە زیاتر لەلایەن قسەکەری دیکە لەم کۆنفراسەدا باسی لێوەدەکرێت. پێویست دەکات بگەڕێنەوە بۆ مۆڕال و لایەنی سیاسەتی جڤاک. بەشی زۆر رووناکبیران لە زانکۆکان گیربوونە، پێویستە ئەوانیش بگەڕێنەوە. یاسا شوێنی مۆڕالی گرتۆتەوە. لەلایەکی دیکەوە سیاسەت ئیدارەی بیرۆکراسی لە دەوڵەت - نەتەوە لە ژێر ناوی پەرلەمانیی پێدەدرێت. دواتر لە پێناو بەردەوامبوونی سەرمایەداری و کۆبوونەوەی هێز و دەسەڵات لە شوێنێک و هەرەمی دەسەڵات بوەستێنرێت پێویست دەکات، ستراکچەری کۆنفیدرالیزمی دیموکراسی ئاوابکەین، بۆ جڤاکێک کە جڤاکی دیموکراست، ژینگەیی و ئازادی جێندەر تێدا فەراهەم بکرێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، هەندێ شت هەیە بۆ کردن وەک :

ا- ئەرکەکانی رووناکبیریی و فێرکردن.
ب- فێرکردنی پیاوان.
ج- ئابوری ، پیشەسازی ژینگەیی.
د- خێزان، پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو.
ث- خۆپاراستن.
پ- کەلتور و جوانی هونەر.
س- هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتداریی و ستراکچەری هەرەمیی.

وەک دەرئەنجام وای دەبینین کە ٩٩٪ وەک داڤید بۆی چووە، دەبێت خەبات بکەین و بگەین بە ژیانێکی ئازاد، پێویستییەکە بۆ ئەوەی گەشە بە دیدە جیاجیاکان بدەین بۆ دەستنبەرکردنی ژیانێکی دیکەی باشتر لەو ژیانەی کە سەرمایەداری بەرهەمی هێناوە کە مرۆڤ وا لێدەکات هەموو شتێکی هەبێت و بۆ ئەوەش دەبێت پارەی هەبێت، ئێمە دەمانەوێت ژیانێکی دیکە پڕ لە بەرهەم کە تیایدا چالاکییە ئابورییەکان و گەڕان بەدوای راستیدا ببێ بە ناوەندی ژیان لە جڤاک. لە کۆتاییدا دەنگم دەخەمە پاڵ هەموو ئەوانەی ئاواتیان خواست کە بۆ کۆنفراسی ئایندە، ئۆجالان لە نێوانماندا بێت و بەشداریمان بکات لە شرۆڤە و شیکاری زیاتر بە قوڵی فیکری ئەو بکەین.

هاڤین گۆسنەر: ئەندازیارێکە، رۆژنامەوانە، چالاکوانی مافەکانی ژنانە، یەکێکە لەو زمانحاڵانەی بانگوازی نێونەتەوەیی ئازادی بۆ ئۆجالان - ئاشتی بۆ کوردستان و کۆمەڵێک کتێبی ئۆجالان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی جیاجیا.

# بنەچەی ڕۆژی یەکی ئایار لە کوێوە هاتووە؟



ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ
لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئارمان

هرزی کامەرانی وەک یەک جەژن و پشووی پرۆلیتاری، بە پێناس و وەسیلەی جێبەجێ کردنی ٨ سەعات کار لە ڕۆژێکدا یەکەمین جار لە ئوسترالیا لە دایک بوو. کرێکارانی ئوسترالیا لە ساڵی ١٨٥٦ بە کۆمەڵ بڕیارییان دا یەک ڕۆژ کار رابگرن و کۆبوونەوە و مەراسیم بەرێبخەن لە پێناوی چەسپاندنی ٨ سەعات کار لە ڕۆژێک دا. ئەم ڕۆژەی ئەو مەراسیمەیان تیایدا بەرپاکرد ٢١ ی ئەپریل بوو. لە سەرەتادا کرێکارانی ئوسترالیا بە تەنها ساڵی ١٨٥٦ یان لە بەر چاو گرتبوو، بەڵام مەراسیمی یەکەمین ساڵ کاریگەری گرنگی دانا لە سەر جەماوەری پرۆلیتاریای ئوسترالیا، کە بە شوێنێک گەیشت بوو بە وروژانێکی دیار و نوێ، بۆیە بڕیارییاندا هەموو ساڵێک دووبارە مەراسیم بگێڕن.

لە ڕاستی دا چ شتێک ئەو ئازایەتییە مەزنەی دا بە کرێکاران کە باوەڕ بە هێزی خۆیان بکەن و هەروەها ڕێککەوتن نامەیەکی کاری جەماوەری بە خۆیان هەڵبژێرن؟ چ شتێک توانی ئەم ئازایەتییە بە کۆیلانی دەستی کارگە و کارخانەکان بدات بۆ بانگەوازکردنی سوپای خۆیان؟ بەوشێوەیە ئیدی مەراسیمی پرۆلیتاری بەخێرایی قەبووڵ کرا، لە ئوسترالیا دەستی پێکرد و بڵاوبۆوە بۆ وڵاتانی تر سەرەنجام ئەواوی پرۆلیتاریای جیهانی گرتەوە.

یەکەمین نموونە کە بە دوای کرێکارانی ئوسترالیا دا بەڕێوەچوو، کرێکارانی ئەمریکایی بوون. لە ساڵی ١٨٨٦ دا ئەوان باوەڕیان وابوو (١)ی ئایار ببێت بە ڕۆژی راگرتنی کار لە جیهاندا. لەم ڕۆژەدا ٢٠٠ هەزار کرێکار دەستیان لە کار کێشایەوە و داخوازی (٨) سەعات کار یان لە ڕۆژێکدا بەرزکردەوە. دواتر دەسەڵاتداران ڕێگری یاسایی و پۆلیسی یان دانا بۆ قەدەغەکردنی کرێکاران بۆ چەندین ساڵ بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی {ئەم قەبارەیە} لە خۆپیشاندان. هەروەها لە ساڵی ١٨٨٨ دا ئەوان سەرلەنوێ بڕیارییان دا و سووربوون کە مەراسیمی داهاتوو ئەبێت لە ١ی ئایاری ١٨٩٠ دا بێت.

لەوسەردەمەدا بزووتنەوەی کرێکاران لە ئەوروپا گەشەی بەهێزترو گورج و گۆڵ تر بوو. بە هێزترین نموونەی ئەم بزووتنەوەیە کۆنگرەی کرێکارانی ئەنتەرناسیونال بوو لە ساڵی






١٨٨٩دا. لەم کۆنگرەیەدا، کە ٤٠٠ کەس لە نوێنەری کرێکاران ئامادەبوون و بڕیاریان دا ٨ سەعات کار لە ڕۆژێکدا یەکەمین داخوازی یان بێت. لە سەرووی هەموویانەوە نوێنەرانی یەکێتی یە کرێکارییەکانی فەرەنسا، کرێکاری لاڤین Lavigne لە بڕۆدۆ Bordeaux ، داواکاری ئەوە بوون ئەم داخوازی یە ببێتە داخوازی کرێکارانی تەواوی وڵاتان و بەرزبێتەوە بۆ وەستانی کار لە سەرانسەری جیهان. نوێنەرانی کرێکارانی ئەمریکا بانگێشەی هاورێیانیان کرد بۆ مانگرتن لە ١ی ئایاردا لە ساڵی ١٨٩٠دا. کۆنگرە بڕیاری دا ئەم ڕۆژە ببێتە ڕۆژی مەراسیمی پرۆلیتاریای جیهان.

لەم مەسەلەیەدا ٣٠ ساڵ بەر لە ئوسترالیا، کرێکاران لە راستی دا یەک جار خۆپیشاندانیان بەرێخست. کۆنگرە هەڵوێستی گرت کرێکارانی سەرتاسەری دونیا بە هاوپشتی لە گەڵ یەکتر لە پێناوی ٨ سەعات کار لە ڕۆژێکدا لە ١ی ئایاری ١٨٩٠ خۆپیشاندان بەرێبخەن. هیچ کەس قسەی نەکرد لە سەر پشووی ساڵانی داهاتوو. چونکە بە شێوەیەکی سروشتی

هیچ کەسێ نەیتوانی ئەم بروسکە لە ناکاوە پێشبینی بکات و کە بەم شێوەیە قەبوڵ بکرێت و بەم خێراییە لە ڕێگای چینی کرێکارانەوە بەرەو پێش بچێت. هەرچۆنێک بوو گێرانی مەراسیمی ١ی ئایار یەک جار بوو. بەڵام ئێستاکە هەموو کەس تێگەیشتووە و هەست دەکات کە ڕۆژی ١ی ئایار بوو وە بە داب و نەریتێکی ساڵانە و بەردەوامە.

یەکەمین داخوازی ١ی ئایار دەروازەیەک بوو بۆ ٨ سەعات کار لە ڕۆژێکدا. بەڵام هەتا پێش گەیشتن بەم ئامانجەش، ڕۆژی ١ی ئایاریان وازلێ نەهێنا. تا ئەو کاتەی خەباتی کرێکاران لە دژی بۆرژوازی و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەردەوام بێت، تا ئەو کاتەی بە مافەکانمان دەگەین، ڕۆژی ١ی ئایار پێوستە دەربڕینی داخوازی ساڵانەمان بێت. تاکو ڕۆژێکی باشتر شەبەق دەدا، تا ئەو کاتەی چینی کرێکاری جیهان سەردەکەوێ و رزگاری بە دەست دێنێ ئەو کاتە مرۆڤایەتی لەوانەیە مەراسیمی ڕۆژی ١ی ئایار جەژن بگرێت بۆ ڕێزلێنان لە خەباتی تاڵ و ئازاری ڕۆژانی رابردوو.



42x25x68

27 وێنەی ژنێک لە کاتی دەف ژەنیندا

سەیوان سەعیدیان خەڵکی مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستانەو ئێستاش دانیشتوی ئامەدی باکووری کوردستانە، لە کارە نوێکانیدا لە پارچە ئاسنی فڕێدراو پەیکەری جۆراوجۆر سازدەکات، هەوڵ دەدەین لەهەر ژمارەیەکدا وێنەیەک لە پەیکەرەکانی هونەرمەند بڵاوبکەینەوە.



Seywan Seidian's Sculpture
Peykerên Seywan Seidian
Seywan Seidian'in Heykelleri